www.kurdistannet.org
8-7-2003 12:17

# چێشتی مجێور

سەلام عەبدوڵڵا

وتەی زانایەکی کورد !

کێ دەڵێ کورد یەککرتوو نییە؟ کورد یەککرتووە ! ... فەرمون، لە ئەوروپادا ئەگەر رۆژێك ترافیك لایت نەبێت هەزاران کەس گیانیان لە دەست دەدەن، کە چی لە کوردستان بە دەگمەن ترافیك لایت هەیە، بەلاَم بە دەگمەن پێدادان روودەدات! !کەواتە کورد یەککرتووە !

کاکە فەتاح: فەرمودەتانە گەورەم، ئەشەگبیلا وایە !

ئینتگراتسیون ! ! ؟

دەزگا پروپاگەندەییەکانی ئەلمانیا زۆر لەبارەی خۆگونجاندن دەدوێن. داوا لە غەیری ئەلمانەکان دەکەن، خۆیان لەگەڵ باو و نەریتیان بگونجێنن! هەڵبەت من لێرە خوا نەخواستا ناڵێم لێرە دەماری شۆفێنیزم و راسیزم دەستی بالاَی هەیە یا شارستانی نین، نەخێر، بەلاَم جۆرە دوودڵییەکم هەیە بەرامبەر بەو ووشەیە، بۆیە چووم بۆ لای کاك فەتاح و پرسیارم لێ کرد: کاکە تۆ ئینتگریرت بووی؟

کاك فەتاح: چما من لە ناو کۆمەڵگاکەی خۆم ئینتگریر بووم تا لەیرە ببم! !کاکە ئەوە وشەیەکە بۆنی گێژاوەیی ئەلمان پێشاندەدات، با بڵێم وشەیەکی زۆر قەڵبەزەنە"کەم تا زۆر راسستانەیە" . . من بە رێگای خۆم دەڕۆم، بۆ جیهانی خۆم دەگەڕێم، لێرەیش کەسانی وا هەن، هەروا ئەوەی لە لای خۆمان خۆشویستووە، لێرەیش هەر ئەوەم خۆشدەوێت، ئەوەی لەوێ قیزیان هێناوم، لێرەیش بەهەمان شێوە قیزم لێیان دێتەوە !

ـ واتە جەنابتان لە گەڵ شتە باوەکانی ئێرە خۆتان ناگونجێنن ! ؟

کاك فەتاح: بۆچی خێرە؟ چاوی خۆم، من برۆم بۆ شاری کوێران چاوم ئینتگریر ناکەم ! !

**************

وتەیەکی بەرێز فەیلەسوفی کورد

مامۆستا مەسعود مەحمەد:

دز و درۆزنەکانی کوردی پەنابەر بۆ ئەوروپا، تەرەس و بێ شەرەف و ریسوای ئابرووتکێنترین گوناحی نامەردایەتین، دەبوو لە سەر پەردەی ناموسی دایك و خوشکەکانیان لوقمەی گەوادی بخۆن، دەك هەزار لەعنەت و نەفرین لە چارەی خۆیان و لە پشتاوپشتیان هەتا دەگەنە کەشتیەکەی نوح .... (لە کتێبی پەرژینی بێ دەنگی)

کاك فەتاح: وە قوروانی ئەو ئەقڵە، ئافەرین هەی مامۆستای بەرێز!

"رۆشبیرێك": مامۆستا مەبەستی هەموو پەنابەرەکان نیە، تۆ بە هەڵە لەم وتەیە تێگەشتووی!

کاك فەتاح: ئەمەش دەبێت ! !

********

تەنها بەرێکەوت !

بەرێکەوت، تەنها بەرێکەوت، لەسەردەمی جەنگ و بێکاریدا، کۆمەڵێ ئەندازیار، قاچاخچی، بێ کار، خاوەن پێشانگای ئۆتۆمبیل، قوتابی، بەرێوبەری پۆلیسی گومرگ، پێشمەرگە، مامۆستا، خاوەن گارگەی درومان، گۆرانی بێژ، فیتەرچی، دوکاندار، بەناچاری پەنایان برد بۆ بەهەشتی ئەلمانیا.

هەر هەموویان:جلوبەرگی شینیان لەبەرکرد

سەعاتی کار:١٠مارك ! ؟؟ !+/_٪$@...

کەچی یەك دوو خاوەن مروەت و شەهامەت چووبوون بۆ لای خاوەن کارەکە، پێیان وتبوو: ئێمە کرێکارت بۆ دەهێنین بە ٨ مارك.

ئەمەش تەنها هەر بە رێکەوت ! !

******

کرێکارانی جیهان یەکگرن !دەنا صەڵەوات بدەت! !

- وایە، بەڵام لە ناو کارگەیەکدا، دەسەڵاتی دیکتاتۆرییەتی کارو هەژاری لە کۆمەڵگای پۆست مۆدێرندا، کرێکاری کورد و عەرەب و ئەلمان و تورك و ئێرانی یەکخستووە" کرێکاری هەر نەتەوەیەك لە جێگایەك پشوودانی بەیانیان و نیوەڕوان بەسەر دەبەن، تەنها دوو کرێکارە بێوەیە ئێرانییەکە نەبن کە پێکەوە لە گەڵ ئێمە پشودانەکەیان بەسەر دەبەن. !

جا ئەگەر کرێکارەکان ئامادە نەبن پێکەوە جەمی خوارنەکەیان پێکەوە بخۆن، چۆن لە خەباتی یەکگرتنی چینایەتیان یەکدەگرن؟ کە ئەو بارودۆخەم بینی، نوسینێکی هونەرمەندی بەرێز کاك فەیسەل ئەللعێبی کەوتەوە بیر کە دەڵێت:" کرێکارانی جیهان صەڵەوات بدەن بەدیاری پێغەمبەر"! !

---

وتەی بەنرخ، ئەمما کەمێك جێگای گومان!

هەندازیار- بروسکە ئیبراهیم:...بیروبۆچوونی لە دەرەوە هێنراویان بە نێوی"مارکسیزم و لینینیزم"ەوە لە عەرەب و تورك و فارسەوە وەرگرتبوو...

میشێل عەفلەقی گۆربەگۆر، دامەزرێنەری حزبی فاشیستی عەرەبە نەتەوەییەکان کە شەو و رۆژ بانگەوازی ( ئازادی، یەکسانی و ژیانەوە و یەکێتی عەرەب) دەدەن، لە چەندین لاپەڕەی کتێبەکەی (لە پێناوی ژیانەوە -) و سەرۆکی نەتەوەییە عەرەبەکان (سەدام حوسێن) ی جەلاد دووبارەی وتەی ( بیروبۆچوونی لە دەرەوە هێنراویان - الافکار المستوردە) دەکەنەوە. کە هەر مەبەستیان کۆمونیستەکانە.

جا پرسیارەکەم: کێ دەمەلاسکێی کێ دەکات؟؟

*********

ئەزانن چی؟

+ ئەوە هەژدە ساڵە حزبی سەوزەکان بانگەشەی ئاشتی دەکەن کەچی ئێستا بوون بە دەهۆڵ لێدەری جەنگ، کاك فەتاح وتی: باوکم، بۆمبی سەوزەکان مرۆڤ ناکوژێت، کە دەتەقێتەوە گوڵەبەرۆژەی لێ دەردەچێت!

واتە بۆمبی ئیکۆلۆگی بە هیچ جۆرێك زیان لە سروشت نادات!لە هەمان کات لە پێناوی پاراستنی مافی مرۆڤ دەیتەقێننەوە !

++ برێك لە چەپەکانی ئەلمانیا سەرلەنوێ دروشمی ( جەنگ دژی جەنگی ئیمپریالیستی) یان هەڵگرتووە!

کاك فەتاح پرسیاری کرد لە هەندێکیان: شانەی چەکداریتان هەیە؟ چەکتان هەیە؟

تۆماس: ها، چاکەتی چی؟ ئێمە شانەی سەرمان هەیە!

کاك فەتاح: ئەی بە چی دژی جەنگی ئیمپریالیستەکان رادەوەستن؟

تۆماس: ئێمە دەبێ بیانترسێنین، هەڕەشەیان لێ بکەین، دەبێ ...چونکە ... کرۆمباغە،

کاك فەتاح: کرۆمباغە؟ کناییە؟بیانکە چۆنە؟

تۆماس وێنەیەکی گەورەی هاوڕێ جیڤارەی لە ماڵ هەڵواسیوەو وێنەیەکی لە سەر ئۆتومبیلەکەی!

کاك فەتاح: کەی ئاهەنگی سۆلیداریتێت لە گەڵ قوربانییانی مەدەنی لە سرب و بۆسنە دەگێڕن؟

تۆماس: ئێمە وەك خەڵکێکی ئینتەرناسیونالیست و شۆرشگێر، بە ئەرکی خۆمانی دەزانین بە رۆحێکی ئینتەرناسیونالیستانە ئەو ئاهەنگە بگێڕین، هیوادارم بیرەیەکی زیاتر بفرۆشین!

کاك فەتاح: کرستینە دێت بۆ ئاهەنگەکە؟

تۆماس: ئەی چۆن، ئەگەر ئەو نەیەت، کێ دێت، هاوڕێ کرستینە زۆر شۆرشگێرە، تازە لە نیکاراگوا و کوبا گەڕاوەتەوە!بەراستی کناری دەریای ئەوێ ئەفسوناویە، هەروا وتی چووم بۆ ناوچەی سیرامایسترا، منیش ئەو ناوەم بینیوە...

وێنەیەکی زۆری گرتووەو قەولە بەم زوانە دیازەکانی پێشانمان بدات ...

www.kurdistannet.org
8-7-2003 12:17

کاك فەتاح: منیش دێم، بژی شۆرش، بژی ئیمپرناسیونالیزم!

تۆماس: ئەوە سەرخۆش بویت؟

کاك فەتاح: ئەی چۆن سەرخۆش نەبم؟ کرێکاران وهەژارانی گەلان بەتەمای پشتگیری و هاوکاری ئێوە بن سەریان دەچێتە قەبری حەفتا پشتیان، حکومەتەکانتان لەلایەکەوە بە هەموو شێوەیەك پشتگیری لە حکومەتی جەلاد و شا و دیکتاتۆرەکان دەکەن و لەولاوە هەر خۆیان بە جەکێکی نوێتر بۆردومانی خەڵك دەکەن، گوایە لە پێناوی کۆمەلگای مەدەنی، مافی مرۆڤ و دیموکراتییەتە!

جەنەراڵ باب، مەحرەبا!

مانگنامەی سەکۆ (ژمارە ٣١) چەند پرسیارێکی ئاراستەی جەنەراڵ ناب سیاسەتمەداری گەورەی ئەمریکی کردووە. وڵامەکانی ئەم جەنابە موبارەکە ئەوەندە زیرەك و پر مانابوون لێیان تێنەگەیشتم ( بێ گومان کاك پێشرەویش لێی حالّی نەبووە) بۆیە ناچار بووم برۆم بۆ لای فەتەحفاڵ بۆ ئەوەی گرێ کوێرەکانی وتەکانی مستەر بابم بۆ بکاتەوە.

ـ ئەم قسەیە مانای چییە: گەلی ئەمریکا گەلی کوردی خۆش دەوێ، بەلاّم، کە دێینە سەر سیاسەت، ئەوە زۆر زەحمەتە و ئەمریکا یەکەم جار حیساب بۆ بەرژەوەندێکانی خۆی دەکا.

فەتەحفاڵ: زۆر ئاسانە، ئێ، واتە گەلی ئەمریکی گەلی کوردی تەنها بۆ ناو جێگا خۆشدەوێت، نەك لە بواری داخوازییە سیاسییەکانیان، ئەمەیان زۆر زەحمەتە!

ـ ئای لەو موقوربازە، بەراست؟ من نەزان ...نەزان!ئەی باشە، کە کاك پێشرەو پرسیاری لێ دەکات : تا چ رادەیەك جیدیەت هەیە لە سیاسەتی ئەمریکا بۆ پشتگیری کردنی مەسەلەی کورد لە کوردستانی عیراق؟ لەولاّمدا دەلێت: من لەو بروایەدام، کە گەلی ئەمریکی زۆر جیدیە. بەلاّم بۆ سیاسەتی وولاّتی ئەمریکا، ئەوە پرسیارێکی قورسە کە سیاسەتێکی بۆ هەموو کورد هەبێ ...

فەتەحفاڵ: پێشرەو پرسیاری کوردستانی عیراقی لێ دەکات، ئەو باسی هەموو کورد دەکات، پێم وایە جەنەرال ئەفەندی یا گوێی سەنگینە یا سەرخۆش بووە. منیش تێناگەم بۆچی دەلێت پرسیارەکە قورسە! چ قورساییەکی تێدایە؟ پاشان ئەگەر گەلی ئەمریکی گەلی کوردی خۆشدەوێت، بۆچی حکومەتەکەیان دەلێن قورسە؟ بۆچی حکومەتەکەیان دژی گەلی ئەمریکین؟ ببورە گرێی ئەم ولاّمەم پێ ناکرێتەوە!

ـ لە ولاّمی پرسیاری دووهەم باسی فۆرمێکی فیدرالّی دەکات و لە ولاّمی پرسیاری پێنجەم لە "چارەسەرکردنی کێشەی کوردەکان لە ناو دەولّەتی عیراق، ناوچەیەکی ئۆتۆنومیان هەبێ" دەکات.

فەتەحفاڵ: لێرەدا مەسەلەکەی تێکەلّ پێکەلّ کردووە، ئەمە نیشانەی ئەوەیە ئەم کابرا بلیمەتە لە گوێی گادا نووستووە !

ـ پرسیاری لێ کراوە: جەنابتان وەك کەسایەتییەکی سەربازی و ستراتیجی... توخمەکانی دامەزراندنی دەولّەتی کوردستان لە ئارادایە؟ لە ولاّمدا دەلێت: بۆ کوردەکانی عیراق مەسەلەی تر دێتە پێشەوە. وەك مەسەلەیەکی ستراتیجیش دەتوانرێ لەسەر چاوان دابنرێ. ئەمەیان مانای چییە چاوەکەم؟

فەتەحفاڵ: ئای باوکەرۆ، برا روو، سەر چاوانی ستراتیجم رۆ، کەرووڵاغەکانی ئەمریکام رۆ

ـ کاکە بۆ ئەگری، بیکە بەخاتری خوا من سوێئال دەکەم، ئەم قسەیە مانای چییە؟ قسەکەی خەتەرە؟ کام مەسەلە دێتە پێش؟

فەتەحفاڵ: پێم وابێت، وشەی جیۆپۆلەتیك و مەسەلەی توخمەکان سەریان لە جەنەراڵەکە شێواندووە، بۆیە لە ولاّمەکەیدا باسی (نەحەبانی لەلو) دەکات!

ـ گەورەم، بۆچی لە زۆربەی ولاّمەکانی گەشبینە بۆ کورد، بەلاّم کە باسەکە دێتە سەر سیاسەت رەشبین دەبێت، دەلّێ قورسە. . . ناکرێت. . . من ریئالستم. . . مەسەلەیەکی تر دێتە پێشەوە؟

فەتەحفاڵ: کورم منیش قسەی وام لە قوتی هیچ عەتارێکم نەبینیووە! نازانم ئیتر چۆن پەرۆشی ناوچەکەیە، باوکم تیلا منیش نازانم ئەمریکێکان چ بەرژەوەندیەکیان هەیە لە ناوچەکە...

ـ لە ولاّمیدا بۆ دوا پرسیار: .... توخمەکانی دامەزراندنی دەولّەتی کوردستان لە ئارادایە؟ دەلێت: "... من وەك کابرایەك بە کردەوە حوکم لەسەر ئەو پرسیارە دەدەم: ئێمە دەتوانین خەون ببینین. خەون بینین یاساغ نییە، بەلاّم من ریالیستم".

من هەر هیچ، هیچ لەم عیلمە نەفامستم، فامنیدەم؟

فەتەحفالّ: منیش ریالیستم! لێرەدا بە کوردێکەی دەڵێ: برۆن گوێز بژمێرن، ئەوەندە خەون ببینن هەتا گیانتان دەرئەچێت، ئەمریکا چی داوە لە داخوازییەکی وا...

- ئای لەم قەلەموونە! ئەوە خۆ مرۆڤ لە زمانی هیچ حالّی نابێت، دووریش نییە من نەمەوێت لێی حالّی بم، بەلاّم نازانم بۆچی فەتەحفالّەکە تەپی لێ شێوا... خۆزگا کاك پێشرەو ئەم پرسیارەیشی لێ کردبا : ئایا جەنابتان لە پێناوی رزگارکردنی ڤێتنامێکان خەباتان کردووە ؟ چونکە بێگومان دەیوت: من گەشبینم... خۆشیانمان دەوێت، ریالیستم، قوزەلّقورتم، گەری مەنەلاوی ...

********

کارەکەی حەمە ماڵ شێواو

- حەمە گیان مانگی چەند وەردەگریت؟

ماڵ شێواو: پرۆتۆکەم ١٢٠٠ مارکە، نێتۆکەم ٩٥٠ مارکە، و ئەوەکەی بە رەش وەردەگرم من بە گوێرەی (نیو رۆژ کار) کار دەکەم. بە کوردێکەی، سەعاتی دە مارك وەردەگرم!

- دە مارك هەر زۆر کەمە ماڵ شێواوی کوری ماڵ شێواو. ئەی مانگی چەند رۆژ پشودانت هەیە، بەبێ رۆژانی شەمە و یەك شەمە؟

ماڵ شێواو: هیچ، ئەو رۆژە نەچم بۆ کارکردن، پارەکەی وەرناگرم!

- ئەی ئەگەر نەخۆش کەوتی و نتوانی کاربکەی؟

ماڵ شێواو: هیچم نادەنێ، بۆ خۆم لە ماڵەوە دەمێنمەوە!

- بۆچی؟ خۆ تۆ کاری رەش ناکەی؟ تۆ هەموو مافێکت هەیە!

ماڵ شێواو: کاکە ئێمە کوردین، و کارەکەی ئێرە هەر وابووە و هەر وا دەمێنێتەوە! بۆ کورد باشە!

- بۆچی کرێکاری کورد چی کەمە لە کرێکاری ئەلمان؟ خۆ ئێمە کەر و ولاّغ نین، بە بێ هیچ مافێك کار بکەین!

ماڵ شێواو: کاکە وایە، بەلاّم ...

- بەلاّمی چی؟ ئەی بۆچی داوای مافەکانت ناکەی؟

ماڵ شێواو: مافی چی، خواخوامە ئەم کارەم دەستکەوتووە، قەرزەکانم داوەتەوە، پارەم بۆ ماڵەوە ناردووە، لەوە زیاتر چیم دەوێت؟!

- کاکە تۆ سواڵ ناکەی، کار ئەکەی، کارێکی سەخت، مافی رەوای خۆتە ئیجازەت هەبێت یا کە نەخۆش کەوتی پارەی رۆژی نەخۆشیت وەرگریت، برای خۆم تۆ ئاسن نیت، مرۆڤێکی کارگەری، رەنج دەدەی! رۆژی ٨ ـ ١٠ سەعات ماڵ و منداڵەکانتان لە ئێوە مەحروم دەکرین خاوەن کارەکەیش وەك هەر خاوەن کارێکی تر خۆێنرێژە، سوود لە هەژاری و نەبوونیمان وەردەگرێت، دەزانێت ئێمە هێشتا زمانەکەیان فێرنەبووین" بەبێ زمانیش مرۆڤ کاری دەست ناکەوێت، لە ژێر بارێکی لێژ و ناهەمواردا دەژیین، بۆیە تەنها قسەکانی خۆی جێبەجێ دەکات و هیچ گوێ لە ئێمە ناگرێت! بەلاّم من دەزانم کە کابرا کەرِ نییە، دوو گوێی زلی پێوەیە!

ماڵ شێواو: دنیا وا بووە و وا دەمێنێتەوە، لێم گەرِێ، منیش دەزانم، بەلاّم قسە بکەم، باسی مافەکانم بکەم دەردەکرێم یا دەمکەن بە پیاو خراپ و ئاژاوەچی!

- بەلاّم خەڵك هەمیشە و لە هەموو جێگایەك بە بێ دەنگی و دەست بە ئەژنۆ نەماوەتەوە، بەبەردەوام داوای مافی خۆیانیان کردووە. ئەی ناتوانن پێکەوە داخوازێکانتان بخەنە بەر دەستی خاوەن کارەکە؟

ماڵ شێواو: ئەگەر بە برا کرێکارەکانم بلێم، ئەوا یەکەم جار هەموویان ئەڵێن باشە، بەلاّم لە دواییدا بە تەنها دەمهێڵنەوە! بە دوریشی نازانم لە پشتە ملێ جوێنیشم پێ بدەن!

- کێ ئەڵێ وایە؟تۆ هەوڵت بۆی داوە؟لەگەڵ خاوەن کارەکە باسی مافە سەرەتاییەکانت کردووە ؟

ماڵ شێواو: نەخێر! !

- ئەی باشە بۆچی جارێك هەوڵ نادەن ؟ بۆچی جارێکیان پێکەوە دانشتنێك رێك ناخەن؟ چاکی و خراپی کارەکە لێك بدەنەوە، هەڵەکان وەلا بنێن و ....

ماڵ شێواو: ئەمەیان خراپ نییە، پێیان دەڵێم!هەموومان برادەرین، خراپ نییە مانگی جارێك پێکەوە چایەك بخۆینەوە و باسی بارودۆخی خۆمان بکەین !

ـ کەواتە بۆ ڕۆژانی داهاتوو، پێکەوە دادەنیشین؟

ماڵ شێواو: پێیان دەڵێم، بەلاّم پیاو خراپم مەکەن، پیاوی چاك بن، ئێمە یا برای یەکترین و بەدڵ و گیان چاکەی یەکترمان دەوێت، یا خوێری و دوو ڕوو ودز و مل شکێنین. لەو نێوانەدا هیچ شتێکی تر نییە!هیچ شتێکی تر

ـ براینە با گوێ لە یەکتر بگرین بۆ چاك کردنەوەی بارودۆخمان! ! جێگای داخە گوێم لێ بێت پێشرەو. بلێت: خۆزگە دەخوازم ببم بە ئاژەڵێك! یا باسی کرێکارێك بکەن قاچی شکاوە و هیچی بۆ نەکرا، هەر هیچ، ئێستا ناتوانێت کار بکات" دوو کرێکار بە هۆی مەکینەی شوشتنەکە ناتوانن بە باشی هەناسە بکێشن، پزیشکەکە قەدەغەی لێ کردووە ئەو کارە بکەن" ئەو ڕۆژەش گوڵە گەنمی برام هەستی بە ئازاری ناو سکی کرد، چەند ڕۆژێك لە ماڵەوە مایەوە بە بێ ئەوەی کرێی کاری بۆ خەرج بکەن!

کە پرسیارم کرد بۆ؟

غازی وتی: کاکە ناکرێت، شەریکە گەورەکە تەنها کرێ بۆ ئەو سەعاتانە دەدات کە کرێکارەکە کاری کردبێت، هەقیان بە هیچ شتێکی ترەوە نییە! ئەم برادەرە دەڵێت من هەموو شتێك دەزانم، من لە پێناوی دەستکەوتنی شتی گەورە، گوێ بە شتی بچوك نادەم!

ـ بەلاّم خاوەن کارەکەی ئێمە پارەی بیمە کۆمەڵایەتییەکانمان لێ دەبڕێت، ئێمە پارەی بیمەی نەخۆشی و بێکاری و بیمەی کۆمەڵایەتی دەدەین، بۆیە دەبێ ئەو خەرجانەمانە پێبدات!

غازی: بەلاّم من بە شێوەیەکی تر یارمەتیتان دەدەم.

ـ زۆر باشە، ئەمە ئەرکی هەموومانە لە بەرامبەر یەکتر، ئێمە هەرچەند یارمەتی یەکتر بدەین هێشتا کەمە. ئێمە هەموومان سوپاست دەکەین، ئەم بۆچونانە لە دژی تۆ نین، یا بلێم تۆ پیاوێکی خراپی، نەخێر، بە هیچ جۆرێك. برا گیان تۆ یەکێکی لە ئێمە، و باش دەزانی هەموومان تۆمان خۆشدەوێت! تۆ دەبێ بەشداری جدی بکەیت بۆ باشکردنی ئەم وەزعە! لە هیچ جێگایەك شتی وا نییە! ! دەبێ پێکەوە باسی وەزعی خۆمان بکەین

---

خواحافیزییەك!

کاتێك حزبێك پاش تاوانی ئەنفاڵ لە سنوری ئێرانەوە بۆ ناو کوردستان دەگەڕێتەوە، پاسدارێك لەسەر ڕێگا ڕادەوەستێت، خواحافیزی لە هێزەکە دەکات.

پاسدارەکە بە توندی دەستی مام (م) دەگوشێ و پێدەڵێت: ئینشەڵلاّ شەهید میشی!

مام (م) : ئاغا ئینشەڵلاّ گوە میخوری!

مزگێنی و پیرۆزبایی

+ موژدە بێت لە خەڵکی کوردستان بە بۆنەی ئەوەی کە ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆڵە نەبەردەکانمان لە وڵاتە پۆست مۆدێرنەکانی ئەوروپادا بەشێوە مۆدێرنانە خەریکی قومارکردنن! شایانی باسە کە هەندێکیان خوا یاریان بوو و بردیانەوە، بە پارەکەی ژنی کەنجیان هێنا و ماڵ و ماڵاّتیان بۆ دایك و باوکیان کڕی. ئەم برا زیرەك و گەل دۆست و نیشتمانپەروەرانە نەوەی نوێی قومارچیانی گەل پێکدەهێنن. بەم هەنگاوە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان سێ پاتیان کردووە بۆ گەلاّنی دنیا، کە گەلی کورد هیچی لەوان کەمتر نییە!

گەلی هێژا:بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە خۆمان دەکەم، چاووڵی خێزانی قومارچییانیش ڕۆشن...

چاوی دوژمنان با هەر کوێر بێت!ـ الحسود لا یسود.... "هازا مین فەزلی ڕەبی" ...دوو شەش ـ

قومارچییەك: کاکە بە تۆ چی خەڵك قومار دەکات یا نایکات، تۆ جارێك لە دیموکراتییەت تێنەگەیشتووی!

ـ نە وەڵلاّ تێنەگەیشتووم و نامەوێت تێ بگەم، منیش دەڵێم ماسەکەی خۆم شرینە، نەك تەنها ماسەکەی مام کاکل! !

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

+ له سه‌نته‌ری چه‌ند شارێكدا له ئه‌لمانیا چه‌ند په‌نابه‌رێكی سیاسی كوردستانی باشور خه‌ریكی حه‌شیشه و هیرۆئین فرۆشتنن، به‌راستی ئه‌مه سه‌روه‌ریه‌كی گه‌وره‌یه بۆ هه‌موو په‌نابه‌ره سیاسیه‌كان، هیوادارم له كاره‌كانیان به‌رده‌وام بن...و كچێكی زیاتر هه‌ڵخه‌ڵه‌تێنن!!

---

به قیر، هه‌ر بۆ خۆت بروا مه‌كه!!

هه‌ندێ برای به‌رێز هه‌یه، كه ئافره‌تێك پرسیاری لێ ده‌كات: خه‌ڵكی چ ولاٌتێكی؟

"براكه‌مان" له ولاٌمدا ده‌ڵێت : خه‌ڵكی ئیتالیام!

جارێكیان كچه‌كه بۆ ماڵه‌وه گه‌رایه‌وه، به دۆسته‌كه‌ی وتی: هه‌واڵێكی زۆر خۆشم پێیه بۆ تۆ!

"كاكمان": ده‌ی خێراكه بیڵێ!

كچ: نایڵێم، به‌لاٌم ئه‌مرۆ كچه ره‌فیقه‌كه‌م میوانداریمانی كرد، ئێواره ده‌بێ بۆ لای ئه‌و برۆین.

كه ئێواره له‌وێ حازر ده‌بن، كچه دۆسته‌كه‌ی یه‌كسه‌ر پێ ده‌ڵێت: دۆستی ره‌فیقه‌كه‌یشم ئیتالیاییه، به ئاره‌زووی خۆتان ئیتالیایی قسه بكه‌ن!كه له‌سه‌ر مێزه‌كه داده‌نیشنن "براكه‌مان "به هێمنی به كابرای " ئیتالیایی" ده‌ڵێت: كاكه تۆش كوردی؟

ـ به‌ڵێ!!!

كاكه فه‌تاح: دوور نییه ئه‌مانه خه‌ڵكی كوردستانی ئیتالیا بن، مه‌گه‌ر نه‌وترا رۆما دووهه‌م پایته‌ختی كوردستانه. . . . .

ژماره ١٠٦٦

نووسه‌ر : بۆبی ساندرز

ره‌نگه دوێنی مردبێتم ،چونكه ئه‌م به‌یانیه كاتێ له خه‌و هه‌ستام ،خۆمم له دۆزه‌خێكدا بینییه‌وه .له راستیدا نازانم چۆن كه‌وتوومه‌ته ئه‌م جێگه‌یه .لێره‌دا هه‌ست به وه‌حشه‌تناكیه‌كی بێهاوتا ده‌كه‌م ،پێده‌چێ ئێره جۆره گۆرێكی تایبه‌تی بێت، تاریكایی هه‌موو ده‌وروبه‌ری داپۆشیوم ،هیچ نابینم .له نێو ئه‌م تاریكیه قه‌ترانیه‌دا ،جگه له پارچه شرێك كه ناوه‌راستمی پۆشیوه ،هیچم له‌به‌ردا نیه . زه‌مینی گۆره‌كه به مادده‌یه‌كی لینج ته‌ركراوه، نه‌ده‌زانم سه‌رچاوه‌كه‌ی له كوێوه هاتووه نه‌ش ده‌زانم بریتیه له چی .بۆنێكی بۆگه‌ن و قیزئاوه‌ر له ده‌ورمدا په‌نگی خواردووه .له سوچێكی ئه‌م شوێنه ،شتێكی نه‌رم دانراوه ،پێده‌چێ جێی خه‌وتن یان راكشان بێت . گوێم له ده‌نگێكی وه‌رسكه‌رو ناخۆش ده‌بێت ،هه‌وره‌تریشقه ئاسا ،له‌ده‌وروبه‌رمدا دوویات ده‌بێته‌وه ،له ده‌نگی به‌توندداخستنی ده‌رگا كۆنه‌كان ده‌چێ .كاتێ له چوارده‌ورم وردبوومه‌وه ،بۆم ده‌ركه‌وت كه له‌یه‌كێ له دیواره‌كانی شتێك هه‌یه له ده‌رگا ده‌چێ . له‌راستیدا تێناگه‌م بۆچی كه‌وتوومه‌ته ئێره ،ئاخۆ چیم به‌سه‌ردا دێت .دیاره من له‌وه دڵنیام كه ئاده‌میزادم ،ئه‌گه‌ر چی رووتم و ریشم زۆرهاتووه " بیرده‌كه‌مه‌وه و هه‌ناسه‌ش ده‌كێشم .

ـ ئایا من له دۆزه‌خم یان له زیندان . .؟

نزیك بوونه‌وه :

ئێستا گوێم له ده‌نگی پێیه، هه‌نگاوه‌كان لێم نزیك ده‌بنه‌وه .هه‌ستده‌كه‌م كابرایه‌ك یاخود شتێك له ته‌نیشتمدایه ،گوێم له‌ده‌نگی جمین و هه‌ناسه‌یه‌تی .چاوه‌رێم ده‌كات .

له‌ده‌ره‌وه‌ی گۆره‌كه‌دا هه‌رایه .ده‌نگی به یه‌كدادانی ئاسن هه‌راسانم ده‌كات .كاتێك ده‌رگاكه ده‌كرێته‌وه ،رۆشناییه‌كی چوارسوچه پێكدێت و رێره‌وێك ده‌رده‌كه‌وێ .له رێره‌وه‌كه‌دا كابرایه‌ك وه‌ستاوه ،جلوبه‌رگێكی ره‌سمی ره‌نگ ره‌شی له‌به‌ردایه .بۆ چه‌ند چركه‌یه‌ك سه‌رنجیدام ،پاشان به‌ده‌نگێكی سامناك كه هه‌موو ئه‌ندامه‌كانی له‌شمی هێنایه له‌رزین نه‌راندی " : من فه‌رمانده‌رم" .ده‌نگه‌كه دووباره ده‌بێته‌وه و له ده‌وری گۆره‌كه‌مدا به شێوی گفتوگۆ به‌رزده‌بێته‌وه " : من فه‌رمانده‌رم و تۆش ژماره ١٠٦٦ ـ ی ."

دەرگاکە بەتووندی پێوە دەدرێت ،ڕۆشنایی بەردەرگاکە لەپڕ ون دەبێت ،منیش لە نێو ئەو تاریکستانەدا وەستاوم ،سڵ لە هەموو جۆرە جمێنێك دەکەمەوە .

ـ ئاخۆ واتای ژمارە ١٠٦٦ چییە ؟

دیارە مەبەستی من بوو .بەڵام من دەتوانم بیربکەمەوە " بدوێم " بۆن و هەست بکەم " گشت هەستەکانم کاردەکەن " من ژمارە نیم ، من ١٠٦٦ نیم .من مرۆڤم .

من ژمارە نیم .من ١٠٦٦ نیم .

کێ فەرماندەرە؟ . . .ووشەی فەرماندەر چیدەگەیەنێ ؟ ئەم ووشەیە دەمترسێنێ، ئەم ووشەیە هەڕەشە ئامێزە .بەلای منەوە ووشەیەکی پووچەڵە .ئەو حەزدەکات بەسەرما زاڵبێت . .ئاخ چیم بەسەر هاتووە .

دێتەوە یادم کە خێزانێکم هەبو ،ئێستا لە کوێن ؟ ئاخۆ دەتوانم جارێکی دی بیانبینمەوە، جارێکی دی گوێم لە دەنگیان بێتەوە ؟

چاودێری

کابرای چاوەدێرم دەرگاکە دەکاتەوە .ڕۆشناییەکی کز لە نێو دالآنەکەی ئەو دیوی دەرگاکە ڕووناك دەکات و کابرای بەرگ ڕەسمی لەبەر دەرگاکە دەردەکەوێت " : من فەرماندەرم .ژمارە ١٠٦٦ ئەوە خواردنەکەتە "

جامیلکەیەك دەداتە دەستم ،بە توندی دەرگاکە دادەخات .پێش ئەوەی ڕوناکێکە بەتەواوی وون بێت ،چاوم بە شتێ کەوت لەسەر زەمینی گۆڕەکە بە زبڵ و پیسایی داپۆشرابوو .هەروەها بینیم کە چەند کرمێکی بچوك بە پێیەکانمدا هەڵکشابوون .دیوارەکانیش بە مێشی زلزل پۆشرابوون .

سەرلەنوێ سام دایگرتم ،بەترسەوە هەنگاو دەنێم ،جامیلکەکەی دەستم ساردبۆتەوە .شتێکی شۆربا ئاسای تێدایە .بۆنەکەی هێڵنجم پێدەدات ،بۆیە دایدەنێمە سەر زەوی .کاتێ لەم تاریکستانەدا هەنگاودەنێم ،ڕەشبینی و ماتەمینی دامدەگرێ ،خۆزگە بە مەرگ دەخوازم .هاواردەکەم " بەڵام من مردووم ." ڕەنگە توانای خۆکوشتنیشم نەبێت .

ڕۆشنایی

شنەبا .هەست بە هەڵگرتنی شنەبا دەکەم کە لە دیوارەکەی پشتمەوە دێت .دەستم دەکەوێتە بەر پارچە جلێك .هەڵیدەگرم ،بەڵام لە دەستم بەردەبێتەوە .ڕۆشناییەکی تیژ لە چاوەکانم دەدات ،بۆ چەند چرکەیەك نابینم .گۆڕەکەم ڕووناك دەبێتەوە .پەنجەرەیەکی بچوکم لیدەردەکەوێ ،لێی نزیك دەبمەوە .لەو دیوی پەنجەرەکەمەوە هەزاران پەڵە ڕۆشنایی لەم جۆرە دەبینم .ڕۆشناییەکە دەکەوێتە سەر تەلبەندێك کە بە درێژایی ئاسۆی بەرامبەرم ڕاکێشراوە .هەنگاوێکی دی دەرۆمە پێشەوە .بینایەکی بچوکم لێئاشکرا دەبێ کە بەدەیان پەنجەرەی ڕووناکی پێوەیە .لە هەر پەنجەرەیەکیش کەسێکی ڕووتی لێوەستاوە .بینایەکە سێ هەنگاوێك لێمەوە دوورە .ڕووخساری کەسەکانم لێوە دیارە " ڕدێنیان هاتووە " بەگەنج دەچن ،ئەگەر چی زەردهەڵگەڕاون و ماندوون .کەنجی بەروخسار پیرن .

ـ ئاخۆ ڕووبەڕووی مەرگ دەبم ؟

کەسەکان تەماشای دەرەوە دەکەن ،یان چاویان بڕیوەتە بۆشایی .هەندێکیان هاتووچۆ دەکەن .

هەنگاو

دیسانەوە هەنگاوەکان

لادەکەمە دواوە .ترس دامدەگرێتەوە .چاوەڕوانی کردنەوەی دەرگاکەم .وەکو پێشتر حەزم لێنیە بزانم کێیە .نائومێدی دایگرتم . بیرکردنەوە لەو کەسەی لە پشتی دەرگاکەوە وەستاوە ئازارم دەدات .

دەرگاکە دەکرێتەوە .چەند کەسێك بە بەرگی ڕەسمی ڕەشەوە دەردەکەون " بەدەورەی کابرایەکی ورگ زلی کورتە بنە ئاڵاون .لەوە دەچێت گەورەکەیان بێت .بە ڕەقەوە دەڕواننە من و هاوار دەکەن " ئێمە گەورەین ،ئێمە گەورەین ،تۆش وەکو ئەوانت بەسەر دێت . دەبێ سەردانەوێنی و گوێ ڕایەڵ بیت ،گوێ ڕایەڵ "

بەتوندی بەندیان کردم و دەستیان کرد بە ئەشکەنجەدانم " بەشەق تێیان هەڵدەدام و هاواریاندەکرد " : گوێ ڕایەڵ دەبیت ،تۆش وەکو ئەوانی دیت لێبەسەر دێت ،لە قاوشی ژمارە پێنج ـ هـ ـ دا ،دەبێ گوێ ڕایەڵ بیت "

www.kurdistannet.org
8-7-2003 12:17

کاتێ بەئاگا هاتمەوە هاوارم دەکرد و لە سەر تەختەیەکی پیسی سەر ئەرزەکە دەتلامەوە .

ـ من لە کوێم ؟

ـ ئێستە جێت چاکترە .هاوزیندانەکەم گوتی .

ـ من لە کوێم ؟

ـ تۆ لە زیندانەکەی خۆتی .مۆتەکە گرتبووتی .

دەرگای زیندانەکەمان دەکرێتەوە .کابرایەك بە بەرگی رەشی رەسمی دەردەکەوێت و دەڵێ :

ـ خواردن

پرسیم " : ئەوە چی روویدا " ؟

ـ تۆ دەبێ پێم بڵێیت " گەورەم ." چونکە تۆ ئێستە لە بەشی ـ هـ ـ ای .تۆ لە قاوشی پێنج بەشی ـ هـ ـ ایت .ئەی ژمارە ١٠٦٦ ، ئەمەت لە یاد نەچێت) .تەواو

---

+ بۆبی ساندرس ،لەساڵی ١٩٥٤ لە ئێرلەندی باکور لە دایك بووە .بەهۆی خەباتی سیاسیەوە دوو جار زیندانی کراوە .دوا جار لە زیندانی لونگیش بە ١٥ سال مەحکومکرابوو .لە سەرەتای ١٩٨٢ بۆبی ساندرز لە خواردن مانیگرت و ٦٦ رۆژی خایاند و پاشان بەو هۆیەوە شەهید بوو .لە زینداندا چەندین چیرۆك و هۆنراوەی نوسیووە ،لەبەر مەترسی لە سەر خێزان و ناسراوەکانی بەناوی خۆی بلاوی نەکردونەتەوە .

بەناوی نەوت و گاز!

دەستڕاگرتن بەسەر سەرچاوەی نەوت و گاز، بازرگانی چەك، جەنگ بەرپاکردن، قڕکردنی کەرتی خزمەتگوزارییە دەوڵەتییەکان، دەرکردنی کرێکاران بە کۆمەڵ، سەرلەنوێ دابەشکردن بازاڕەکانی جیهان، ناوەندی کارو و هەڵویستی رۆژانەی دەسەلآت و سیستێمی سەرمایەداری جیهانگیرە: بۆرژواکان، دوور لە نەتەوەو ئاینن، لەسەرەوە تا بن پێیان، بە مۆدێرنترین چەك، خۆیان پڕ چەك کردووە، قەڵەرەشکەکانیشیان بە زمانی"مۆدێرن" لە پێش و پاشی ریکلامی شەرکەتەکانی بە"کالآ"ی جەستەفرۆشی ئافرەتان، بانگەوازی جەنگ دەکەن!

وەزیری حکومەتی ڕابردووی جەنگی ئەلمانی (فۆلکە رویهە) لە ٢٠٠١/٣/٦ وتی: (گرنگی نەوتی قەوقاز بۆ بازاڕی ئۆرووپی تا دێ زیاتر دەبێت. . . . لە تونێلەکانی ئاسیای ناوەندەوە تا ئازەربایجان بەرەو ئۆرووپا (. . .) بەرپاکردنی جەنگ نزیك بووەتەوە) . لە بڕیارە سیاسییەکانی بەرگری لە ساڵی ١٩٩٢دا نووسراوە: ( بواری ناوەندی ئەرکی لەشکری ئەلمانی ئەوەیە" دابینکردنی ئازاد و بێ تەگەری گەیشتن بە کەرەستەی خاو و بازاڕەکان لە هەموو جیهان"، بۆیە ئەلمانیا هەوڵ دەدات لەشکرەکەی سەرلەنوێ ڕێێکبخات و بیکا بە لەشکرێکی بە توانا بۆ دەستێوەردان و داگیرکردن لە هەموو جیهان. ئەلمانیا دەیەوێت بەم هەنگاوە سەرلەشکری یەکێتی سەربازی ئۆرووپی بکات. لە ١٩٩٨حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەلمانی لە نووسینە ستراتیژییەکەی"دەریای قەوقاز، ناوچەی دوارۆژ " دەنووسن: ( لە بەرژەوەندییە سەرەتاییەکانی ئابووری ئۆرووپی ئەوەیە"بەشداریکردنی ڕاستەوخۆیە لە نەوتی زۆری قەوقاز و شەرکەتەکانی". *

لە گەڵ هاوپەیمانێتی سۆسیال دیموکرات و سەوزەکان، بازرگانی جەنگ تەقییەوە. رۆژنامەی بەرلین لە یەکشەمەی ڕابردوو هەواڵی مەرەخەسی پێدانی ئێکسپۆرتی چەکسازی بەنرخی ٩، ٩ملیارد مارك لە ساڵی ٢٠٠٠بلآوکردەوە، لە بەراوردکردن لە گەڵ ساڵی پێشیدا، ٤٠٪ زیادی کردووە. ** پیشێ دوو رۆژیش لە تەلەفزیون، ریپۆرتاژێك لە بارەی چەکە نویەکانی ئەلمانیا پێشکەشکرا: کابرایەك بە دەمامکەوە، جارێك دەمانچە و جارێك (ژی سێ) لە قوراو چڵپاو دەردەکات و تەقەیان پێدەکات–واتە هیچ کاریان لێ ناکات– و بە شانازییەوە وتیان (ئێستا هێزی تایبەتی ئەمریکی لە ئەفغانستان ئەم چەکانە بەکار دەهێنن! ! هیچ کەس بە قەد پیشەسازانی چەك و نەوکەرەکانیان نەخەنیون.

حزبی سەوزەکانیش، بەرەسمی بوون بە حزبی جەنکخواز!٢٠ساڵە باسی سیاسەتی ئاشنیخوازانە دەکەن، کەچی ئێستا (پێشتریش لە یوگسلافیای ڕابردوویش) دەنگ بە بەشداربوونی لەشکری ئەلمانی دەدەن لە جەنگی ئەفغانستان. "هوشیاری تایبەتی ئەم

www.kurdistannet.org
8-7-2003 12:17

حزبە"لەوەدا بەدی دەکرێت، هیچ لەبارەی ڕاگرتنی چەکدرووست کردن یا کەمکردنەوەی نالێن، لەوەتی لە دەسەلأتدایە، هەنگاو بە هەنگاو سیاسەتی دەرەوەو و پیلانی جەنگی سەرمایەدارانی ئەلمانیا جێ بەجێ دەکەن، کەچی هێشتا دەڵێن"ئێمە وەك حزبی ئاشتیخوازان دەمینینەوە"!!ڤۆلفگانگ کێرکە، قسەکەری فراکسیونی (پی. دی. ئێس) لە پەرلەمانی ئەلمانی وتی: (سەوزەکان وەك حزبێکی ئاشتیخواز لەسەر شانۆی سیاسی ماڵئاوایی کرد) . *** ڕاستێکەی ئەوەیە دەمێکە ماڵئاوایی کردووە، بەلأم لە کۆنگرەی ڕۆستۆك بە ڕەسمی دەنگیان بۆ جەنگ و دەستێوەردانی سەربازی ئەلمانی لە جیهان ڕاگەیاند.

هەروا لەسەر ئاستی سیاسەتی حکومەتی سۆسیال دیموکرات و سەوزەکان هەمبەر پەنابەران و بە گشتی "خارجییەکان"، زۆر شرتر بووە. ترس بلأوکردن لە"دەرکییەکان" و ناوزەدکردنیان وەك تیرۆریست، بەناوی ئاسایشی دانیشتوانەوە، دەینەوێ مۆری دەست بنێنە سەر شناسنامەکان، هەموو کەناڵەکانی پەیوەندیکردن کۆنترۆڵ دەکەن، هەموو هەواڵەکان بەوپەڕی وریاییەوە لەسەر ئاستی فۆرمولە و کارتێکردنەکانیان پەخش دەکەن (تەنانەت لەشکری ئەمریکا لە ئەفغانستان ڕێگا لە ڕۆژنامەنووسێکی هۆلەندی دەگرن، وێنەیان بگرێت!) . بەگشتی سیستێمی کۆنترۆلی نوێ بەڕێوەوە دەبەن، ئۆستای ئەم هەنگاوە، "بەڕێز وەزیری ناوەوەی ئەلمانیا (شیلی) یە. بە گشتی خەریکن ئاسەواری ئەو مافە دیموکراتییانە کە بە خەباتی چەندین ساڵ دەسکەوتووە، بسڕنەوە. دەشتوانم بلێم زۆربەی بڕیار، کۆبوونەوە. . . هتد بەنهێنی بەڕێوەوە دەچن، ئەو زانیارانە دەستمان دەکەوێت، زۆر کەمە و هەرگیز لە میدیاکانی خۆیان باسی ناکەن.

ئەوە سەرلەنوێ لە هامبۆرگ هەڕەشەی دیپۆرتکردن لە ٣٠٠رۆما و سنتی دەکەن. بڕیاری حکومەت ئەمەیە: ( بە ئارەزوی خۆتان لە وڵاتەکەمان دەربچن، دەنا دیپۆرتان دەکەین!!) ****

بەرامبەر بەم هێرشە"نوێیە"جیهانییە، کۆمونیست، ئاشتیخواز، هێزی چەپ بانگەوازی موقاوەمەتی جۆراوجۆر لە دژی جەنگ، ملیتاریزم، بێکاری، چەوساندنەوەی ئافرەتان، ڕاسیزم و فاشیزم دەکەن. لە بانگەوازی دژ بە جەنگ نووسراوە: ( ئەم جەنگە دژی مافی گەلانە و تەنها خزمەت بە بەرژەوەندی کەمایەتییەك دەکات نەك هەژاران و چەوساوەکانی دنیا. . . ئەم جەنگە، جەنگێکی ڕەوا نییە. . . ئێمەی دژە جەنگ، قوتابی و خوێندکار، نقابی و بێکار، پەنا بەر و کۆچبەرەکان و دژە جیهانگیری، لە نێوان ١٠ و ١٢/١٥ لە بەرلین لە دژی سیاسەتێك کە ڕەتی دەکەینەوە، خۆپیشاندان دەکەین. لە هەمان کاتدا، پتر لە ١٠٠٠٠٠کەس لە برۆکسل لە پێناوی ئۆروپایەکی کۆمەلأیەتی، دیموکرات و ئاشتیخواز پرۆتێست دەکەن!. . . ڕاوەستێت جەنگ!) .

لەسەر ئاستی جیهان پەرەسەندنێکی کۆنەپەرەستانە بۆ پێشەوە دەچێت، لە سەردەمی قەیرانی ئابووری جیهانییدا، سەرمایەداران، " بەشێوەیەکی دیموکراتییانە" ئەو حزبانە دەهێننە حوکم، کە ١٠٠٪گۆڕایەلییان دەکەن، لە ئیتالیا هاوپەیمانی ڕاستڕەو فاشیستەکانی حوکم دەکەن، لە ئەسپانیا کۆنزەرڤاتیفەکان، لە ئەمریکا کۆمارییەکان، لە ئوستراليا موحافزە ڕاستڕەوەکان، لە بەریتانیا و ئەلمانیا سۆسیال دیموکراتەکان، ئێستا لە دەنیمارکیش ڕاستڕەوەکان هاتنە حوکم. یابان بۆ یەکەم جارە لە پاشی جەنگی جیهانی دووهەمەوە، هێزی سەربازییان بۆ بەشداریکردن لە جەنگ ڕەوانەی دەریا دوورەکان کرد. لە کاتی پەخشکردنی ئەم هەواڵە، هەواڵنێرەکە وتی"ئەم بەشدارییە بۆ ئەوەیە ڕێزی یابان لە جیهان کەم نەبێتەوە"!!. سەیر ئەوەیە، لە زۆربەی ناوچەکانی ئەفغانستان، دەسەلأتی نەگریسی تالیبان تەفروتونا بوو، کەچی زلهێزەکانی دنیا تازە بە تازە لەشکرکێشی دەکەن، سیناریۆی پاش تالیبان ڕێکدەخەن! جگە لەوەیش جەنگ لە دژی دەسەلأتی کورەکەیان لە عیراق ڕادەگەیەنن، هەروا لە دژی سۆمالیا، کۆریای باکور، سوریا و یەمەن. . . وچەندین وڵاتی تر ڕادەگەیەنن. ئێستا بۆمان ڕوونتر بووەوە، بۆچی بوش لەسەرەتای جەنگ ڕاگەیاندن وتی"جەنگ لە دژی تیرۆریزم، ١٠ساڵ دەخایەنێت"!!

چینی سەرمایەداری ئیمپریالیزم، لایەنە پیرۆزەکانی، واتە قازانج و چەوسانەوە بە دندان و نینۆك بەرگری دەکات، دەبێ لەبەرامبەر زەبروزەنگی سەرمایەداری، بە زەبروزەنگی شۆرشگێرانەی پرۆلیتاریا ڕووبەڕووی ڕابووەستینەوە.

کاتێ ئەلمانیا لە ١٩٠٤ تا ١٩٠٧ گەلانی هیریرۆ و ناماس کۆمەلکوژ دەکەن، ڕۆزا لۆکسمبۆرگ دەنووسێ: ( لە کوێ بوون. . . ڕەوتی چەککرن لەناو پەرلەمان، کاتی لەشکری ئەلمانیا ئافرەت و منداڵ بێ دیفاعەکانی هیریرۆ بۆ بیابانەکان ڕاونا، بۆ ئەوەی لەوێ بە شێوەیەکی سامناك بمرن؟) . کاتێ لە ١٩١١ ئیمپریالیزمی ئەلمانی پاپۆڕێکی بۆمبا بۆ (مەغریب) یان ڕەوانەکرد، ڕۆزا و کارل بانگەوازی کرێکاران و زەحمتکێشانیان کرد بۆ پرۆتێستکردن لە دژی تاوانی جەنگە ئیمپریالیستی و سیاسەتی کۆلۆنیالیزم، لە هەمان

کات ڕسوای شۆفێنیزمی سەرکردایەتی سۆسیال دیموکراتیان کرد. ڕۆزا و کارل لیبنخت، لەدژی فراوانخوازی ئەلمانیا لە تورکیا، بانقی ئەلمانی و سەرمایەدارانی پیشەسازی (سیمنز و گروب) بە هاریکاری حکومەتی تورکیا، لادێکانیان وێرانکرد، خەباتیان کرد، هەمان شت لە دژی قەلاچۆکردنی ئەرمەنەکان لە تورکیا بە بەشداری کردنی لەشکری ئەلمانی. *****

ئێستا و بە تایبەتی لە پاش موقاوەمەتەکەی جێنوا، هەندێ لە هێزە چەپەکان، دیسکسیونی ڕێگاگرتنەبەری خەباتی چەکداری دەکەن******. هەر لەم ڕۆژانەیش کتێبێی (جەنگ–قەیران–بزووتنەوەی ئاشتی) لەلایەن نووسەر ڤۆلف ڤیتسل کە سەر بە گرووپی (لۆپۆس) ە دەرچوو. ڤیتسل لەو بڕوایەدایە کە دەبێ بەرەو ڕێگای دامەزراندنی ئەنتی ئیمپریالیزم بڕۆین. . .

بەرامبەر بە هێزی کۆمونیست و هێزە پێشەکەوتوخوازەکان، نەوکەران و گومانلێکراوەکان پڕوپاکەندە بۆ لیبرالیزمی نوێ دەکەن، لەم بارەیەوە فزەیان لێوە نایەت، ئەگەر هێنرانە قسە ئەوا وەك سەگێکی خوێڕی لە ئاستی ئەم خەباتە ملیونییە، پڕوپاگەندەی جەواشەکارانەی ئۆروسێنتریزم بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە، بلاْودەکەنەوە.

لێرەدا هەر بۆچوونێکی ڕۆزا لۆکسمبۆرك دێنمەوە کە دەڵێت: ماوە بڵێم، من لەو باوەڕەدام، دەبێ ئەم دەوڵەتە لەناو ببرێت! *******

ئەم دەوڵەتانە کە ئامێرێکی دەستی سەرمایەدارەکان، لە پێناوی پەرژەوەندییەکانی خۆیاندا، کوشتن و وێرانکاری بلاْودەکەنەوەو هەر وەك دەسەلاتی فاشیستی سەددام، هەمیشە خۆیان لەسەر حەق دادەنێن!

کرێکاران، بێکاران و ئافرەتانی چەوساوە هیچیان بۆ نەماوەتەوە تەنها خەبات و موقاوەمەت لە پێناوی جیهانێکی باشتر، جیهانی دوور لە هەموو جۆرەکانی چەوسانەوە!

٢٠٠١/١١/٢٨

سەرچاوەکان:

- دەربارەی ملیتاریزەکردنی یەکێتی ئۆروپا، ووتاری راینەر رووپ.

** ڕۆژنامەی یونگە ڤێلت لە ١١/٢٦، ووتاری ئارنۆلد شویلتسەل

***هەمان سەرچاوە، ، ووتاری راینەر بالسێرۆڤیان

****مالپەڕی نادر. ئۆرگ، ١٠/١٨

***** گۆڤاری بەرەی سوور، لاپەڕەی ٧٧–٧٨

******مالپەڕی نادر، ئۆرگ لە ١١/١٨

*******گۆڤاری بەرەی سوور، لاپەڕە ٧٣

پێم بڵێ کێ باسی تیرۆر دەکات،

پێتدەڵێم بەکێ دەڵێ تیرۆریست!

دەمێکە تیرۆر، جەنگ، زەبروزەنگی (تاکرەو، گروپ و دەوڵەتی) بووە بەبابەتی دیسکسیون و بەکارهێنانیان لەلایەن زانا، فیلسۆف، خەباتگێڕە شۆرشگێر و هێزە کۆنەپەرستەکان. لەم بارەیەوە پێناسەو بۆچوونی جیاواز هەیە. میدیای باو، تیرۆریان کرد بە زاراوەیەك و تەنها یەك ڕەهەندیان پێدا و بە یەك ڕەنگ پۆشیان و بە مرۆڤایەتی پێشکەشیان کرد! وای لێ هات، زۆر کەس بەو ئاوازە سەرخۆش بوون و هەندێکیش بە هوشیارییەوە هاواریان کرد: بمرێ تیرۆر!

ئەم زاراوەیەش بوو بە بوارێك، وەك بوارەکانی تر بۆ چەواشەکاری بە کاریانهێنا. بەرامبەر بەمان، بیرو بۆچوونی تر هەیە، مەرج نییە لە گەلْ تیرۆر بن، بەلاْم ووتەی کەسانی لێهاتوون، نەك ووتەی کۆمینتاتۆرە زەردە بە کرێگیراوەکان کە بە هەموو زمانەکان، وەك تووتی قسەی خاوەنەکانیان دەلێنەوە یا لە کالْفامیانەوە فرەبێژی بێ سەمەر دەکەن.

لە نامەیەکی ئەنگلز بۆ جێنی مارکس: (. . . کاتێك بڕوسەکان گەیشتن، نەمتوانی بەڕووی ئارەزووی بەشداریکردنم لە جەنگ ڕابووەستم. لەبەر ئەوەی ویلیش تاقە ئەفسەر بوو، کە هەندێ بەتوانایە، چووم بۆ لای و بووم بە یاریدەری. لە چوار شەڕ بەشداریم کرد. . . وای دەبینم، بەشداریکردنی یەکێك لە کەسەکانی گۆڤاری ڕینانی نوێ لە جەنگ، کارێکی باشە، چونکە هەموو دیموکراتە

www.kurdistannet.org
8-7-2003 12:17

فرەپێژەکان لە بادن و بالاتینیت بوون، شانازی بەو کارە قارەمانانەوە دەکەن کە هەرگیز خۆیان دروستیان نەکردووە. دەبوایە سەر لە نوێ گوێمان لە هەمان چیرۆك ببێت: بەرێزەکانی گۆڤاری رینانیی نوێ زۆر ترسنۆکن لەوەی بجنگێن، بەلاّم تاقە کەسێك لە هەموو دیموکراتە بەرێزەکان نەجەنگا، من و کینکل تاقە جەنگاوەر بووین. . . (لە نامەکانی مارکس و ئەنگلز، لاپەرە٤٣–٤٤ وەرگێڕاوە)

ئێرنیستۆ کاردینالّ لە ولاّمی پرسیارێکدا دەلّێ: من لەو بڕوایەم، هەموو شۆڕشگێڕەکانی ئەمریکای لاتین، ئەو بیروڕایەیان هەیە کە شۆڕشێکی ئاشتییانە بە باشتر دەزانن. فیدل کاسترۆ لە تشیلی وتی ( دەبێ زەبروزەنگ تەنها لە حالّەتێکی ئەو پەڕ بەکاربهێنرێت، شۆڕشێکی ئاشتییانە باشترە. ئەمە هەمان پراکسیسی سیاسی ماو تسی تونگ بوو لە چین. شۆڕشگێڕی راستەقینە دوژمنی زەبروزەنگە، ژیانی دەوێ نەك مردن. بەلاّم حالّەتی وا دێتە پێش، شۆڕش دەبێ زەبروزەنگ بەکار بهێنێت. بەلاّم هەندێ جار ڕووداوێك دێتە پێشێ کە دەبێ شۆڕش زەبروزەنگ بەکار بهێنێت. هەندێ جار دەبێ زەبروزەنگ بەکاربهێنێت، چونکە دەسەلاّتدار، خۆویستانە دەسەلاّتەکەی نادا بەدەستەوە. . . . ئەم جۆرە زەبروزەنگە زۆر لەسەر هەقە. . ئەمە مافی بەرخۆدانە. . .

لەسەر پرسیاری: ئایا تۆ دەتوانی چەك هەلّبگریت و گولەبارانی مرۆڤ بکەیت؟

لە ولاّمدا: ڕەنگە بارودۆخی وا بێتە پێشەوە، تێدا دەسترێژکردن ببێت بە ئەرك. من هەرگیز تەقەم نەکردووە، تەنانەت بۆ کوشتنی بالّندەیەك. بەلاّم بۆ بەرگری لە بێتاوانێك، ئەنجامدانی ئەو کارە دەبێت بە ئەرکی سەرشانم. ئەمە دژی هەلّویستی ناخمە، دژی (ئیدیوسیکراسی) یمە. بۆ ئەوەی ئەم کارە ئەنجام بدەم، دەبێ سروشتی خۆم زەوت بکەم. تەنانەت گاندیش وتی (زەبروزەنگ لە پێشی ترسنووکێتی دێت. زەبروزەنگ بەکارنەهێنان لە بەکارهێنانی چێترە، بەلاّم زەبروزەنگ لە ترسنۆکی چێترە) . . . . (لە کتێبی کاتژمێری سفر، لاپەرە ٢١–٢٢ وەرگێراوە)

رۆبێرت شتایگەپەلّد لە ووتاری (تیرۆر، تیرۆرە !بەڕاست؟) کە ولاّمێکە بە وتەی سکرتێری (پی. دی. ئێس) گابی تسیمەر) هاتووە:. . . بە بۆچوونی مونتسیکوی: ( تیرۆر ئامرازێکی زولّمکردنی ڕەهایە) . هوبز دەلّێ: ( ئامێرێکی پێویستە بۆ ئەوەی جەنگی هەموو لە دژی هەموو ڕابگیرێت) . یاقوبییەکان تیرۆریان لە دژی نەیارەکانیان (جیرۆندییەکان) و پاشان بۆ بەرگری لەخۆیان، دژی دەسەلاّتی فئودالّە ئۆرووپییە دژە شورشەکان بەکارهێنا. مارات (هاوڕێیانی گەلّ، ژمارە ١٣٢، ١٧٩٠/٦/١٣) بەلّگەی پێویستی تیرۆر بەکارهێنانی هێنا بۆ خەبات لە دژی ئەوانەی دەبنە هۆی چەوساندنەوە و زیانە کۆمەلاّیەتییەکان.

شاعیری گەورەی ئەلمانیا (شیلەر) لە هۆنراوەی (تیل) دەلّێ:

ئەگەر خەمبار نەتوانێت
هیچ مافێکی چنگ بکەوێت،
ئەگەر بارەکەی، چیتر هەلّنەگیرێت
ئازایەتی خەمەکەی
بۆ ئاسمان دەبا
و مافە هەمیشەییەکەی
بۆ خوارەوە دەهێنێت (. . .)

کانت کە بەرگری لە ناوەڕۆکی شۆڕش دەکرد، نەك میتۆدەکەی، وتی: (ڕەنگە بناغەکەی تەنها لە سروشتی ڕەوشتی جەستەی مرۆڤ هەبێت) . بەبۆچوونی فیختە، تیرۆر: (ئامێریکی پێویستە لە دژی ناڕەوایەتی کۆمەلاّیەتی) . هیگل لە (سمینار لەبارەی مێژووی فەلسەفە) بەم شێوەیە باس لە تیرۆر دەکا: (دەسەلاّتی ڕەوشتێکی ئەبستراکتە و پرەنسیپێکی ئازادی، کە ڕەتکردنەوە، کار لە سوبێکت دەکا) . هەروا لۆرێنس فۆن شتاین لەم بارەوە دەلّێ: (هەولّێکە بۆ ئەوەی ناڕەوایەتی کۆمەلاّیەتی و ناهاوسانێتی بە ڕێگای هێزەوە بروخێنرێت و هەولّدەدات لە دوای بەتەنها دەسەلاتگرتنە دەست، دیموکراتی تەواو جێ بەجێ بکات) .

پاش تێکشانی شۆڕشی ١٨٤٨، مارکس ووتی: (. . . تەنها یەك ئامێر هەیە، ژانی مردن بە دەست مرۆڤکوژەکانی کۆمەلّگای کۆن، ژانی لەدایکبوونی خوێناوی کۆمەلّگای نوێ کورت، ئاسان و چڕ بکات، ئەوەش تەنها ئامێری تیرۆریزمی شۆڕشگێڕانەیە–جلد٥، لاپەرە٤٥٧) . . . گەلێك بییەوێت بە سەربەخۆیی خۆی بگات، نابێ لە سنووری ئامێرە جەنگییە ئاساییەکان ڕاوەستێت. ڕاپەڕینی جەماوەری، جەنگی شۆڕشگێڕانە، لە هەموو شوێنێك پارتیزان، تەنها ئامێرێکە بە ڕێگایەوە گەلێکی بچوك لە دەست گەلێکی گەورە ڕزگاری دەبێ،

بەم ڕێگایەوە، کەمایەتییەك، لەشکرێکی بەهێز ڕادەگرێت، لە ڕووی هێزدار و ئەوانەی بە بەباشی خۆیانیان ڕێکخستووە بەرگری بکات (جلد٦، لاپەڕە ٣٨٧) . هەروا باسی پیاوە تیرۆریستەکانی پاشا دەکات بەم شێوەیە: (تیرۆریستەکانی خودا و پاشای پیرۆز کە لە پراکسیسدا داپلۆسێنەر، حەقیر و چەپەڵن، لە ئاستی تیئۆریشەوە، ترسنۆك، شاراوە و دوو ڕوون، لە هەردوو پەیوەندییەکانیشیاندا بێ کەرامەتن. . . جلد ٦، لاپەڕە ٥٠٥) . لینین لە ووتاری گیانی سەرچڵی شۆرشگێڕانە دەڵێ: (. . . کاتێ خۆپیشاندانەکان بەهێز بوو، دەستمان کرد بە بانگەواز بۆ ڕێکخستنی، بۆ چەکدارکردنی جەماوەر، ئەرکی ئامادەکردنی ڕاپەڕینی جەماوەریمان پێشنیار کرد بەبێ ئەوەی وەك پرەنسیب هەرگیز ئینکاری زەبروزەنگ و تیرور بکەین، داوای کارکردنمان کرد بۆ ئامادەکردنی شێوەکانی زەبروزەنگ بەئامانجی ئەوەی جەماوەر ڕاستەوخۆ بەشداری بکات و دابینی ئەم بەشداریکردنە بکرێت. . . (جلد٢، لاپەرە٢٥٢ بە عەرەبی) . لینین"ڕەفزی تیرۆری تاکڕەوانە دەکات". . . "تیرۆر بەبێ جەماوەری کرێکاران بێکەڵکە". . . "نەك ئەو تیرۆرەی کە لە پرۆسێسی شۆڕش لەلایەن جەماوەرەوە بەکاردەهێنرێت و وڵات نوێ دەکەنەوە".

بەلاّم لینین چەندین پرسیاری ڕەوا دەخاتە پێش چاو: ئایا ئەوە تیرۆر نییە، پاپۆری جەنگی هەموو جیهان، وڵاتێکی برسی گەمارۆ دەدەن؟ ئایا ئەوە تیرۆر نییە، نوێنەرە دەرەکییەکان، بە پشت بەستن بە پاراستنی دیبلۆماتییان، ڕاپەڕینی گاردە سپییەکان ئۆرگانیزە دەکەن؟ ئەمە پەیوەندی هەیە بە هێرشی چەتە جیهانییەکان، بە ڕێگای جەنگی لەشکرێکی وەحشی، کە مرۆڤ ناتوانێت بە ووشە، بە سەلماندن یا بە هەر ئامێرێکی تر، پاشەکشەیان پێبکات (لینین ٣٠، لاپەڕە٢١٢) . . . "بەلاّم دەسەلاّتی سۆڤێت لە تیرۆرەوە سەرچاوەی نەگرتووە (جلد ٣٠، لاپەڕە ٣١٧) ئەم تیرۆرە تەنها وەلاّمدانەوەیە بە تیرۆری بۆرژوازی، چونکە پۆزیتسیونێکی مام ناوەند نییە لە نێوان تیرۆری گاردە سپییەکان و پێداویستی وەلاّمدانەوەی بەسوودی تیرۆری سۆڤێت (جلد٣٢، لاپەرە٣٧٠) . . .

هەرگیز نابێ ئەو پروپاگەندە چەپەلاّنە، خۆشەویستی مرۆڤایەتی ئەرنیستۆ تشی جیڤارا لە بیرمان دەربکات! ئەم"تیرۆریستە" ئێستایش لە سەرتاسەری جیهان، وەك سمبۆلی موقاوەمەتی نەوەی نوێی ماوەتەوە. لە پرۆتێستەکانی مانگی ئۆکتۆبەر دژ بە یەکێتی ئۆروپا لە بەلژیگا، هەزاران کچ و کوڕی وڵاتە ئۆروپییەکان، بەکراسی سوور، ڕازاوە بە وێنەی جیڤارا خۆپیشاندانیان دەکرد. هێزە ئەنتی فاشیستەکان بە شانازییەوە ناوی شاری بەرگری و سەرکەوتنی"تیرۆریست"ستالینگراد بەرز دەکەنەوە! لە کوردستانیش بەشانازییەوە باسی تیرۆر و توندڕەوی ڕاپەڕیوەکان لە دژی تیرۆری ڕەشی فاشیستەکان دەکرێت. . .

ڕۆبێرت لە ووتارە ئاماژەپێکراوەکەیدا، ئەم پرسیارە بەجێیە دەکا: ئایا ئەوە تیرۆر نییە، لە بواری ژێر دەسەلاّتی ئیمپریالیزمی جیهانی، سالاّنە ٥٠ملیون مرۆڤ–لە نێوانیان١٥ملیون منداڵ لە برساندا یا بەهۆی پەتایەك کە دەکارێت بەری پێبگیرێت. . . گیانیان لە دەست دەدەن؟

ڤێرنە سیپمان لە وتاری (هیگەمۆنی و بەربەرییەت) دەنووسێت: (لە سەرەتای ١٩٩٩لەشکری ئەمریکی لە هەموو دنیا بنکەیەیان دامەزراندووە، لە ١٩٩٨دا، ٣٥هەزار سەربازی ئەمریکی لە ٢٥٠٠ئۆپێراتسیونی تایبەتی بۆ دەستتێوەردان لە ١١٢وڵات بەشداریان کردووە. لە ٧ساڵی ڕابردوودا، ٢٧ مارشی سەربازی و دەستێوەرداندا کە نرخی گشتی ٢٠ملیارد دۆلارە بەشداریان کردووە. بیل کلینتۆن، تێکڕا، هەر سێ ڕۆژ جارێك فەرمانی تەقاندنی بۆمبێکی کرۆز داوە (لە دێر شبیگل، ژمارە٥٢/١٩٩٩، لاپەڕە ١٣٤) .

پرسیاری ڕەوای ئەمڕۆ ئەمەیە: وڵاتە پیشەسازییەکان٢٠٪پێکدەهێنن لە دانیشتیوانی زەمین، کەچی بڕیاری ژیان و نەمان لەسەر دوا کرێکار و جووتیاری جیهان دەدەن، لە سەر ئاستی کرێ، نانی ڕۆژ و پۆشاکی منداڵیان بڕیار دەدەن. . . ئایا ئەمە تیرۆر نییە؟ میدیاکان پاش ٩/١١، ڕۆژی چەندین بار، تالیبانە نەگریسەکانیان پێشاندەدا، چۆن لە گۆڕەپانەکەی کابول دەستڕێژی ئافرەتێك دەکەن. . . بەمە و دەیان ڕاپۆرت دەیانەوێت بیسەلمێنن، تالیبان و ئیسلام چەند دڕندە و دژە ئافرەتن. من لاریم لە تاوان و وەحشیگەری ئیسلام نییە، بەلاّم ئەم کوشتن و زەوتکردن و ڕەفاندنەی ناو کۆمەڵگای مۆدێرن بۆچی ڕۆژانە ڕوودەدەن؟ ئەوە سەرلەنوێ، دوێنێ تالیبانە ئۆروپییەکان (ئۆروپییە تالیبانەکان) ، کە لە ئینتەرنێت، بازرگانی و سەیرکەری پۆرنۆگرافی منداڵان دەکەن، لە ئەمریکا، ئەلمانیا، فەرەنسا، بەریتانیا، هۆڵەند، بەلژیك، ئەسپانیا. . . هتد دەسگیرکران. چ جیاوازییەك لەنێوان ئەم دوو زەبروزەنگە هەیە؟ ڕەنگە یەکێك بڵێ"تالیبانەکان بەپێی شەریعە ئەو تاوانە دەکەن، لە ئۆروپا و ئەمریکا یاسا ڕێ بەم جۆرە تاوانانە نادەن، ئەوەی پێ هەستێت، سزای قورس دەدرێت. بەلاّم پرسیارەکە بایەخ بە شتێکی تر دەدات: بۆچی ئەم تاوانانە ڕوو دەدەن؟ ئیسلام تەنها یەك ڕووی تاوانەکەیە، ئەی ئەوانی تر؟ تازە"مۆدێرنەکان"ی کوردستان بەهیچ شێوەیەك باسی ڕووی دڕژی تری

تاوانەکان ناکەن! کەسانی وا گێل دەناسم، پشتگیری لە تیرۆریزمی جەنگی فاشییەتی عەرەبی دەکرد. لە نامیلکەیەکیدا وتوویەتی: ( ئێمە وای دەبینین، مەحکومکردنی داگیرکردنی کووەیت لە بەر ئەو هۆیانەی سەرەوە درووست نییە. بەهەمان شێوە، میسریش مەحکوم ناکەین، ئەگەر هاتوو ڕۆژێك، سعودیەی عەرەبی داگیر بکات و سعودێکان برۆخێنن. ئێمە لەگەڵ کۆمەڵگای– هۆز نین. لاپەڕە ١٤–هۆ و بناغەکانی قەیرانی کەنداو، بەزمانی ئەلمانی) .

وەك بڵێی ڕژێمی فاشیست لە عیراق دەسەڵاتی هۆزی تکریت نییە! کەس و حزبی پێشکەوتوخوازتان بینیوە پشتگیری لە جەنگی کۆنەپەرەستانە بکات؟) )

مەبەستم لەم ووتارە ئەوەیە، تاوانی بە یەکچاوسەیرکردنی جەنگ، تیرۆر، زەبروزەنگ بۆ چەندین جاری تریش بخەمە پێش چاو! ئەرکی ئێمە ئەوە نییە، بە شێوەیەك لە شێوەکان جەنگی دوژمنانی مرۆڤایەتی مەحکوم نەکەین، بە پێچەوانەوە، دەبێ پێش هەموو شتێك بە ڕوونی هۆی شەڕەکانیان بزانین، بە هەموو ئامێرەکانی خەبات لە دژیان ڕاوەستین و سوود لە بچوکترین بوار وەربگرین بۆ ڕسواکردن و لێدانیان (هەر بە خۆپیشادانەوە تا دەگاتە توانای چەك بەکارهێنان! ئەوە هەر جەنگ، تیرۆر و زەبروزەنگی هێزی چینی شۆڕشگێڕە، بنەمای ژیانی ئاشتی و دۆستایەتی گەلان دادەمەزرێنێت.

٢٠٠١/١٢/٨

تێبینی: ئەم جۆرە بۆچوونە شیوعییانە، شوێنی تێگەیشتن هەندێ کەس و ناوەند نییە، بۆیە هەوڵ دەدەن، بەناوی نهێنی یا بە شێوەیەکی دزێوانە، لێرەو و لەوێ بەتاڵی فکر و هۆشیاریان دەربڕن، هەندێ جار بە هۆهێنانەوەی ئەخلاقیانە! بەڵێن بەو جۆرە کەسانە دەدەم، ئەگەر مارکس و لینین و زاناکانی تر لە گۆڕەکانیانەوە هەستانەوە، هەوڵ دەدەم بیانهێنم بۆ لای جەنابی ئەو کوردانە تا فێریان بکەن، "جنێو" بەنەیارەکانیان نەدەن، "بەڕێزەوە"بنووسن. . . من ئێستا "تێگەیشتم" کە ڕەوشت و شێوازی نووسینی ئەو کەسانە لە ڕەوشت و شێوازی مارکس و لینین بەرزترە!!

هۆی ڕاستیی ئەم جەنگە. . .

بزووتنەوەی ئاشتیخواز، ڕۆشنبیرانی ئازادیخواز، شیوعی و چەپەکان

لە کوێ ڕاوەستاون؟

(١)

لە پێناو ڕاکێشانی لوولەی نەوتی کازاخستان (نزیکەی ٢٨ملیارد تەن نەوتی تێدایە، واتا دووهەم یەدەکی نەوت لە جیهان) ، بەناو زەمینی ئەفغانستان تا ناو پاکستان، CIA و موخابەراتی پاکستانی، بە هەموو توانایەکیان پشتگیریان لە بزووتنەوەی تالەبان کرد، تا دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت. پێشتریش وەك هەموومان دەزانین، بن لادن و بزووتنەوەی ئیسلامی لە ئەفغانستان، ئالآی دەستی ڕۆژئاو و ئەمریکا بوو لە دژی "رووسە تیرۆریستەکان". ئەی ئەمڕۆ بۆ چی؟ لە بەر ئەوەی بن لادن و ئەلقاعیدە بەرپرسیارن لە ئەکتسیونەکەی ٩/١١ یا هۆی تر هەیە؟

ئەم پرسیارە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ پێشی سێ ساڵ. ئەو کاتەلە گۆڤاریiSW ژمارە٤٠ کە لەلایەن سەنتەری سۆسیال–ئیکۆلۆگی بۆ لێتوێژینەوەی ئابووری، نووسرابووە: بیرەوانە ستراتیژەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، باسی"پشتێنی سیاسی زەوی لەرزە"دەکەن کە لە بەلقانەوە تا قەوقاز و سنووری چین دەگرێتەوە. دەبێ ئەم بوارە لە بەرژەوەندی ڕۆژئاوا و نەریتەکانیدا، توندو تۆڵ بکرێت، لە کاتی پێویستیشدا، بەرێگای سەربازییەوە. لە ١٦/سێپتیمبەر/١٩٩٧ لە کازاخستان، بە بەشداری لەشکری ئەمریکی، تورکی و هەر سێ کۆمارەکەی ئاسیای ناوەڕاست–کازاخستان، تورکمنستان و ئوسبەکستان–یەکەم مانۆڤەری سەربازیان ئەنجام دا. فرۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا سێ جار بە ئاسمانی ناوچەکە فرین. ڕۆژنامەی زیوریخ لە ١٩٩٧/٩/١٧ نووسی: (پەیامی سیاسی ئەم مانۆڤەرە لە بەرچاوە. واشینتون، توانا و ویست وئارەزووی خۆی و هاوکارەکانی لە ناوچەکە، لەسەر ئاستی سەربازیشەوە پیشاندا.)

– دەتوانن هەموو بابەتەکە لە کتێبی ئیلکترۆنی (سوو ڕوژمان بودەو) کە لە ماڵپەڕیwww. nuserikurd. com بڵاوکراوەتەوە، ببینن.

ئەم بەڵگەنامەیە پیشانمان دەدات کە:

١/ ئەمریکا دەمێکە خۆیی بۆ جەنگێکی بەرفراوان و درێژخایەن لەم ناوچەیە ئامادەکردووە.

٢/ ئەکتسیونەکەی٩/١١ ئەم کارتێکردنەی هەبوو: بیانوهێنان بۆ مۆبیلکردنی میدیا و خێراکردنی ئەم جەنگە!

٣/ ئەم جەنگە هیچ پەیوەندی بە"جەنگی شارستانییەکان"لە پێناوی ئازادی و دیموکراتییەت و مافی ئافرەتانەوە نییە. ئەگەر وا بوایا، ئەوا دەبوایە پێش چەندین ساڵ جەنگ لە دژی سعودیە، قەتەر، ئیمارات و ئێران و سودان. . . بەرپا بکرابا. لە جەزایەر نزیکەی ٥٠هەزار کەس بە دەستی دڕندە شمشێر لە دەستەکان کوژران، هیچ وڵاتێکی"شارستانی" نەهاتە گۆ. تەنها گێلەپیاوەکان بە فرمێسکی جەنەراڵە "شارستانییەکانی" پینتاگۆن و میدیاکانیان هەڵخەڵەتان و کەوتنە هاوپشتی لە گەڵ"خەڵکی ئەمریکا" لە دژی"تیرۆری وەحشیگەری". ئەوەتە مەنسور حیکمەت (بۆ نموونە) بەشێوەیەکی زۆر هەزەلی، دەهۆڵ بۆ هێرشی ئەمریکا لێدەدات. مەنسوور دەڵێ: ( بەڵام ڕوخاندنی تالیبان لەلایەن سوپا دەرەکییەکانەوە خۆی لە خۆیدا مەحکوم نییە. –ئۆکتۆبەر ژ٢٤لە١٠/١٥) هەر لێرەشدا بە عەبقرییەتێکی دەگمەنەوە، کە نابێ کەس ئێرەیی پێببات، دەڵێ: ( بزووتنەوەی"ئینساندۆستانە"، و ئاشتیخوازنە وەڵامی هەلومەرجی ئەمڕۆ ناداتەوە. بەڵام نفوزی ئەم بزووتنەوەیە بەتایبەت لەنێو خەڵکی سادەی کۆمەڵگای غەربی دا (من خەتم بەژێریدا کێشاوە، تکایە پێمەکەن) ، بە هۆی دژی زەبروزەنگیی و ئینساندۆستی و هەروەها محافەزەکاری خۆبەخۆی خەڵکەوە، زۆر فراوانە. . . هتد. مەنسوور زۆر بە شێوەیەکی نەرم، درۆیش هەڵدەواسێ–ئەی خۆ نەخوێنەوار نییە–، گوایە ئەو هێزانە" هەڵویستێکی بەم جۆرە دەخالەتی ئەمریکا لە ئەفغانستان مەحکوم دەکات، بەڵام لە بەرامبەر حوکمڕانی تالیباندا خۆی بە بەرپرس نازانێت، خەڵك هاندان لە دژی موسڵمانەکان و ڕاسیزم مەحکوم دەکات، بەڵام هۆیەك نابینی بۆ گوشاردانان لەسەر ئیسرائیل و ئەمریکا بە قازانجی خەڵکی فەلەستین" ئەمە هەر بە جارێك درۆیە، چونکە زۆربەی هەرە زۆری کۆمونیست و چەپەکان، لە دژی حەسار لەسەر عیراق ڕاوەستاون و پشتگیری لە خەباتی فەلەستینێکانیش دەکەن. ئەمجار زۆر بە ڕوونی دەڵێت: لەبەرامبەر خودی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان دەکرێ چی بڵێن. ئایا"دەست لە ئەفغانستان هەلگرن!" هەڵویستێکی مەبدەئی و پێشڕەوە؟ خەڵکی ئەفغانستان و ئۆپۆزیتسیونەکەی شتێکی دیکەی جگە لە مەتان پێدەڵێن. . . ". (بۆ نموونە، بڕوانە ماڵپەڕی www. hemid. com بۆ ئەوەی بەیاننامەی حزبی کۆمونیستی ئەفغانستان–بەزمانی فارسی– ببینن و بەراوردی بکەن لە گەڵ درۆکەی مەنسوور)

ئایا ئەم بۆچوونانە، بۆچوونی نەوکەران نییە؟ شوێنی گومان و نەفرەت نییە؟

هەڵویستی کۆمونیست و چەپەکان:

هەلگری خەڵاتی نۆبل کونتەر گراس ( (ببورن گراس پیاوێکی سادەیە!!) ) ، ئیمزای بانگەوازی خۆپیشاندانی ڕۆژی ١٠/١٣ لە شتوتگارد، کرد. ڕۆماننووسی هیندی ئاروندەهاتی ڕوی لە وتارێکی دا، ئەمریکا وجەنگەکەی بە بەرپرسیار دەزانێت و زۆر بە توندی مەحکومیان دەکات و دەڵێت کە تالەبانییەکان بەدەستی خودی ئەمریکاوە درووستکراوە و نەوکەریان بوون. (فرانکفۆرتە ئەلگماین لە ٩/٢٨) . لە شارێکی بچووك وەك گوێتنگن، دوو ڕۆژ لە سەر یەك نزیکەی ١٠٠ئەنتی ئیمپریالیست، ئەنتی فاشیست و کۆمونیست لە ڕۆژی ٩و١٠/١٠کاتژمێری ١١شەو خۆپیشاندانیان لە دژی جەنگ بەرپاکرد. درووشمەکەیان– نا بۆ ئەمریکا، نا بۆ بن لادن و ئەلمانیا، خەبات دەکەین لە پێناوی جیهانێکی تر–. وەك پرۆتێستێك، بانقێك و چەندین دوکانی ناو شاریان وێرانکرد. سەرەڕای ئەوەی ئەم ئەکتسیونە بچوك بوو، بەڵام هێزێکی لەبەرچاوی دا بە بزوتنەوەی دژ بە جەنگ لە ئەڵمانیا!

هەموو حزبە کۆمونیستەکان، هەموو ڕێکخراوە ئەنتی فاشیست و ڕاسیستەکان وهەموو بزووتنەوەی ئاشتی لە ئەلمانیا و لە سەر ئاستی جیهان، لە دژی جەنگی ئەمریکا و ناتۆ خەبات دەکەن ( (چەند سادەن ئەم هێزانە!!) ) . سکرتارییەتی حزبی کۆمونیستی ئەلمانی لە ڕاگەیاندنێکیاندا داوای: ( ڕاگرتنی هەموو بەرخوردە جەنگییەکانی ئەمریکا و ناتۆ دەکەن. . . دەبێ ڕێکخستنی جیهانی ئێستا بگۆڕدرێت. . . سۆلیداریتێت، یەکسانی هەموو گەلانی سەرزەمین، ئاشتی و ئاسایش، ڕێکخستنی جیهانی نوێی گەرەکە.) و داوایش لە هاوڕێ، سمپات و دۆستەکانیان دەکەن، لە هەموو فۆرمێکی خەبات لە دژی ئەم جەنگە بەشداری بکەن. لە بەیاننامەکەی حزبی شیوعی ئەفغانستان نووسراوە: مەرگ بۆ جەنگی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرەستەکان. لە ڕاگەیاندنی حزبی دیموکراتە سۆسیالیستەکان لە ١٠/٧ هاتووە: ( بۆردومان و ڕاکێت لێدان، ڕاوەستێت!. . . هێرشی ملیتاریستی ئەمریکا لە دژی ئەفغانستان وەڵامێکی هەڵەیە لە دژی هێرشی جەنگخواز و تیرۆریستی سێپتێمبەر. بە ڕوونی دەرکەوت، ئەمریکا، هێرش بەسەر فرۆکەخانە دەکات، نەك بەسەر سترکتورە گومانلێکراوەکانی تیرۆریستەکان.) لە ١٣/ ١٠ زیاتر لە٢٠هەزار کەس سەر بە٦٠ ڕێکخستن لە شتوتگار لە پێناوی دژی جەنگ و لە پێناوی ئاشتی و دادوەری لە جیهان خۆپیشاندانیان کرد. هەمان ڕۆژ لە بەرلین ٧٠هەزار کەس بۆ هەمان مەبەست

چوونە سەر جادە و داوایان لە حکومەت کرد، سەرباز بۆ جەنگ دژی ئەفغانستان نەنێرن. مۆدیراتۆری خۆپیشاندانەکە (یوتا کاوش) وتی: بۆردومانکردنی شارەکانی ئەفغانستان، "تۆڵەسەندنەوەیەکی" ڕەوا نییە، بەڵکو جەنگێکی بەربەرییە. گۆڤاری شتێرن لە ۱۰/۱۳ . شرۆدەی سەرۆك حکومەت (سۆسیال دیموکرات) لە دژی خۆپیشاندەران وتی: (با ڕووی دەمیان لەوانە بکەن کە ئەم گێروگرفتەیان دروستکرد. ڕۆژئاوا نە ئەم گێروگرفتەی ویستووە و نەیش خوازیاری هەڵگرتنی ئەم ئامرازەیە.) لە بەیاننامەی شورای چەپی ئیکۆلۆگی هاتووە: (لێدانەکەی پنتاگۆن و بانق و سێنتەری دراویwtc لە نیویۆرك، لەلایەن حکومەتی ئەمریکی و حکومەتەکانی ناوەندە ئیمپریالیستەکانی تری خاوەن بەرژەوەندی و نوێنەری سەرمایە، وەك هۆیەك بەکاری دەهێنن بۆ هێرش بەرپاکردن. . . ئەوە ڕاستییەکە کە لەو سەنتەرەدا، لە پێناوی سەرمایەی جیهانی، چەوسانەوەی مرۆڤ لە سەر ئاستی جیهان بەکاردەهێنن. . . . سیمای سەرەکی بەرخوردی دەڵەتی لە گەڵ قوربانییەکاندا، ئەوەیە بەکاریاندەهێنن: پرسە بۆ مرۆڤەکان ناگێڕن، بەڵکو بۆ "ئەمریکا". هەزاران ئیندڤیدیوم و بیوگرافی لەناونەبران، بەڵکو"مەدەنییەت"، "ڕۆژئاوا". . . هتد. خەبات لە پێناوی یەکسانی کۆمەڵایەتی و ئازادی ڕاستەقینە، خەباتێکە لە دژی سەرمایەداری و جەنگی ئیمپریالیستەکان وله دژی دیکتاتۆرەکانی وەڵاتە یەکگرتووەکانی ئۆرووپایش!

هیچ کۆمونیستێك یا چەپێك بۆی نیە سمپاتی بۆ لایەنێك لە لایەنەکانی ئەم جەنگە هەبێت. دەبێ بەوپەڕی هێزەوە لە دژی جەنگی ئیمپریالیستەکان ڕاوەستین و پشتگیری بکەین لە خەباتی هێزە کۆمونیست و ئازادیخوازەکانی ئەفغانستان لە دژی دەسەڵاتی دڕندەکانی تالیبان و ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی تر!

## گفتوگۆ لە گەڵ Manuel Menendez Diaz

سەرنووسەری (گرانما) گۆڤاری تیئۆری حزبی کۆمونیستی کوبا

پرسیار: هەشت دەوڵەت خۆیان بە سەرکردەی جیهان داناوە. ئەم پرۆسێسە تا چ ڕادەیەك دیموکراسییە؟

لە پاش جەنگی جیهانی دووهەم، نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزارا، ئێستا ئەم ۷ دەولەتەکە (ڕوسیا ناژمردرێت) یەکیان گرتووە، خۆیان بە حکومەتی جیهانی داناوە، بەبێ ئەوەی هیچ ڕیزێك لەو بڕیارانە بگرن کە لەپاش جەنگی جیهانی دوو بڕیاریان لەسەر دراوە. دامەزراندنی گ۷ لەلایەن ئەمریکاوە دەستپێشخەری کراوە، بۆ ئەوەی کارتێکردنی سیاسی خۆی لە دنیا بەهێزتر بکات. ئەم دەوڵەتانەلە۱۹۸۰ یەکیانگرتووە لەسەر پەیڕەوکردنی سیاسەتی لیبرالیزمی نوێ.

پرسیار: هیچ جیاوازییەك یا ڕەهەندێکی نوێ دەبینین لە نێوان سیاسەتی کۆلۆنیالیزمی کۆن و نوێ؟

وەڵام: بەڵێ، بەڵام لە پرەنسیپدا هەمان شتن. بەئاسانی هەر ئەوەیە، زەبروزەنگ بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی فەرمانڕوایی وڵاتانی تر بکەن. ئەوەی ئەمڕۆ زۆر مەترسیدار بێت ئەوەیە، کۆمەڵگایی نیونەتەوەیی لەم بارەیەوە دەنگ هەڵنابڕێت.

پرسیار: گ۸ کۆنسێنتراسیونی دەسەڵاتی سەرمایەی جیهانییە. ئایا ئەو کاتە هاتووە، حزبە کۆمونیستەکانیش، بۆ نموونە ئێوە لە حزبی کۆمونیستی کوبا، هەوڵ بدەن ئینتەرناسیونالیزمی کۆمونیستی سەرلەنوێ دابمەزرێتەوە؟

وەڵام: ئێستا زۆر باس لەم بارەیەوە دەکرێت، ڕێکخراوێکی کۆمونیستی جیهانی دابمەزرێت. ئەگەر بمانەوێت ئەمە جێ بەجێ بکەین، دەبێ سوودێکی زۆر لە ڕابردوو وەربگرین. بەڕای من ئینتەرناسیونالیزمی سێهەم زۆر لایەنی پۆزەتیڤی هەیە، بەڵام هەڵەیش کراوە.

پرسیار: تا چ ڕادەیەك ئەم بیرۆکەیە، گفتوگۆی لەسەر دەکرێت؟ لە پراکسیسدا چ هەنگاوێکی عەمەلی نراوە؟

وەڵام: گفتوگۆ و سمینارگێڕانێکی زۆر لەم بارەیەوە دەکرێت، زۆر لەو حزب و گروپانە دەناسم کە بۆ ئەم مەسەلەیە کار دەکەن. سەرەڕای ئەوەش ئەمە ئاسان نییە، زۆر سەختە، هەر لایەنێك بۆچوونی تری هەیە، لە نێو چەپەکاندا جیاوازییەکی زۆر هەیە لە بۆچووکان. ئەوەی بە گرنگی دەزانم، ئەوەیە، ئێمە دەبێ لەسەر خاڵە سەرەکییەکان یەکبگرینەوە.

پرسیار: ناکرێت لەبارەی ئەم خاڵە هاوبەشانە، دابمەزرێتەوە؟

وەڵام: هەڵبەت، دەتوانین، ئایا لەم بارەیەوە یەکدەگرین؟ چونکە لێرەشدا بۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام چەندین گرفت ڕووبەڕووی هەموو دنیا بووەتەوە. دەبێ ئێمە پێکەوە کار بکەین، بۆ نموونە لە دژی سیاسەتی لیبرالیزمی نوێ. ئەم پرۆسەیە ئەوەندە کلۆباڵە، تەنها کۆمونیستەکان یەك ناخەن، بەڵکو هێزەکانی تریش.



www.kurdistannet.org

پرسیار: له كۆبوونەوەی ساڵانەی حزبی كاری بەلژیكا، (لولا) ی بەرازیل پێشنیار دەكرد، هەموو كۆمونیست، ئەنتی ئیمپریالیست و چەپەكان له دنیا پێكەوە كار بكەن. پێش چەند ساڵێك له كۆریای باكوریش هەوڵێكی وا درا، بەلاّم كوبا ئەم جۆرە هەنگاوەی نەناوە؟

وەلاّم: كوبێكان لەم بارەیەوە دیسكسیون و دیباتی زۆر دەكەن، پێشی دوو ساڵ كۆنفرانسێكی جیهانیمان رێكخست بۆ ئەوەی گفتوگۆ له بارەی پەرەسپێكتیڤی سۆسیالیزم بكەین. خاڵی یەكەم ئەوە بوو، داخۆ سۆسیالیزم دەتوانێت ببێت بە رێگایەك یا نا. بە گوێرەی زانیم دیباتەیەكی زۆر هەیە لەم بارەیەوە له هەموو جیهان.

پرسیار: ئەمڕۆ زۆر لەبارەی جەنگ له دژی تیرۆریزم دەدوێن. هیچ جیاوازییەك له نێوان جەنگ و تیرۆر دەبینن؟

وەلاّم: گرفتەكە لە پێناسەكردنی تیرۆریزمە. ئەمڕۆ زۆر باسی تیرۆریزمی دەوڵەتی دەكرێت. ئەوەی ئەمریكا لە دژی عیراق دەیكرت، تیرۆریزمی دەوڵەتییە، ئەمریكا ئەو مافە بەخۆی دەدات بۆ وەلاّتان مارش بكەن، بۆردومانیان بكات و ئەوەی بیانەوێت بیكەن، ئەمە تیرۆریزمی دەوڵەتییە. زاراوەی تیرۆری دەوڵەتی دەربرینێكە بۆ جەنگ.

پرسیار: ئەوە٥٠٠ساڵە مێژووی جەنگ، كۆمەڵكوژی و كویلایەتی ئەمریكایە لە ئاستی دنیا، كۆمونیست و چەپەكانی ئەمریكای لاتین ئێستا لەم بارەیەوەچی دەڵێن؟

وەلاّم: نەك تەنها كۆمونیستەكان یا چەپەكان، هەموو خەڵك له وەلاّتەكانی ئەمریكای لاتین، لە دژی بەرخوردی ئەمریكان. بۆ نموونە سیاسەتیان لە دژی ساندنیستەكان لە نیكاراگوا و دژی وەلاّتەكانی تر.

پرسیار: چۆن خەباتی ئەنتی ئیمپریالیزم لە ئۆروپا وەك سێنتەری دڕندایەتی، دەبینن؟ چ بكەن باشە؟ ئەمڕۆ چ ئەركێكیان لە سەرە؟

وەلاّم: ئەمریكا سەنتەری دڕندایەتییە نەك ئۆروپا. گرفتە گەورەكە ئەوەیە، خاوەن سەرمایە زلهێزەكان لە ئەمریكادان و خاوەن سەرمایە ئۆروپییەكان لە پشتی واندا، راوەستاون. من لەو بڕوایەدام، ئەمڕۆ دوژمنی سەرەكی مرۆڤایەتی، ئیمپریالیزمی ئەمریكای باكورە. لە نێوان ئیمپریالیزمی ئەمریكی و ئۆروپی ناكۆكی هەیە، ( و یابانیش!) ئێمە هەوڵدەدەین سوود لەم ناكۆكییە وەربگرین. هەندێ جار، خەڵكی وان هەن لەمە تێناگەن، چونكە وا دەیهێننە پێش چاو وەك بڵێی كوبا پشتگیری لە سیاسەتی دەوڵەتە ئۆروپییەكان دەكات. لە نێو ئەم ناكۆكییانەدا كوبایش زۆر دابراوكراوە، ناچاركراون سوود لەم ناكۆكییانە وەربگرین. بۆ نموونە ئێمە پشتگیری لە ئۆیرۆ ناكەین لەبەر ئەوەی دراویكی (سەرمایە) یەكی بەهێزە، بەڵكو وەك ئامرازێك لە دژی دۆلاری هێزدار كە دەسەلاّتی بەسەر دنیای گرتووە.

پرسیار: ئێمە نابێ لە هێز و رۆڵی ئۆروپا و سیاسەتەكانی بە سەركردایەتی ئەلمانیا كەم بكەینەوە. ئەمانیش مەترسییەكی گەورە پێكدەهێنن. ئەوەی دەیڵێن زۆر خەترە، چونكە پەیوەندی بە ئەنتی ئەمریكانیزمەوە هەیە.

وەلاّم: وایە، راستدەكەیت.

(بۆ نموونە شەركەتە گازەكان و بیولۆگییەكانی پشتگیریان لە عیراق كرد. هەموو چەكە ستراتیژییەكانی عیراق لەسەریان نووسراوە: لە ئەلمانیا درووستكراوە) .

پرسیار: ئەگەر دوو جەردە لە دژی یەكتر بجەنگێن، ئێمە (بۆ نموونە) وەك خەڵكی عیراق و كوبا لە كوێ راوەستین؟

وەلاّم: كە یەكێك لە دژی زەبروزەنگی ئەمریكا و بریتانیا لە دژی عیراق هەڵویست وەردەگرێت، مانای ئەوە نییە پشتگیری لە سەددام دەكات. لە هەموو گرنگتر ئەوەیە لەم پرۆتێستەدا، لە دژی دەستدرێژی ئەمریكا و بریتانیا راوەستین. ئەمەش هەلێكە بۆ ئەوەی چەپەكانیش یەك بگرن.

(درووستە، ئەگەر هاوپشتی لە گەڵ خەڵكی چەوساوەی عیراق بكرێت. بە پێچەوانەوە، ئەگەر تەنها لە دژی دەستدرێژەكەیان بێت، لەلایەن راگەیاندنەكانی رژێمی عیراق سوودی لێ وەردەگیرێت) .

مانوێل: ئێمە وەك حزبی شیوعی كوبی پشتگیری لە هێزە چەپەكانی عیراق دەكەین. بەلاّم لە ئاستی حكومەتی پەیوەندی دیپلۆماتی هەیە، وەك پەیوەندی دیپلۆماتی لە گەڵ ئەلمانیا، ئەمە مانای ئەوە نیە ئێمە پشتگیری لە ئەلمانیا یا هەر دەوڵەتێكی تر دەكەین.

پرسیار: لە ژێر بارودۆخی سەختی ئێستای كوبا، دوژمنای شۆرشی كوبی تا چ ئەندازەیەك توانیویانە سوود لەم بارودۆخە وەربگرن؟

وەلاّم: هیچ بەختێكیان نییە، ئەوانە بە ئەمریكاوە گرێدراون و زیاتر لە ئەمریكادا هەن. بۆ كوبا، هیچ ریئالیتێتێك نییە تەنها سۆسیالیزم نەبێت، ئەگەر ئەمە نەبێت، دەبین بە كۆلونییەكی ئەمریكی.

پرسیار: له سیمینارەکەی دوێنێ وتت کە له دوورترین دێهاتەکانی کوبادا، قوتابخانەکان کۆمپیوتەریان هەیە؟

وەڵام: ئەمە بەرنامەیەکە ئێستا جێبەجێ دەکرێ. لە هەر سنفێك بەرنامەی تەلەفزیونی بۆ فێربوون دابینکراوە. ئەگەر ژمارەکەم بەدرووستی بەبیر بێت، له ١٦٠٠قوتابخانە پەیڕەو دەکرێت. ئێستا ناتوانین بۆ دێهاتە دوورەکان کۆمپیوتەر دانێین، ئەمە زۆر گرانە. لە قوتابخانەکانی دێهاتە دوورەکان، ئەو تەلەفزیونانە بە هێزی کارەبای سولاریوم بەکاردەهێنرێن. قوتابخانەی بچوك (٤–٥) قوتابی هەیە، بەڵام ئەو بەرنامەی فێربوونەیان بۆ دابینکراوە.

پرسیار: کوبا زۆر هەژارە، چۆن پێتاندەکرێت، بەرنامەی وا جێبەجێ بکەن؟ ئایا سوود له هاریکاری جیهانی وەردەگرن؟

وەڵام: هەڵبەت هاریکاری نیونەتەوەیی هەیە، بەڵام ئەم بەرنامەیە حکومەتی کوبا پێهەڵدەستێت. لە بەرنامەی دارایی دەوڵەت، زیاتر لە ٣٥٪ بۆ بواری فێربوون خەرج دەکرێت. ئێمە بیر لە خزمەتکردن و پەرەپێدانی هەمە لایەنەی مرۆڤ دەکەین، نەك قازانجی بازاڕ! (تێبینی: ئەم بەرنامەیە ناوی (زانکۆ بۆ هەموو) ە، ملیونان کوبی بەشداری لەم بەرنامەیە دەکەن. لە ١٠/٢٩ساڵێك بەسەر ئەم بەرنامەیە تێپەڕی. کاسترۆ لەم بارەیەوە وتی: ئەمە گەورەترین زانکۆی وەڵاتەکەمانە. . . نوێترین تاقیکردنەوەیە لە جیهانی تینوێتی بۆ زانست له سەر ئاستی جیهان–ڕۆژنامەی گرانما/ئینتەرناسیونال– کە ئەم هەواڵەم خوێندەوە زۆر بەزەییم بە خۆم هاتەوە، چونکە پێشی پتر لە دوو، پێشنیارێکی لەم جۆرەم کرد، بەڵام کێ گوێی لە پێشاری وا دەبێ! ! س)

ئێستا بە هۆی قەیرانی چەند ساڵی ڕابردوو، لاوان پاش تەواوبوونی خوێندنەکەیان بێکار دەبن. ئێستا حکومەت بەرنامەیەکی تری هەیە بۆ پەرەپێدان بە زانینی ئەو لاوانە. ئەوە ناکۆکییەکە کە لە وەڵاتێکی سۆسیالیستی بێکاری هەیە، گرفتەکە ئەوەیە توانای ئابووریمان نییە، سەرمایەگوزاری بکرێت بۆ ڕەخساندنی بواری کارکردن، بۆیشە ناچارین سەرمایەکوزاری دەرەکی قبووڵ بکەین، وەك قوناغێك بۆ ڕزگاربوونمان لەم بارودۆخە و بۆ ئەوەی پیشەسازیمان تازە بکەینەوە، و بواری کارکردن بۆ لاوەکان خۆش بکەین، لاوەکانمان فێری تەکنەلۆژیای نوێ دەکەین. لەمەدا بە گوێرەی یاساکانی ئابووری بازاڕی ئازادی پەیڕەو ناکەین.

پرسیار: پاش ئەوەی نەختێك سنوورتان بۆ سەرمایەگوزاری دەرەکی کردەوە، ڕێژەی ئەو سەرمایەیە لە چ ئاستێکدا بوو؟

وەڵام: ئەوەندە نەبوو. بە پلەی یەکەم لەبواری هوتێلەکان بەکارهێنران. ئۆبێکتی هوتێلەکان موڵکی دەوڵەتییە، ئەو سەرمایانە تەنها لەبواری مێنجمێنتی هوتێلەکان بەکاردەهێنران. لە ساڵی ڕابردوودا، لەلایەن شەرکەتێکی فەرەنسی، کارگەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبا بە گاز دامەزرا. بەڵام بەپێی ڕێککەوتنەکەمان، پاش ٧ساڵ دەبێت بە موڵکی دەوڵەت. ڕێکەوتنی جۆراوجۆر دەکەین. ئێستا لە گەڵ ٤٠٠ خاوەن سەرمایەدار ڕێکەوتنمان هەیە.

دوا پرسیار: وەك بیرمەندێکی کۆمونیست پێشنیاری تۆ چییە لەبەرامبەر سیاسەتی باڵادەستی ئەمرۆی جیهان؟

وەڵام: ئەمرۆ کۆنکرێت لەبارەی جەنگ لە ئەفغانستان، دەبێ مرۆڤەکان بەخۆیان هوشیار بن بەوەی کە ئەم جەنگە بە هیچ نامانگەیەنێت. گەیشتنمان بە ئاشتی لەم ناوچەیە، مانای ئەوە نییە، هەموو گرفتەکان چارەسەر دەکرێن. ئەمرۆ گرنگ ئەوەیە ئەو جۆرە ستراتیژییەی ئەمریکا نەهێڵین سەربکەوێت. لەو بڕوایەدام ئەم جەنگەی ئێستا هەیە لە ئەفغانستان تەنها تاقیکردنەوەیەکی ئەمریکییە و درێژەی دەبێت و بۆ ئەوەیە بزانن چ ئیمکاناتێك هەیە ببن بە تاقە دەسەڵات لە جیهان.

زۆر سوپاستان دەکەم هەروا زۆر سوپاسی زابینە دەکەم کە گفتوگۆکەی لە ئەسپانییەوە بۆ ئەلمانی وەرگێڕا.

٢٠٠١/١١/١٤

مەنسوور حیکمەت: ئۆکەی بۆ جەنگی ئەمریکی لە ئەفغانستان!

پێش ماوەیەك نووسیم (ئێمە لە جیهانێکی نوقم بوو لەناو تیرۆر دەژین و چەندین نموونەیشم هێنابووەوە) . لە کۆنفرانسی ڕێکخراوی ATTAC، یان تسیگلەر وتی: (جیهانگیری، تیرۆرێکی ڕۆژانەیە. . . سەرەڕای بەرفراوانی زەبەلاحانەی بازرگانی جیهانی لە دەساڵی ڕابردوو، هەژاری هەر گەشەی کردووە) (١) .

لە ٩/١١دا، "یەکەم جارە" ئیلزیونێك، بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە، بە بێ ئارایشکردنێك، لە هۆشی هەموو مرۆڤایەتییدا داڕووخا: دەزگای سەربازی و موخابەراتی و تەکنەلۆژی هیچ دەوڵەتێك، بەقەد ئەمریکا باڵادەست نییە، کەچی ئەمجار نەیانتوانی ڕێ لەو

ئەكتسیونە بگرن، بێگومان لە دوا ڕۆژیشدا، ناتوانن ڕێ لە كاری وا بگرن. بەپرسێكی ئەمریكیش ئەم پرسیارەی كرد: (جا –cia–یمان بۆچییە؟

واتە، ڕێگای تر هەیە، نەهێڵن ئەو جۆرە ئەكتسیونانە ڕوو بدات، ئەوەش ئەوەیە، (بۆ نموونە) دەبێ حكومەتی ئەمریكی دەست لە ملهوڕییە جیهانییەكانی هەڵگرێت. ئەوە چ لۆژیكێكی سەرشێتانەیە، بۆ خۆی سیستێمی دیموكراتی هەڵبژاردووە، كەچی، وەك هەر دیكتاتۆرێكی تر، لە بری گەلی ئەفغانستان، زاهیر شای هەڵبژاردووە بۆ سەرۆكایەتی كابینەی حكومەتی پاش تالیبانەكان!!

Mumia Abu-jamal زیندانییەكی سیاسیی ئەمریكییەو بە مردن سزا دراوە، دەنووسێت: (ئافرەتێك بە دەنگێكی زۆر خەمگینەوە تاكای لە مۆدیراتۆرە سەرسوڕماوەكەی كرد، ڕێگا بە پرسیارەكەی بدات< بۆچی ئەم مەردمانە ئەوەندە زۆر ڕقیان لە ئێمەیە؟< پرسیارەكەی، ئەو بۆچوونانە كە ئەمڕۆ میدیاكان بلاوی دەكەنەوە، پیشان نادات، بەڵكو بۆچوونی ملیونان ئەمریكی، كە تەماشای وێرانییەكەی سێنتەری بازرگانی جیهانی دەكەن، پڕ دەبن لە نەفرەتێكی ڕەش و پرسیار لە خۆیان دەكەن: بۆچی؟. ئەمە نموونەی كاردانەوەی ئەمریكاییە، نموونەی كلتوورێكە، ڕابردووی خۆی ناناسێت، تەنها سبەی دەناسێ و چێژلێبردنە جەستەییەكەی، ئایسكریمەكەی دەستی و ئۆتۆمبیلە لۆكسۆسەكەی. . . بۆردومان كردنی. . . . لە ٩/١١ دەستی پێ نەكرد، هەروا وایش نییە وەك هەندێ سیاسەتمەدار لە بارەیەوە دەیلێن (جەنكێكە لە دژی تسیڤیلیزاتسیون) . . . مۆمیا ئەبو جەمال لەم وتارە ئاماژە بۆ وتەی دیبلۆماتێكی ئەمریكی لە پاكستان دەكات كە دەڵێ< ئێمە نەمانویست ئەفغانستان بەرەو ئاشتی ببەین، بەڵكو كۆمونیستەكان بكوژن و لە وڵاتەكە دەریان بكەن<) (٢)

من نامەوێت لیستی دڕندایەتی و تاوانەكانی سیاسەتی ئەمریكی و"ئیسلامی سیاسی" بنووسم، زیاتر ئەو ئەرك و خەم و حەسرەتەم لەبەرچاوە، چۆن هەندێ سیاسەتمەداری كوردستان، تا دەكاتە (حككا و بەرپرسەكەی) ، بە لیاقەتێكی تایبەتەوە، لەسەر حیسابی كرێكاران و زەحمەتكێشانی گەلانی كۆلۆنیال و نیمچە كۆلۆنی ڕۆژهەڵاتی چەوساوە، لە پێشی پێشەوەشیان ئافرەتانی ئەم چینە، بۆ ڕۆژئاوا سەر دادەنوێنن، دوور لە هەر ڕاستگۆییەك، بە ملكەچییەوە بەشان و باڵیان هەڵدەڵێن، گوایە، ئەمان"شارستانی و مۆدێرنن" و پشتگیری لە كۆمەڵكوژی خەڵكی ئەفغانستان ولەو پروپاگەندە تەگریسەیان دەكەن، دەیانەوێت بە سیاسەتی دێرینەی كۆمەڵكوژی ئەمریكاوە، دڕندایەتی"ئیسلامی سیاسی" لەناو ببەن، كەچی بەرەی دژ بە جیهانگیری (بەو بەرفرەوانییەوە) بە ڕیفۆرمبست دەزانن، بە ئەرگومێنتی پۆلیس و موخابەراتی و میدیای سەرمایەدارەكان، پروپاگەندە لە دژیان بلاو دەكەنەوە!! ئەم"حزبە" لە واقیعدا، زێكتێكن، زمانحاڵی سۆسیال دیموكراتی ئۆروپان، بەشێكن لە هێزی كۆنترای دژ بە شۆڕش، بەرهەمی تێڕوانین و لۆژیكی ڕۆشبیرێكی وردە بۆرژوان، بۆیە ئەم هەڵوێستەتان وەرگرتووە. ئەوەندە خۆی لە بۆچوونەكانی نارۆشنە، نارۆشنی دەخاتە پاڵ هێزە ئەلتەرناتیڤەكان، پشتگیری لە جەنگی ئەمریكا دەكات، بەلاَم لە هەمان كاتدا، ڕەخنە لە كوشتن و بریندارکردنی تسیڤلەكان دەگرێت. . !! .

هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی ئیتالیایی (Jacopo. Fo، Franca. Rama Dario. Fo) لە بانگەوازێكیاندا لە ژێر ناوی (شانسێك بە ئاشتی بدەن!) دەنووسن: ( فرمێسكی كۆمینتاتۆری تەلەفزیونەكان شەرمەزارییە، چوونكە بە درێژایی دەیان ساڵی ڕابردوو، لەبارەی تاوانەكانی مەسیحییە ڕۆژاواییەكاندا بێدەنگ بوون. . . . دەبێ ئەو ڕۆژە سامناكە، فێری بەرپرسیارانی دەسەڵاتی پیاوی سپی بكات، كە لەم جیهانەدا، ئاسایش و ئاشتی بۆ كەس نییە، تا مافی هێزبەكارهێنان حاكم بێت. . .) (٣)

سیناریۆی جەنگی ئەفغانستان، سیناریۆی"شارستانییەكان"ە و بە تایبەتی پێنتاگۆن و خاوەن سەرمایەی مۆنۆپۆلەكانی نەوت و گاز و چەك و بانقەكان لە سێنتەری بازرگانی جیهانی. Manlio Dinucci لە مانیفێستۆكەی (نرخی ترس– بازرگانی بە نەوت) ، لە بەشی یەكەمدا وتەی مێنجمێنتی كۆنزێرنیUnocal (جۆن یو. ماریسكا) دەهێنێت: (تا لە كابول حكومەتێك نەبێت، كە شوێنی متمانە ئەمریكا و شەركەتی نەوتەكەمان نەبێ، هەرگیز ئەو لوولەیە دانامەزرێت!)

لە بەشی سێهەمدا، لە ژێر ناوی (چی لە پشت تونێلی ترسی ئەفغانستان خۆیی شاردووەتەوە) ، شرۆنۆلۆگی (زانینی كات) ڕووداوەكان بەم شێوەیە دەنووسێت:

* یولی ١٩٩٧:

www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
8-7-2003 12:17

پاش داگیرکردنی کابول-٢٥/سێپتێمبەر/١٩٩٦- حکومەتی تالیبان لەبارەی دامەزراندنی لوولەی گاز بەناو زەمینی ئەفغانستان بەرەو پاکستان، ئیمزای رێککەوتنێکی لە گەڵ پاکستان، تورکمنستان، ئوزبەکستان کرد.

* ١٩٩٧/١٠/٢٧:

حەوت شەرکەتی نەوت و حکومەتی تورکمنستان، کۆنزۆرتیومی (یەکێتییەکی کاتی لە نێوان چەند شەرکەتێك) لۆلەی گازی ئاسیای ناوەڕاست دادەمەزرێنن و دەیانەوێت لە تورکمنستانەوە تا پاکستان، بە درێژایی ١٤٦٤کیلۆمیتر لوولەی گاز دابمەزرێنن، دەشتوانن ٧٥٠کیلوکیتر بەرەو هیند رایبکێشن. شەرکەتی ئەمریکی بۆ ئەنەرژی (UNOCAL) لە لووتکەی ئەم کۆنزۆتیومە دانیشتبوو و لە گەڵیاندا شەرکەتی نەوتی سعودیەی عەرەبی (Delta Oil) ، (Crescent Group) پاکستان، (Gazprom) روسیی، ( Hyunda Engineering Construction) کۆریای خواروو، (Inpex und Itochu) یابان. نیاز بوو بەم پرۆژەیە کە ساڵانە ٢٠ملیارد کۆپیك میتر گاز پێی دەگوێزرێتەوە، لە ماوەی ٢-٣ ساڵ درووستی بکەن. لەتەك ئەم رێکەوتنەدا، شەرکەتێکی نەوتی ئەرژێنتینی (Bridas) رایگەیاند کە لە ١١/٤خەریکە لەبارەی دامەزراندنی لولەی گازێك، رێککەوتنێك لە گەڵ تالیبان دەکات.

* ١٩٩٧/١١/٢٥:

بەرپرسی شەرکەتی (Unocal) ی ئەمریکی (بۆی تۆدۆر) ، مانا ستراتیژیەکەی تونێلی ئەفغانستان، بۆ گەیشتن بە ئاسیا دیاری دەکات"ئەمە بازارێکی خێرا گەشەسندووەی نەوت و گازە لە نزمایەکانی قەوقاز". تونێلی چین زۆر درێژە و نرخێکی بەرزی هەیە (هەروا واشینتون ئارەزووی لەسەر نییە) و تونێلی ئێرانیش لە لا یەن ئەمریکاوە ناپەسەندە.

* ٥/دیسەمبەر/١٩٩٧:

شاندێکی پایەبەرزی تالیبان بۆ ئەمریکا مێوانداری دەکرێن و لە گەڵ شەرکەتی (Unocal) لە بیرۆی سەرەکیان لە (Sugarland) و لە تکساس بۆ چەند رۆژێك گفتوگۆ دەکەن. لە هەمان کاتدا، Unocal لە قەندەهار بیرۆکەی دەکاتەوە.

* یەنیوەری/١٩٩٨:

تالیبان رایگەیاند کەوا بە پەسەندی دەنن لە گەڵ شەرکەتی Unocal رێکەون لەسەر لولەی گازەکە و ئیمزا بکەن. ئەمە لە یونی روویدا، واتە پاش ئەوەی شەرکەتی Gazpromی رووسی ١٠٪ی بەشەکی لە پرۆژەکە فرۆشت، بۆیە Unocal و Delta Oilی سعودیای عەرەبی بە ٨٥٪ کۆنترۆڵی تەواویان بەسەر پرۆژەکە شکا. لەم کاتەوە ناخۆشی کەوتە نێوان سعودییە و ئەمریکا. لەبەر هەر هۆیەك بێت، واشینتون متمانەی بە رژێمی تالیبان نەما، رەنگە لەبەر گەشەسەندنی دەنگی ئەنتی ئەمریکا بێت یا لەبەر ئەوە بێت تالیبان شایەنی متمانە نەبێت لە توانای کۆنترۆڵکردنی بۆ پرۆژەکە. سعودیای عەرەبی (بە رێکەوتن لە گەڵ واشینتون) چەندین ساڵ بە پوول یارمەتی تالیبانەکانیان دا بە هۆی هەڵویستی ئەنتی سۆڤێت و ئەنتی ئێرانیان و دەیانەویست درێژە بە پشتگیرییەکەیان بدەن. حکومەتی سعودی، پاکستان و ئیماراتی عەرەبی تاقە دەوڵەتن، حکومەتی تالیبان بە رەسمی ناسی.

- ٢٠/ئۆگوست/١٩٩٨:

ئەمریکا لە دژی بنکە تیرۆریستیەکانی بن لادن، یەکەم هێرشی ئاسمانی لەسەر ئەفغانستان دەکەن.

*٢١/ئۆگوست/١٩٩٨

رۆژێك پاش هێرشە ئاسمانییەکەی ئەمریکا، Unocal رایگەیاند کەوا چالاکییەکانی بۆ ریئالیستکردنی لوولەکی گازەکە رادەگرێت و "ئەو کاتە دەستی پێدەکاتەوە، لە ئەفغانستاندا، تۆکمەیەکی پێویستە هەبێت بۆ خەرجکردن بەسەر لوولەی گاز لەلایەن پارەدەرە ئینتەرناسیونالەکان. "

٨/دیسەمبەر/١٩٩٨:

Unocal دەستکێشانی لە پرۆژەکەیش رادەگەیەنێت. فاکتومی گرنگ ئەوەیە، شەرکەتی DeltaOil سعودییەی عەرەبی، پۆزیتسیونی سەرەکی وەردەگرێت. ئێستا ئیتر وا دەردەکەوێت کە ریئالیزکردنی پرۆژەکە بلۆك کرا.

مانگی١٩٩٩/٤:

ئەفغانستان، پاكستان و توركمنستان ئاشكرای دەكەن كە ڕێككەوتوون لەسەر ئەوەی پڕۆژەكە دابمەزرێننەوە. ڕوو لە كۆنزۆرتیومەكە دەكەن كە ئێستا لەلایەن شەركەتی نەوتی DeltaOil سعودییای عەرەبی بەڕێوبەرایەتی دەكرێت بۆ درێژەپێدان بەم پڕۆژەیە. لێرەدا ئەمریكا دەبینێت نەوت و گازی قەوقاز لە ژێر دەسەلاتی دەردەچێت. . ۲۰. . ۲۰۰۱/۱۰/ .سەرچاوە (Indymedyia)

ئەمە پڕۆژەی"مۆدێرنەكانە" و پەلێك لە هاومەتەرەسەكەیانە وەك لە وتاری (هۆ ڕاستییەكانی ئەم جەنگە) یش باسم كرد (٤) ، چۆن (حككا) و هاوبیرە كوردەكانی لە ژێر ڕابەرایەتی ئەمریكا و جەنگە"متمەدنكەی"دا، تمدن بۆ ئەفغانستان دەبەن. (بڕوانە ئۆكتۆبەر، ژ ١٤)

هێزە كۆمونیستەكان، كانونی زیندانە سیاسیەكان (لە دەرەوە) (٦) و چەپەكانی ئێران ( سازمان ئەقلییەت (٧) ، سازمان اتحاد فدائیان كۆمونیست) (٨) و چەندین ڕێكخراوی تر لە بەرەی دژی جەنگی ئیمپریالیستی و حكومەتی كۆنەپەرەستی تالیبان و هاوپەیمانی باكور ڕاوەستاون. دەبێ (حككم) پرسیار لە خۆیان بكەن، بۆچی مەنسوور لە شەڕی دوو گەواددا، پشتگیری لە گەوادێكیان دەكات؟ لە شەڕی (عێراق و ئەمریكا) دا، لایەنی ڕژێمی فاشستی بەغدا و هێزە ئیسلامی و ناسیونالیسە عەرەبیەكانی گرت، ئێستا لە شەڕی (ئەفغانستان و ئەمریكا) دا پشتگیری لە جەنگی ئەمریكا دەكات. پرسیار ئەمەیە: چی لەم هەڵویستە كۆمونیستی و كرێكارییە؟ من باسی تۆحە و زنجیركوتانەكەتان ناكەم بۆ لەشكری ئازادی گەلان وپەیامبەری مەدەنییەت (پێنتاگۆن) ، بەڕای ئێوە ناكرێت لە دژی هەردوو گەوادەكە خەبات بكەن؟. . . من ئەڵێم ماست سپییە، ئەو دەڵێ، نەخێر ڕەشە! . . . .

لێرەدا سەرلەنوێ هێما بۆ هەڵویستی حزبی كۆمونیستی ئەفغانستان دەكەم: بۆ پێشەوە بەرەو ڕێكخستن و بەرپاكردنی موقاوەمەتی جەماوەری دژی ئیمپریالیزم. . . مردن بۆ ئیمپریالیزم و كۆنەپەرەستان. . . بژی شۆڕش، بژی كۆمونیزم. . . (٨)

مەنسور حیكمەت، دەنگی كۆمونیزم نییە

هەر چەند (م. ح) پێشتر پشتگیری لە جەنگی ئەمریكا دژی تالیبانی دەرخستبوو، هێشتا هەر ئەو هەستەم تێدابوو كە وام دەزانی، پەلەم كردووە. ئەمڕۆ بەشی چواری وتارەكەیم (لە دنیای دوای ١١ی سێپتێمبەر، ئۆكتۆبەر ٢٥) خوێندەوە، بۆم دەركەوت بەڕاستی كەسانی وا هەن، بەوپەڕی حەقارەتەوە، بە سەرلێشواوییەكی لەبەر چاو، بە ئاستێكی زۆر نزم و بە پێچەوانەی هەموو زانا و داهێنەرە بەناوبانگەكان، هێزە دیموكرات، ئاشتیخواز و كۆمونیستەكان، بەناوی كۆمونیزمەوە، بە ڕوونی دیفاع لە جەنگی ئەمریكا و غەرەب دەكات.

(م. ح) لەم بەشەدا دەنووسێت:. . . شەڕ ڕاگەیاندی هیچ كەسێك، تەنانەت ئەمریكا و غەرببیش، لە دژی تالیبان ناكرێ مەحكوم بكرێت. تالیبان دەبێ بڕوات و سەرئەنجام دەبێ هەر لە ڕێگای زەبروزەنگ و كردەوەی سەربازییەوە بڕوات. دوژمنایەتی غەرب لە گەڵ تالیبان، باشترە وەك لە دۆستایەتی تا ئێستایان. هیچ كەسێك بەر بە پێچانەوەی دەروردوكانی ئینسانكوژانێك ناگرێت كە غەرب خۆی هێناونی یە سەركار. بەڵام لە نێوان جەنگ و تیرۆردا جیاوازی هەیە. كردەوەكانی ئەمریكا و بریتانیا لە ئەفغانستان تیرۆریستیە، بۆمبارانی شارەكان و ناوچە سەكەنییەكانی ئەفغانستان دەبێ مەحكوم بكرێت و ڕابگیرێت. . . . دەتوانن لە ماوەی چەند هەفتەیەكدا بیپێچنەوە، بەڵام تیرۆریزمی ئاسمانی سەلامەت ترە (تكایە كەس پێنەكەنی بە ئەقڵی ئەم. . .) ، بەرچاوترە، بۆ خەڵكی ناڕازیی جیهان بە عیبرەت ترە، زلهێزانەترە. دەبێ لەبەرامبەر ئەم شێوە دژی ئینسانی یەدا ڕابووەستین. . .

– من قسەم لەسەر شەڕ ڕاگەیاندنی هیزی كۆمونیست و دیموكراتی ناو ئەفغانستان نیە، بەڵام بۆچی دیفاع لە جەنگی ئەمریكا بكرێت كە لە پێناوی دەست ڕاگرتن لەسەر سەرچاوەی نەوت و غازی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرپایدەكات؟ ئایا ئەمە لۆژیكی كۆمونیستییە یا هی ڕەوتێكی ترە لە دەرەوەی مێژووی خەباتی ئەم هێزە؟ ئەركی كۆمونیستەكان لە بەرامبەر شەڕێكی كۆنەپەرەستانەی وا كە هیچ بەرژەوەندییەكی چینی كرێكار و جووتیارە هەژارەكانی تێدا نییە، ئەوەیە، بە هەموو تواناكانمان لە دژی ئەم جەنگە، ڕابووەستین، نەك لە گەڵ ئەو ڕاگەیاندنانە بن كە بەشانازییەوە دەڵێن وەڵاتانی بەرامبەر>> بە بۆمب دەیگەڕێننەوە بۆ چاخی بەردین<<. وا بزانم یەكەم شت كە سەرەنجی خەڵك بۆ ئەدەبی ماركسی ڕابكێشێت، ئەم بانگەوازەیە: كرێكارانی جیهان یەكگرن. ئایا بۆچوونەكەی مەنسوور ئاغا چەند خزمەت بەم بانگەوازە دەكات؟ ئاخر كرێكاری داماو بۆچی بۆ بەرەی (أصحاب موشەكهای عبر القارات) ڕابكێشرێت، خێرە؟

www.kurdistannet.org
8-7-2003 12:17

– هەموو هێزە پێشکەوتوخوازەکانی جیهان، تەنانەت ڕێکخراوی ریفۆرمیست، هەندێ قشەی کلێساکان تا دوا دەنگی ئاشتیخواز لەسەر یەك حەقیقەت ڕێککەوتن: جەنگ تیرۆرە ( (ئەمە وتەیەکی ئەوەند سەخت نیە بۆ تێگەیشتن، جووتیارە هەژارێکی نەخوێندەواری گەرمیانیش هەر وای لێ تێدەکا) ) تەنها گێلەپیاوەکەی ئێران نەبێت. ئەم دەڵێ: (بەلاّم لە نێوان جەنگ و تیرۆردا جیاوازی هەیە.) جا ئەم وتەیە بە هەر مانایەك بوترێت، عەقڵێکی جەواشەکارییە و هۆشێکی سووك لە پشتیەوە ڕاوەستاوە، بۆیە حەماقەتە و هیچی تر. ئەی ناوی چی لێ بنێم؟ من هەرچییەك بڵێم هێشتا هیچ نییە لە ئاستی سمپاتی و بیانوهێنانەوە بۆ تیرۆری کوشتنی ئینسانەکان و بۆردومانکردنی ئینفراسترکتوری (دەمێکە زۆربەی هەرە زۆری وێران کراوە) ولاّتێك وەك ئەفغانستان. مەنسوور لە ناو گێژاوەیەکی سەیرو سەمەرە و لە زۆر شوێنی وتارەکەدا بە خۆی گاڵتەجاڕی بە قسەکانی خۆی دەکات. چیرۆکی مەهزەلەی مەنسوور دەگاتە ئەوپەڕی لە پەرەگرافێکی تر، هەموو کۆمونیست، چەپ و پێشکەوتوخوازەکانی ئێران تەنانەت برادەرانی کوردستانیش لە سەری دەکەم بە شایەت. لەم پەرەگرافەدا دەڵێ: ( بۆ نموونە بەڕای من ئیسلامی سیاسی لە ئێران دەڕوخێت، نەك لەبەر ئەوەی کە غەرب لەم ڕوبەڕوبونەوەیەی دواییدا خواست یان مەبەستێکی بەم جۆرە هەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە لە جەرگەو شانبەشانی ئەم کێشمەکێشە تازەیە، خەڵکی ئێران و لە پێشەوەیاندا کۆمونیزمی کرێکاری، حکومەتی ئیسلامی دەکێشنە خوارەوە. (من خەتم هێناوەتە ژێری) . یەکێك نەزانێت، دەڵێ ئەم کابرایە هیچ نەبێت پایگایەکی ئەوتۆی هەیە لە نێو کرێکاران و بە گشتی کۆمەڵگای ئێران، بەلاّم ڕاستییەکەی ئەوەیە، مەنسوور لەسنووری گرۆپێکی تاراوگە بەولاوە هیچی تر نییە، ئەمە بە درێژایی ڕێ، نموونەیەکی بەرجەستەیە بۆ ڕفتار، خیتاب، ڕەوشت، سایکلۆژی چینی بۆرژوای بچوکی سەرلێشێواو!

مەنسوور لەوەیش ناسلّمێتەوەو ماستاو بۆ جەنگاوەرەکانی ڕۆژئاوا بکات، وەك موستەشارێك ڕێنمایی غەرب دەکات. فەرموون، بزانن چی دەڵێت: ( ئەگەر چارەسەرکردنی مەسەلەی فەلەستین مەرجی لەناوبردنی زەمینەی سیاسی و فکری و کلتوری یەکانی گەشەی ئیسلامی سیاسییە لە خۆرهەلاّتی ناوەڕاست و لە ئاستی جیهانیدا، ئەوا شکستی جمهوری ئیسلامی مەرجی تێکشاندنی ئەوە وەکو بزووتنەوەیەکی خوازیاری دەسەلاّت لە خۆرهەلاّتی ناوەڕاستدا. بەبێ جمهوری ئیسلامی ئێران، ئیسلامی سیاسی لە ئاستی خۆرهەلاّتی ناوەڕاستدا دەبێتە ڕەوتێکی ئۆپۆزیتسیونی بێ ئاسۆ و بێ ئاییندە.)

لە ولاّمدا دەڵێم: أ– ئیسلامییەکان (لە دەسەلاّت یا بەبێ دەسەلاّت) هەمیشە سیاسی بوون، وتەی ئیسلامی سیاسی زۆر بێ مانایە. حکومەتی سعودی، شێخ و مشایەخە گوێرەکەکانی نیمچە دورگەی عەرەبی هەموویان، لە عیراق، میسر و ئێران و. . . هتد هەمیشە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە کاریان کردووە و دەیکەن. ب– ئەو مەرجی لە ناوبردنەی زەمینەی. . . . گەشەی ئیسلامییە تەنها یەك خاڵ دەگرێتەوە لە دەیان خاڵ. ئیسلام بۆیە هاتووەتە مەیدان، چونکە ئەوە بۆ نزیکەی ٤٠ساڵ دەچێت لە ولاّتە عەرەبییەکان، هەمان سیستێم حوکمڕانی دەکات، بزووتنەوەی دیموکراتی هەر لە چوارچێوەی شارەکان مایەوە، لەوێش تەنها لە نێو چینی مامناوەند، بزووتنەوەی شیوعی نەیتوانی بە شێوەیەکی جیدی جەماوەری چەوساوەکان بۆ خۆی ڕابکێشێت ( جگە لە سودان و لە ١٩٥٨لە عیراق، دەشزانین چییان بەسەر هات و بۆ!) ، کۆچکردنی ملیونان جووتیار بۆ ناو شارەکان و نامۆبوونیان لەم شێوە ژیانە، دەسەلاّتداران وابەستەی شەرکە و پرۆژە ئیمپریالیستەکان بوون. . . . هتد. لەم ماوەیەشدا هیچ گۆڕانکارییەك بەرەو باشکردنی ژیان و گوزەرانی زۆربەی خەڵك نەکرا، بۆیە ناچاربوون ڕوو لە خوّا بکەن ( ژیانیان تاڵ بووە و خوایش بەڵێنی بەهەشتی داوە!!) ئەم هۆیانە بوون بە هۆی بەهێزبوونی بزووتنەوەی ئیسلامی، نەك تەنها مەسەلەی فەلەستین. ت– نەك تەنها ئێران خوازیاری دەسەلاّتە، بەڵکو سعودیە، قەتەر و ئیمارات و حکومەتی تالیبانیش. حیکمەت بە ناراستەوخۆ بە ئاغاکانی دەڵێ، ئێوە چی دەکەن، ئێوە دەبێ یەکەم جار حکومەتی"ئیسلامی سیاسی" لە ئێران"لەسویچەوە بکوژێننەوە"، ئێران گرنگە نەك ئەوانی تر، ئەگەر ئێوە حکومەتی ئیسلامی لە ئێران بکوژێننەوە، بزووتنەوەی ئیسلامی لە خۆرهەلاّتی ناوەڕاست دەبێتە ڕەوتێکی ئۆپۆزیتسیونی بێ ئاسۆ و بێ ئاییندە!! ئەمەیە میتود و زمانی پرۆلیتاریا. . . خەڵکینە وەرن فێربن، بزانن ئەم"مارکسی دووهەمە" چۆن دەیەوێت هەموو مێژووی بزووتنەوەی کۆمونیستی بکات بە گاڵتەجاڕی.

بەڕاستی، ئەمڕۆ ئەرکی کۆمونیستەکان ئەوەیشە، لەسەر هەموو ئاستەکان و بە هەموو شێوەیەك ڕسوای ئەم کابرایە بکەن کە بە مەبەستێکی گومانلێکراوەوە خۆی بە مێژووی ئێمەوە هەڵواسیوە و هەوڵدەدات لەناوەوە بۆگەنی بکات!

٢٠٠١/١١/٣

www.kurdistannet.org
8-7-2003 12:17

(٣)

ولأمێکی زۆر کورت بە نووسینەکانی ڕێبوار ئەحمەد، ئۆژین قادر

لە پێشەوە دەڵێم من بە هیچ شێوەیەك دوژمنایەتی شەخسیم لە گەڵ ئەم برادەرانە نییە، نەبووە و نابێ، بەڵام ئەمانە کەیفی خۆیانە بە ڕەوشتێکی دواکەوتووانە بیردەکەنەوەو دەنووسن. من لێرەدا سەرلەنوێ بە فاکت و هەڵویستی هەموو کۆمونیستەکانی جیهان وەڵامیان دەدەمەوە.

١/ مارکس و ئەنگلز لە (ئیدۆلۆژی ئەلمانی) دا بە شێوەیەکی زۆر خەندەئامێزانە و بە جوێنی سەیر سەیر وەڵامی فیلسوف و بیرمەندە نەیارەکانیان دەدەنەوە. لە لاپەڕەی ٢٢دەنووسن: (ئەگەر بمانویستبا حەقارەتی گشت ئەم بزووتنەوە هیگلییە گەنجە بەرتەسکە پێشاندەین. . .) . . . ئەم برۆنۆ قددیسە بەخۆی ڕوونکردنەوەی سەیر دێنێتەوە، بەڵام لابەلاکەرە لەبارەی هۆکانی هەڵویستە گێلەکەی (لاپەرە٩٨) . لە لاپەڕەی ٩٩دا گاڵتەجارییەکی خۆش بە برۆنۆ بوپر دەکات. لە بەشی (د. جۆرج کوهلمانی هۆڵشتاینی) یا پێغەمبەری سۆسیالیزمی ڕاستەقینە، دەڵێ: ( بەڵام دەرکەوت ئەم کەڵەشێرە گشتی و گەورەیە، باڵندەیەکی ئاسایی خەساوە. . . حاشا گەر ئێمە کوهلمان بە پیاوێکی کەڵەکەبازی ئاسایی و فێڵبازێکی بەمەکر دابنێین. . . ئەم پزیشکە بلیمەتە، دەجالێکە بڕوای بە ڕۆحە، فێڵبازێکی موتتەقییە و لێزانێکی سۆفییە (لا پەرە٥٨٧) ، . . . دالایلامە ئیدیالیستەکان تا ڕادەیەکی دوور لە گەڵ دالایلامی حەقیقی لەم مەسەلەیە هاوبەشن: ( حەز دەکەن بڕوا بەوە بهێنن کە ئەم جیهانەی بژێویان لێ وەردەگرن، ناکرێ بەبێ گووە پیرۆزەکەیان بوونی هەبێت. . . موعجیزەکان، پردی کەرانە کە لە مەملەکەتی فکرەوە بە رەو پراکسیس دەچێت. ئەو دکتۆر کوهلمان هۆڵشتاینییە ڕێك ئەو پردەیە. . . (لاپەڕەی ٥٨٨) . هەر بۆ گاڵتەجاری ناوی ماکس شتێرنەر دەنێن ( سانشۆی قددیس) ، و لاپەڕەی ٤٤٢ دەربارەی بۆچوونەکانی لەبارەی (سامان) پێدەڵێن: ( ئەم بڕیارە هەرزانە کە سانشۆ لە دەستەفرۆشێکی جوویەکی ئەندەلوسی کە وێنەی یاسا بۆ ژیان و بازرگانی بۆ کوڕەکەی دەکێشا، فێربووە، ئێستا سانشۆ لە پاشەڵیەوە دەری دەکا. . .

مارکس لە نامەیەکدا بۆ ئەنگلز دەنووسێت: ( جۆنس بە شێوەیەکی زۆر ئەحمەقانە هەڵسوکەوت دەکات. . . ئەم فرۆسە کەرە پیرە، خۆی ئەوی وەك قارەمان بەرزکردەوە و کردی بەسەرۆکی کۆنگرە. . (لاپەرە١٠٧–١٠٨) . لە نامەیەکی ئەنگلز بۆأ. بلانك دەنووسێت: ( ئەو کەرانە وا دەزانن، جیهان بۆ ئەوەیە، ڕێگایان پێبدرێت تا قازانجێکی زۆریان دەست بکەوێت. . . –لا پەرە٤٢لە کتێبی نامەکانی مارکس و ئەنگلز) . هەروا لە نامەیەکی تری بۆ أ. بیبل دەنووسێت: ( ئەو پرەنسیپ و درووشمە لاساییانە کە هەڵگرتنیان دەبنە مایەی شوورەیی بۆ حزبەکەمان. . .) لاپەرە ٣٥٤.

هەروا هاوڕێ لینین بە ترۆتسکی دەڵێ: خائین. . . دوژمنی مارکسیزم. . . بەراز. . . فێڵباز. . . ڕەگی ئۆپۆرتۆنیزم. . . و چەندین سووکایەتی و جنێوفرۆشتنی بێ ژمارەی تر (بڕوانە ماڵپەڕی کوردستاننێت، وتاری: بۆ برای بەرێزم کاك ڕێبوارلە٩/١٦)

ئێستا لەبارەی ناوی وتارەکەی ڕێبوار (لە جەدەلی سیاسی دا جنێودان نیشانەی ئیفلاسییە) پرسیاری لێ دەکەم: ئایا ئەو جنێودان و گاڵتەجارییەی مارکس و ئەنگلز و لینین نیشانەی ئیفلاسییان بووە؟ جنێوفرۆش بوون؟ ئەمانیش لە عەشایەری کوردەوە"فێری ئەم جنێوفرۆشییە بوون"؟؟ من بیستوومە باوەڵێی مارکس بە ڕەگەز ڕۆغزایی بووە و نەنکی ئەنگلز شاتری، بەڵام هەردووکیان هەر بە گەشتەڵی لەناو کتێبخانە و کۆبوونەوەکانی پاریس، لەندەن و بەرلین. . . گەورە بوون!! وا بزانم ئێستا ڕێبوار خۆیشی بەناو و ناوەڕۆکی وتارەکەی پێدەکەنێ. بۆ ئاگاداریتان، ئەو نموونانەی هێمام بۆ کردوون، هیچ نین لە ئاستی نووسینەکانی مارکسی یەکەم، بەڕاستی شرو وری نەیارەکانیان کردووە. جا براله، نە من لە ئاستی ڕابەرانی بزووتنەوەی شیيەعیم و نە تۆ و ئایەتوڵڵا مەنسوور لە ئاستی نەیارەکانمانن. ئیتر ئەو ئاااخلاقفرۆشییە چییە ئێوە و هەندێ کەس وەك محەمەد بارزانی– ئەمیش کە بەناوی نهێنی، وەك ئێوە، بەهەمان عەقلییەت نووسیویەتی: ( زۆر لە نووسینەکانی وشەی نارێك بەکار دەهێنێ و جوێندانی تێدا دیارە کە خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئیفلاس بوونی ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتییە. هەندێ لە نووسەرەکان بەڕاستی زۆر بە نارێکی جوێن بە موقەدەساتی پیرۆزی ئیسلام دەدەن کە ئەمەش ناگونجێت لە گەڵ داب و نەریتی کوردایەتی و بیروباوەڕی ئیسلام کە کورد بەشێکی گرنگی ئیسلامن وەك نووسینەکانی سەلام عەبدوڵڵا کە جوێن بە ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان دەدات. . . –بڕوانە دیوەخانی کوردستاننێت) ، دەتانەوێت بەسەر من ساغی بکەنەوە؟ بەڕاستی و بە ئاشکرا دەڵێم، من ئەو جۆرە ئەخلاقفرۆشی بۆرژوازی، بۆرژوازی بچوك و

www.kurdistannet.org
8-7-2003 12:17

ئیسلامییه، ئەو ئەخلاقانەی ناو"ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان" ڕەتدەکەمەوە. ئەوەی ئێوە، باسی ئەخلاقفرۆشی چینی باوی دەسەلأتدارانی جیهانە، بۆیە ڕێزی ئێوەك ناوێت.

کاك ڕێبوار لەو سێ لاپەڕە و نیوەدا، ٢٤جار وشەی جنێو و (مشتەقاتها) و ٣٦جار ناوی ئەو کەسەی کە تەنها لە گەڵ بخور و بۆن و قوربانی دێت، بەکارهێناوە! من بە هەوەس ناوی مەنسوورم نەهێناوە، کە ڕەخنەیشم لە ووتار و بۆچوونەکەی گرتووە، بە بەڵگەوە گرتوومە و هێمام بۆ سەرچاوەکەی کردووە. تۆ و برادەرەکانت بەزۆر هەوڵدەدەن هەڵویستی کۆمونیستەکانی هەموو جیهان زەدە بکەن، خۆتان لە ئاستی ئەو هەموو فاکتانە کە لە ووتارەکەم بەکارهێناوە لە بارەی هەڵویستی کۆمونیستەکانی جیهان و لە پاڵیانەوە هومانیست، ئەنارشیست، ڕۆشنبیر و بیرمەندەکان، بۆ نموونە (ژاك دریدا) کە زەرەیەك سمپاتیان لە گەڵ تالیبان و بن لادن نییە، درۆ و بوختان دەکەن (بڕوانە نووسینەکەی شەماڵ عەلی لە کوردستاننێت، چۆن هەڵویستی کۆمونیستەکان بۆ ئاستی شەرقگەرایی دەهێنێت) . خاوەنی ناوی (ئۆژین قادر) زۆر نیگەران بووە لەوەی قسە بە سەرۆکە پیرۆزەکەی کراوە، ئەمیش باوەشێك لە نەزانین بلأوکردووەتەوە (بڕوانە کوردستاننێت) .

٢/ تکا لە خوێنەران دەکەم، ئەم"لۆژیکە دیالێکتیکیە"م بۆ ڕوون بکەنەوە: کە مەنسوور حیکمەت مەحکومی ئەو کارە تیرۆریستییەی ئەمریکا و غەرب و جەنگەکەیان دەکا، بۆچی دەڵێ: ( شەڕ ڕاگەیاندنی هیچ کەسێك، تەنانەت ئەمریکا و غەربیش لە دژی تالیبان ناکرێ مەحکوم بکرێ) . ئەمە چەندی بە چەندە؟ ئایا ئەمە سەرلێشێواوی نییە؟دەهۆڵ لێدان نییە بۆ ئەمریکا و غەرب؟ ئەمە چ پەیوەندییەکی هەیە بە هەڵویستی کۆمونیستەکان و بە لۆژیکەوە هەیە؟! (چەندین پەرەگرافی سەرلێشێواو و گومانلێکراوی تری تێدایە) . ئۆژین قادر بۆیە بەو شێوە"بەرزە" وەڵام دەداتەوە، چونکە ڕاستی سەلێشێواوی و ئاستنزمی بیرەوانەکەی پیشان دەدەم. فەرمون بلێن، بۆچی ئەو شیوەن، گریان، سمپاتی و باوکەڕۆیە بۆ پینتاگۆن نایەوە؟؟ ئۆژین بەبێ شەرمانە پەنا بۆ درۆ دەبات و بە من دەڵێ: ( ڕق و قینەکەی گەیشتووەتە ئاستێك کە نووسینەکانی مەنسوور یا هەر کۆمونیستێك بخوێنێتەوە، هیچ نابینێ.) ئەگەر دەربڕینێکی وا هستیریا نەبێت، ئەی چییە؟ من لە مەوقعی کۆمونیستێك، پەردە لەسەر ڕووی سیاسەتێکی ئەنتی کۆمونیست و نامرۆڤانە هەڵدەدەم کە بۆ گێرەشێوێنی و لەتوپەتکردنی بزووتنەوەکەمان ناوی شرینی کۆمونیستی لە خۆ ناوە. مەنسوور سەرشێواوە، تاوانی من چییە؟ من ئەگەر شتێکم پێ بێت، ئەوا چەکی ڕسواکردنی بەرەی دژ بە کۆمونیزم پێیە و هەنگاو بە هەنگاو، بە گوێرەی توانام، ڕسوایان دەکەم (تکایە بڕوانە ئاستی وتارەکەی من و ئاستی وتارەکەی سکرتێری ئەم حزبە و هەڵویست وەربگرە. ئەم داواکارییە دەخەمە بەردەستی هەموو ئەو حزب، گروپ و کەسانەی خزمەت بە بەرەی خەبات لە پێناوی جیهانێکی باشتر دەکەن. بێ دەنگی ئۆپۆرتۆنیستییە!) .

ئێوە کە بەو"توندییە" دژی حەسارن لەسەر عیراق، بۆچی بە هەمان "توندی" دژی جەنگ و تیرۆر لە دژی ئەفغانستان نین؟ چما فاشیستەکانی بەغدا لە تالیبانە دڕندەکان ئینساندۆستترن؟ من تەنها ئەوەنە دەڵێم: دەبێ بە بێ دوو دڵی، بە ڕوونی، بەبێ هیچ بیانوهێنانەوەیەکی زەرد و سوور لە دژی ئەم جۆرە شەڕە کۆنەپەرەستانەیە ڕاوەستن. مەنسوور ئەمەی نەکردووە، پەرەگراف، سەرچاوەی ووتارەکەیم نووسیووە و ئێوە ناتوانن نکۆڵی لێ بکەن. لە بری ئەوەی ئێوەش دان بە درووستی ڕەخنەکەی من بنێن، بە هوشیارییەوە، دووپاتی سەرلێشێواوی مەنسوور دەکەن. ئەم هەڵویستەی ئەو لە ئێستاوە پیشانی دەدا، سبەی ئەگەر جەنگ لە نێوان ئێران و ئەمریکا بەرپا بکرێت، مەنسوور لە گەڵ ئەمەی دووهەم مارش دەکات! من دەڵێم برادەران، ئەمە زێرابەکەیە و بۆنی دێ، مەڕۆن بەرەو زێرابەکە، ئۆژین دەڵێ نەخێر وا نییە و بانگەوازی مارش. . . مارش بەرەو زێراب دەکات! ئێمە بڕیارمان داوە بە هەموو نرخێك لە گەڵ مەنسوور بەرەو زێرابەکە بڕۆین. کەواتە فەرموون، پیرۆزتان بێت، ئێوە ئازادن لە بڕیارەکەتان، بەلأم منیش بۆم هەیە، بە خەڵك بلێم، ئەوەتە حککا، بە ئازادی بڕیارەکەیان بۆ مارشی جوونە ناو زێراب جێبەجێ دەکەن!

هەموو کۆمونیستەکانی دنیا، هەر لە حزبی کۆمونیستی ئەفغانستان تا دوا کەسی ئاشتیخواز و هومانیست لە دژی جەنگ و تیرۆری ئەمریکا و ناتۆن لە ئەفغانستان، بەبێ ئەوەی زەرەیەك سمپاتیان بۆ تاوانبارە دڕندەکانی تالیبان هەبێت. ئەمەیە هەڵویستی کۆمونیستەکان، نەك هەڵویستی"دەریای زانست، ئاغای مارکسی دووهەم. تەحداتان دەکەم ناوی یەك ڕێکخراوی کۆمونیستم بۆ بهێنن لە گەڵ ئەم جەنگەدا بێت.

٣/ ئەمە تاقیکردنەوەیەکی زۆر بە بایەخە بۆ خۆم و ئەوانەی حەز لە ڕاستی دەکەن لە بارەی ڕەخنە و هەڵویست وەرگرتن لە بەرامبەر هەردوو حزبی سەرەکی لە کوردستان و ئێستا ئێوەش: ڕاستییەکی بەڵگە نەویستە کە من بەبەردەوام، لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و لە پێناوی سەرخستنی ئامانجی ڕا پەڕین، ڕەخنەم لە بۆچەەن و هەڵویستی. . . هتد نادرووست وماڵوێرانکەری پارتی و یەکێتی وەك حزب و سەرکردە گرتووە و دەگرم، هەندێ جار سنووری ڕەخنەیشم شکاندووە بە هەندێ دەربڕینی زۆر بریندارکەر کە ئێستا خۆم شەرمیان لێ دەکەم ( (با لەسەر هەقیش بووبم) ) بەڵام ئێستایش هیچ کەسێکیان، نە لە ئاستی حزبی و نە لە ئاستی شەخسی، نە لە دەرەوە و نە لە کوردستان بە شێوەیەکی ناشرین وەڵامیان نەدامەوە. لە سمینارەکەی بەرلین لە بارەی ئاشتییەوە، برایەك بەناوی کاکی خۆم وتی: ( تۆ باسی ئاشتی چی دەکەی، هەر باشە نەیانکوشتووی! !

بەڵام با بنوارین، بەرپرسەکانی حککع لەبارەی ڕەخنەکانم چییان نووسیوە: ( لە سەرەتاوە ئێمە ڕێزمان لە تۆ نا، بەڵام نرخی خۆت نەزانی، ئێستا خۆت هێناوەتە ئاستێك قیز لە ناو و لە بوونت بکەینەوە.) ئەمجا ئێستا بەراوردێك بکەن لە نێوان ڕەوشت و هەڵویستی ئەو دوو حزبە بۆرژوازییە و حککع کە گوایە کۆمونیست و کرێکار و ئێنساندۆستن!

زێدەڕۆیی نییە لە منەوە ئەگەر بڵێم، ئێوە بە پێنووسی خۆتان سەڵماندتان کە ئەقڵییەتان زۆر لە چەقۆکێشێکی ئیسلامی یا خێڵەکی دەچن، لەوەی لە کەسانێك ناوی پڕ شانازی کۆمونیست لە خۆتان بنێن. ئەی چی بڵێم؟ (تەماشای وتارەکەی ئۆژین قادر کە لە کوردستاننێت بلاوکراوەتەوە بکەن، بزانن کەسێك شێرازەی بیرکردنەوەی وا بێت، شتی پێ یە!–ڕەنگە ڕێبوار بڵێ ئۆژین قادر کەسێکی ترە، بەڵام وتارەکەی پێشووی لە دژی من ١٠٠٪هەمان ستیلی هەیە. لە دواییدا، بەڕێوەبەری کوردستاننێت، بەرپرسە لە بەرامبەر بلاوکردنەوەی ناوی ڕاستی ئەو کەسە.)

٤/لە هەموو نووسینەکانم، بە بێ هیچ دووڕوویییەکەوە، لە دژی دڕندایەتی ئیسلامی و ئەمریکا هەڵویستم وەرگرتووە. کۆمونیستەکان گاڵتەیان دێ بە ئێوەی خوردە سۆسیال دیموکراتی سەر سەکرابخانەی"مۆدێرنی" ڕۆژئاوای سەرمایەداری و دەریای سەرلێشێواوی مەنسوور. ئێوە بە تەمای ئەوە نەبن، تاقە کەسێك تۆزێ ڕەوشت و هەڵویستی مرۆیانەی هەبێت، دێڕێکی گومانلێکراو وەك" شەڕ ڕاگەیاندنی. . . تەنانەت ئەمریکا و غەربیش نابێ مەحکوم بکرێت" و چەندین بۆچوونی تری وا، بنووسن.

٥/ مەنسوور ئازادە لە شەڕی دوو چەتەدا، پشتگیری لە چەتەیەکیان بکات. شییوعییەکان بە هەموو توانایان، بەبێ دوو دڵی لە دژی ئەم جۆرە جەنگی کۆنەپەرەستییە هەڵویستیان وەرگرت (ئەو پەرەگرافە نەجاتتان نادات لە پەرەگرافە گومانلێکراوەکان) . چما ٥٠٠ ساڵ لە تاوانی ئەمریکا و غەرب لە دژی مرۆڤایەتی هیچ لە مێژووی پڕ تاوانی ئیسلام باشترە؟

٦/ ئیسلام هەمیشە سیاسی بووە، بۆیە گاڵتەم دێت بە دەربڕینی ئیسلامی سیاسی، تۆ لەمەیش تێنەگەیشتووی! فەرموو ناوی سەردەمێکم بۆ بهێنە، ئیسلامییەکان، سیاسی نەبووبن یا تەقەلای دەسەلاتگردتنە دەستیان نەدابێت.

٧/ ئەوە ئێوەن وا دەزانن کۆمونیزم بە هوتاف لێدانە! بڕوانە بەیاننامەکانتان!

٨/ ئەوەی بە من کرابێت، وەك نووسین یا هەر بوارێك توانام بەسەری شکابێت، تەنها و تەنها بۆ خزمتی شییوعییەت بووە. لەم بارەیەوە پێویستیم بە ئیمزای تۆ نییە.

٩/ مامۆستاکانی من، بزووتنەوەی کۆمونیستی جیهانە (بەهەموو کەموکوڕی و شکستییەکانیانەوە) ، دەریایەك لە خوێنی سووری ملیونان کرێکار و جووتیارانی جیهان. ئەی ئێوە؟

١٠/ قەڵەمەکانتان پیرۆز بێت، ئێوە دەبێ هەر وا وەڵامی ئەو هەموو فاکتانە بدەنەوە، ئەی ئەگەر وا نەکەن، چ بکەن؟

١١/ ئێوە ئازادن لەوەی، چەند مەنسوور ئاغا بەرز هەڵدەسەنگێنن، بەڵام منیش ئازادم لەوەی بە موناففقێکی دژ بە کۆمونیزم ناوی ببەم.

١٢/ مەسەلەی". . . هۆی چییە کە تەنها (گروپ) ەکەی مەنسوور حکمەت خەو و خۆراکی لەوان حەرام کردووە؟. . . ". برا بڕوا بکە، ئەم بۆچوونە سەرلەنوێ شوێنی بەزەیی پێهاتنە، هەروا بەزەییم بە ئێوە دێت، چونکە سایتی خۆتان هەیە، کەچی هەمان بلاوکراوەکانتان بۆ چەندین سایتی تر و بە شێوەیەکی شەخسیش دەنێرن. بیر بکەنەوە و خۆتان لێکی بدەنەوە، چەند خەوتان لە خەڵك حەرام کردووە! !

www.kurdistannet.org
8-7-2003 12:17

١٣/ ئاخر نەدەبوو ئۆژین قادر نەختێك بە واقیعی شت بنووسێت؟ مەسەلەكە ڕستەڕیزكردن و بوختان و پێوەنان نییە. ئۆژین دەنووسێت: ( تۆ بە هەموو شێوەیەك حەق بە خۆت دەدەی، بەڵام حەق بەو (مەبەستی مەنسوورە) نادەی بۆچوونی خۆی بەرامبەر كێشەیەك دەربڕێ) . ئەرێ خەڵكینە، ئەو حەقە كەی بە دەستی منە؟ من چ هێزێكم هەیە تا ئەو جۆرە حەقە لە كەسێك زەوت بكەم؟ ئەمجار ئۆژین ئەم ڕستە هەزەلییە دەنووسێت: ( ئاخر ئەوە ئیسلامییە شمشێر بەدەستەكانن باوەڕیان بە ئازادی ڕادەربڕین نیە و لە بەرامبەر ڕاوبۆچوونی بەرامبەریان فتوای كوشتن دەردەكەن. . .) ئاخر ئازادی ڕادەربڕین كەی لە دەستی منە؟ من تەنها بە بەڵگەوە ڕەخنەم لە مەنسوور گرتووە، جا ڕەخنە چ پەیوەندییەكی هەیە بە دەركردنی فەتوای كوشتن؟ بە دووری نازانم، لای ئێوە ڕەخنەگرتن لە مەنسوور لە ئاستی فتوای كوشتن دادەنێن. ئەمەش حەقی خۆتانە!

١٤/ من هەرچییەك بنووسم و بكەم، بەئاشكرا ناوی خۆم دەنووسم، بەڵام بۆچی ئۆژینێكی زل و زەبەلاحی حزبێك، پەنا بۆ ناوی نهێنی دەبات؟ جا هوشیاریتان ئەوەندە بێت، بە پاشەڵی پڕ مەعریفەتی مەنسوور بیر بكەنەوە و بنووسن، ئیتر بۆچی خوشحاڵ نەبم و پێنەكەنم بە ڕەخنەی بۆندار و بەسەمەری بەڕێز ئۆژین؟

ئێستا منیش دەتوانم ئەم ووتارە بەناوێكی تر بڵاوبكەمەوە، بەڵام چ پێویستییەكم بە شتی وا هەیە؟!. . . بەهەر حاڵ دەستەكانتان خۆش، بەڵام لە كۆتاییدا دەبێ ئاماژە بۆ ئامۆژگارییەكانتان بكەم و بڵێم چەند بە بایەخ و سوودج بەخشن: جارێك پێم دەڵێن، بەدەم خەوەوە مەنووسە با نەكەویتە هەڵەوە، ئەم جارەیش پێم دەڵێن وورتر بنووە با لەنێو تونێلی هەڵەدا نەخنكێی. منیش لەبەر گرنگی ئامۆژگارییەكانتان درێژە بەم جۆرە نووسینانە دەدەم، من لە كوێ حەكیمێكم دەست دەكەوێت، پاش هەر ووتارێك بەم"دیقەت"و"زیرەكییە" ڕێگام بۆ ڕۆشن بكات؟!!

٢٠٠١/١١/١١٢

تێبینی: ووتارەكەی مەنسوور حكمەت (دنیا پاش ١١شێپتێمبەر) لە هەفتەنامەی ئۆكتۆبەر بڵاوكراوەوە و هەردوو ووتارەكەی منیش لە كوردستاننێت.

(٥)

بۆچوونی قەشەیەكی ئەمریكی و هەڵویستی كۆمونیستەكان

Robert Bowmanئێستا قەشەیەكی كاسۆلیكە لە (Melbourne Beach) لە فلۆریدا، كاتی خۆی فڕۆكەوان بووە و ١٠١جار بۆردومانی خەڵكی ڤێتنام كردووە. لەوتارێكیدا لەژێر ناوی تیرۆریزم، دەڵێ: ئەگەر ئێمە، لە بارەی پشت خانی تیرۆریزم، درێژە بە خۆ هەڵخەڵەتاندن بدەین، ئەوا ئەویش ئەوەندە هەڕەشەمان لێ دەكات، تا لە ناو دەچین. ڕاستی ئەوەیە كە هەزاران لە بۆمبە ئەتۆمێكانمان ناتوان لەم هەڕەشەیە بمانپارێزێن. هیچ سیستێمیكی جەنگی ئەستێرە، گرنگ نیە چەند لە بارەی تەكنیكی پێشكەوتو بێت، گرنگیش نییە، چەند ملیارد دۆلاریان لەسەر خەرج كراوە، ناتوانن لەو چەكی ئەتۆمییە كە بەڕێگای بەلەمێك، (Cessna) یەك یا لەناو جانتایەك یا لە ناو ئۆتۆمبیلێكی كرێ پێمان دەگات، بمانپارێزن. تاقە چەكێكی ئەو مەخزەنە زەبەلاحەی چەك هەمانە، سێنتێك (بچوكترین پارەی ئەمریكی) لەو٢٧٠ملیارد دۆلارەی كە ساڵانە بۆ ئەوەی ناوی لێنراوە بەرگری، خەرجی دەكەین، ناتوانن لە بەرامبەر بۆمبی تیرۆریستەكان بمانپارێزن. ئەمە حەقیقەتێكی سەربازییە. من وەك ئەفسەرێكی خانەنشتوو و وەك كەسێك كە زۆر جار، سیمینار لەبارەی ئاسایشی نەتەوەیی دەگێرم، زۆر جار پەرەگراف ٣٣ی ئەنجیل بە كار دەهێنم<كاتێك پاشایەك لە جەنگەكەیدا سەردەكەوێت، سوپاسی لەشكرە گەورەكەی ناكات، كاتێ جەنگاوەرێكیش بەسەلامەتی لەو جەنگە قوتار دەبێ، لەبەر ئەوە نیە بازووی بە هێزە. پاشان پرسیارێك دێتە پێشەوە: ئەی پاشان چ بكەین؟ داخۆ چارەیەك نییە، بە ڕێگایەوە ئاسایش بە هاوڵاتەكانمان بدەین؟>

بەڵێ هەیە! بەڵام بۆ ئەوەی لەمە تێبگەین، دەبێ حەقیقەت لە بارەی هەڕەشەوە تێبگەین. كاتێ سەرۆك كلینتون بۆ گەلی ئەمریكا ڕوونی كردەوە، بۆچی ئێمە ئەفغانستان و سودانمان بۆردومان كرد، ڕاستییەكەی پێ نەوتین. ئەو وتی: ( ئێمە بووین بە ئامانجی تیرۆریزم، چونكە ئێمە پشتگیری لە دیموكراتی، ئازادی و مافی مرۆڤ دەكەین. قسەی قۆڕ!

ئێمە بووین بە ئامانجی تیرۆریستەكان، چونكە حكومەتەكەمان لە زۆربەی شوێنەكانی جیهان، پشتگیری لە دیكتاتۆرییەت، كویلەكردن و چەوسانەوە دەكات. ئێمە بووین بە ئامانجی تیرۆریستەكان، چونكە ڕقیان دەبێتەوە لە ئێمە. ئەوانە ڕقیانە لە ئێمە دەبێتەوە، لەبەر

ئەوەی حکومەتەکەمان کردەوەی ڕقئامێزانە ئەنجام دەدات. لە چەندین دەوڵەت، حکومەتەکەمان، ئەو سەرکردانەی کە لەلایەن گەلەکانیانەوە هەڵبژێردران، لایبردن و لە شوێنیاندا، بەو دیکتاتۆرە سەربازیانە گۆڕینیانەوە، کە هیچی تر نەبوون، غەیری بوکەشووشەی بزۆکی دەستی کە ئامادەبوون هاولاتییەکانیان بە شەرکەتە ئەمریکاییەکان فرۆشن؟

ئێمە ئەم کارە لە ئێران ئەنجام دا، کاتێ مارێنز و موخابەراتی ئەمریکی حکومەتی موسەدەقی ڕوخاند، چونکە ویستی پیشەسازی نەوت خۆماڵی بکات. . . لە تشیلیشدا ئەم کارەمان ئەنجام دا، . . . چەندین جار لە نیکاراگوا و وڵاتەکانی تری ئەمریکای لاتین و ڤێتنام. . .

لە وڵاتێك بۆ ئەوی تر، حکومەتەکەمان، دیموکراسی ڕوخاند، ئازادی چەوسانەوە و بە هەردوو قاچی دەچووە سەر مافی مرۆڤ. بۆیە لە هەموو دنیا ڕقیان لێ دەبێتەوە، بۆیە، بووین بە ئامانجی تیرۆریستەکان. لە کەنەدا، خەڵکی چێژ لە دیموکراتی، ئازادی و مافی مرۆڤ وەردەگرن، بە هەمان شێوە لە نەرویژ و سوید. قەد گوێتان لێ بووە باڵوێزخانەیەکی کەندی، سویدی یا نەروێژی بۆردەمان کرابێت؟

نەخێر، ئەوانە ڕقیان لە ئێمە نابێتەوە لەبەر ئەوەی ئێمە دیموکراتی بەکاردەهێنین، نرخ بۆ ئازادی دەنێین یا پشتگیری لە مافی مرۆڤ دەکەین. ئەوانە ڕقیانە لە ئێمە، چونکە حکومەتی ئەمریکی ئەم شتانەی لە مرۆڤەکانی جیهانی سێ یاساغکردووە، شەرکەتە گەورەکانمان چاوچنوکی بەرووبومەکانیانە: ئەو ڕقەی ئێمە چاندمان، بۆ خۆمان گەڕا یەوە، بۆ ئەوەی خۆمان لە فۆرمی تیرۆریزم هەڕەشە بکەین— لە دوا ڕۆژدا: تیرۆریزمی ئەتۆمی!

هەر کە لەو ڕاستییانە ئاشنا بووین، بۆچی هەڕەشەمان لێ دەکرێت، چارەسەرەکە ڕوون دەبێتەوە: ئێمە دەبێ ڕووی ئاراستەمان بگۆڕین، چەکە ئەتۆمییەکانمان لەناو ببەین، ئەگەر پێویستی کرد، یەکلایەنانە لەناویان ببەین، ئەو کاتە ئاسایشمان بەرزتر دەبێت و سیاسەتی دەرەوەمان بە توندی ئەو ئاسایشە گارانت دەکات. . . . . .

لە بری ئەوەی مەشق بە تیرۆریستەکان و ملیشیا چەکدارەکان بکەین، دەبێ (School of Americas) دابخەین. لە بری ئەوەی ڕاپەڕینەکان لەناو ببەین، پشتگیری لە کوشتن و تیرۆر بکەین، (CIA) لاببەین و دراوەکەی بە ڕێکخراوەکانی کۆمەککردن بدەین.

بە کورتییەکەی، دەبێ ئێمە باشە بکەین، نەك خراپە. . . . . .

ئەمە بۆچوونی کابرایەکی ئەمریکییەو بەخۆی کاری سامناکی تیرۆریستیانەی ئەنجام داوەو پاشان درکی بەوە کردووە، چەند سەد یا هەزار کەسی تسیڤیلی ڤێتنامی کوشتووە. ئێستا بۆ ئەوەی "خوا" لە گوناهەکانی خۆشبێت، بووە بە قەشە و ڕێ بە خەڵك پیشان دەدات، چۆن ڕژێمی ئەمریکا، لە پێناوی بەرژەوەندییە ئیکۆنۆمییەکانیدا، تاوان و برسێتی بەسەر گەلان دەسەپێنێت. ئەمە زۆر درووست و بایەخدارە، بە تایبەتی بۆ هەندێ کەسی ناسیونالیست کە گوایە لە پێناوی بەرژەوەندی نەتەوایەتی ئامادەن ببن بە سەربازی ئەمریکی. هەڵبەت بۆ ئەو کەس و حزبانەش باشە کەوا دەزانن، ئەمریکا "مۆدێرنە"، دۆستی کوردە و شتێك بۆ دواڕۆژی کورد دەکات، لە وتەی ئەم قەشەیە نەختێك پەند وەرگرن و خۆیان نەکەن بە کەری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا.

ئایا ئەمە هەموو مەسەلەکەیە؟

هەرگیز نەخێر، ئێمە لە هەمان کاتیشدا قوربانی دەستی دەسەلآتی فاشیستی ڕژێمی عیراقین کە تاوانەکانی بە هیچ شێوەیەك لە ئەمریکا دەرهەق بە کرێکاران و چەوساوەکانی عیراق و بە تایبەتی کوردستان کەمتر نەبووە. بە هەمان شێوەیش، تالیبان لە ئەفغانستان، فاشیستەکانی تورکیا و دڕندەکانی ئێران. . . هتد

بۆیە ئێمە لە بەرامبەر ئەم جۆرە جەنگ و تاوانانە یەك ڕێگامان لەبەردەمدا هەیە: کرێکارانی جیهان یەکگرن. کرێکارانی جیهان و گەلانی ژێر دەستە یەککگرن!

گرنگ نییە ئەوان چ دروشمێك لەسەر ئاڵاکەیان بەرز دەکەنەوە، بەناوی خوا یا دیموکراتی، بەناوی سۆسیال دیموکرات، ئازادی یا نەتەوە، مۆدێرن و شارستانییەت یا ناسیونال سۆسیالیزم. . . . هتد، هەموویان بە هەمان مەبەست لولەی چەکەکانیان ئاراستەی ژێردەستەکانی گەلان دەکەن، بۆیە دەبێ یەك هەڵویستمان هەبێت: لە دژی پروپاگەندەی جەنگ ڕاوەستین و لە پێناوی دنیایەکی باشتر خەبات بکەین.

(٦)

ڕۆڵی نوێی تورکیا، و پرسیاری ستراتیژی!

له هەفتەی ڕابردوو، ڕژێمی تورکیا، لەپێش چاوی لەشکری ئەمریکی و (یو ئێن) دا، شاری زاخۆی بە تۆپ بۆردومان کرد. هەر لەم ماوەیەدا، عەبدولقادر جای (وەزیری دەوڵەتی تورکی بۆ کاروباری ئەو دەڵەتانەی بە زمانی تەورکی دەپەیڤن) بە شێوەیەکی سووك و ناشیرین لە دژی ئەزموونی کوردستانی فیدراڵ قسەی کرد. من پێشنیار دەکەم، کەس لە سوکایەتی شوفێنیستی کەمالیستێك دڵی نەڕەنجێت، چونکە دواکەوتوویی و گێلی وان هەموو سنورێکی پچڕاندووە، بەو بەڵگەیە کە کۆماری تورکیا، تاقە دەوڵەتی جیهانە لە مێژوو، لە کاتژمێری ٢شەو، لە کەناڵی تەلەفزیونی (TR) بەرنامە بۆ منداڵان پێشکەش دەکەن!!

بۆردومانکردن و سووکایەتییەی تورکیا، بۆچوونی مەلا بەختیار لە سمینارکەی پاڵتاك کە وتی: (ئێمە پەیوەندیمان بە ئەمریکاوە باشتر دەکەین.) و چەند دەربڕینی ترسناکی تر لە لایەن هەندێ کەسەوە، وەك" ئەمریکا، کوردستان دەپارێزێ" یا هەیە بە هەناسەیەکە ناسیونالیستی، بە بۆنی قیزەوەنی ئەنتی کۆمونیستی، دەڵێن"ئامادەم ببم بە سەربازێکی ئەمریکی. . . قەیچێکا، زۆرمان کرد بۆ عەرەب، فارس و تورك، با ئەمجارەیش بۆ ئەمریکا بیکەین، ئەوپەڕی وەك تاقیکردنەوەکانی تر، سەرناکەوین!" سەرەنجمیان بۆ ڕۆڵی ئێستای تورکیا لە جەنگی ئەفغانستان و سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەکە ڕاکێشا:

١/ کەناڵی تەلەفزیونی (ئۆرۆنیوز) پێشی دوو هەفتە هەواڵی مێوانداریکردنی چەندین ئەفسەری پایەبەرزی تورکیا بۆ واشینتون، بڵاوکردەوە. ئەمریکییەکان دەیانەوێت، لەشکری تورکی (تورکیا ئەندامی ناتۆیە. بە گوێرەی پەرەگرافی٥ی ڕێککەوتنی ناتو، هەر هێرشێك بەسەر هەر هاوپەیمانێکیان بکرێت، بە هێرش بەسەر هەموو ئەندامانی هاوپەیمان دادەنرێت) بەشداری بکات لە هێرشی زەمینی بەسەر ئەفغانستان.

٢/ ئەمریکا هەر لە ئێستاوە بڕیاریداوە، پاش ڕوخاندنی تالیبان، لەشکری یو ئێن پارێزگاری ئەفغانستان بکات. هێزی سەربازی سەرەکیێ، بدرێت بە دەستی لەشکری تورکی، ڕەنگە لەشکری مەغریب و میسریش تێدا بەشدار بن.

ئەم دوو هەواڵە، زەنگی قۆناغیکی مەترسیدارتر لە ڕۆڵی نوێی ڕژێمی تورکیا پیشاندەدات:

١/ بیرۆکەی تورکیای گەورە (لە پسپۆرەوە تا سنووری چین) لە مێشکی سەرمایەدار و جەنەڕاڵە بۆرەکانی تورکیا دەخولێتەوە"ڕزگارکردنی هەر پێنج پارچەکەی تورکیای گەورە".

٢/ تورکیا پەیوەندی باشی هەیە لە گەڵ ئازەربایجان، تورکمنستان و کازاخستان.

٣/ بە هاوکاری کۆمپانییەکانی نەوت و گازی ئەمریکییەکان، سەرمایەی تورکیاش لەو ناوچەیەدا ڕەگی خۆی داکوتاوە.

٤/ ئەو وەڵاتانە بە زمانی تورکی دەپەیڤن. پاش ١٩٨٩ پسپۆرەکانی بواری نەوت و گاز، تەکنۆکراتی تورکیا خێرا ڕوویان لەوێ کرد.

٥/ تورکیا پێویستی هەیە بە پیشاندنی تواناکانی لەسەر ئاستی ناوچەکە، بۆ ئەوەی وڵاتانی یەکێتی ئۆروپا، ئاوڕێکی جدی بدەنەوە و وەك ئەندام قبووڵی بکەن.

٦/ قەیرانی ئابووری لەلایەك و پێویستی بە پشتگیری کۆمەکی دراوەکەی هەیە.

شانبەشانی ئەم هۆیانە، ئەمریکاش، لە ڕادە بەدەر ئارەزووی هەیە، لە سنووری ڕۆژئاواوەوەش، نەك هەر بە بۆنەی گرفتی عیراق، بەڵکو بۆ ئابلۆقەدانی ئێرانیش!

ئەم هۆیانە و پەیوەندی سەربازی توندوتۆڵی تورکیا و ئەمریکا، ئەو قەناعەتە درووست دەکەن، تورکیا، بە پشتیوانی ئەمریکا ئەم هەلە بۆ لەشکرکێشی لەسەر کوردستانی فیدراڵ (بە حیسابی خۆیان وەلایەتی موسل) بقۆزێتەوە یا وەك هاوپەیمانێکی ئەمریکا، بەناوی دژایەتی تیرۆر و لابردنی سەددام، خەونی داگیرکردنی"ویلایەتی موسل" بەدی بهێنێت و هێرشەکەی بۆ سەر کوردستان بەرپا بکات.

ئەوانەی ئومیدیان بە ئەمریکاوە دەبەستن، سوورن لەسەر ئەوەی ببن بە گاڵتەجاری مێژوو، لە ئێستاوەیش، بە هەرەسێکی تر مەحکومن، دەنا دەبوایە ئەم برادەرانە وەك سیاسەتمەدار، ببینن، چۆن تورکیا تیرۆریست لەبەر چاوی ئەمریکای"شارستانییەت"، ئەو هەموو تاوانانە لە دژی خەڵکی کوردستان دەکات، کەچی فزەیشی لێ دەرنایەت، بە پێچەوانەوە، تەنها پشتگیری دەکات!. بە پێی هەموو حیساباتەکانەوە، ئەمریکا، بەو شێوەیەی ناسراوە، هەرگیز بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی خۆی (نەوت وگازی قەوقاز) ،

www.kurdistannet.org
8-7-2003 12:17

دۆستێکی گویڕایەل و ستراتیژی ملهوڕ وەك تورکیا، ناکاتە قۆچی قوربانی مەسەلەی ڕەوای گەلی کوردستان. ئەگەر ئەمریکا، بیبەوێت، دەمێ بوو، حکومەتی سەربەخۆی کوردستان وەك کرواتیا، لیتلەند، دادەمەزرا. . . . .

ئێستا کاتی ئەوەیە، زۆر بە وردی، ئەم بارودۆخە هەڵبسەنگێنین و پرسیاری چ بکەین، هەزار جار دوو بارە بکەینەوە، پێش ئەوەی درنگی بەسەردا بێت! قسەکانی چای ئەفەندی قسەی دەسەلاتدارانی تورکیایە و بە هیچ شێوەیەك شەخسی نییە. کابرا وەزیری بوارێکی زۆر زۆر گرنگە و بۆچوونەکانی بایەخی خۆی هەیە، قسەکەری بەرژەوەندییە تایبەتەکانی دەسلاَتدارە حقیقییەکانی تورکیایە: جەنەڕاڵەکان. کە ئەم کابرایە، خەباتی گەلی کوردستان بە ( تەنها جەنگە) لە قەڵەم دەدا، زەمینە بۆ جەنگێکی بەرفراوانتر خۆشدەکات.

ئەوەی ئەمڕۆ پرسیارە ئەستراتیژییەکان لە خۆی نەکات، لە نێو سێ سوچکەی: خوداکەی بوشی دووهەم (بەناوی خودا و گەلی ئەمریکی لە جەنگ سەردەکەوین) و خوداکەی ئەفغانستان (بەناوی خودا و گەلی موسلمان لە جەنگ سەردەکەوین) و سوچکەی توکیای گەورە هەڵدەواسرێت. ئەوەی ماوبەش بێت لە نێوان ئەم هێزانە یەك شتە: دەیانەوێت دوژمنەکانیان بسڕنەوە. . . .

٢٠٠١/١٠/٢٩

(٧)

وەڵامی ڕەخنەکانی کاك مامەند و شەماڵ عەلی

ئەم ڕۆژانە کاك مامەند و کاك شەماڵ دوو ڕەخنەیان لە دژی هەڵویستی من لەبارەی ١١/٩وە لە ماڵ پەڕی کوردستاننێت بلاَوکردووە.

لێرە بەکورتی وەلاَمیان دەدەمەوە:

١/ ئەوەندە یەکێتی بە (حککع) ی وت سەرشێواو، ئێستا ئەمانیش، دوو وشە لەسەر لایەنێك بنووسن، سێهەم وشەکەیان سەرشێواوە. بەراستی زۆر زەحەمەتە، لایەنێك ئەوەندە لە بەرامبەر سیاسەتی ڕۆژئاوا، هەست بە دونییەت بکات، هەڵویستی دروست بنوێنیّ.

٢/ فرمێسکی من بۆ ١٨٢هەزار ئەنفالکراوەکەی کوردستانە ( ئەوا بەڵگەیەکی تری بیری ناسیونالیستیم ئاشکرا کرد) . ئەم دڕندانە (ئێوە بە شارستانیان ناو دەبەن) دڵۆپە فرمێسکێك، بۆ جارێك ڕەش پۆشی یا دەقەیەکی پرسەباریشیان ڕانەگەیاند بۆ ئەو جینۆسایدە، داوای لێبووردن یا قەرەبووی زیانەکانیش ناکەن، بەلاَم بۆ ئەکتسیونێکی وا بچوك ( لەبەراوردکردن لە گەڵ تاوان و کوشتن و جینۆسایدەکانی خۆیان لەدژی گەلانی دنیا) ، هەر هەموویان ڕەشپۆش بوون و وا خەریکن هەموو ناوچەی ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست بەرەو نەمان دەبەن (مەسەلەکە بن لادن و تالەبانە هەمەجەکان نییە، مەسەلەکە نەوت و گاز و ڕاکێشانی لوولەکانیانە. کۆمپانییە ئەمریکییەکان تا ئێستا نزیکەی ٢٥ملیارد دۆلار تێدا خەرج کردووە و مەزنە دەکرێت کە ئەم خەرجە بگاتە ٥٠ملیارد!!. بڕوانە کتێبی:سوو ڕوژمان بوودەو، ڕاپۆرتی ژمارە ٤٠ لە ماڵپەڕی نووسەری کورد) . من بەقووڵی درکی جۆری تێڕوانینی ئۆرۆسێنتریست و ڕاسستی ئەمانە دەرهەق بە قوربانیانی گەلانی تر دەکەم، بەلاَم ئێوە چونکە گاڵتە بە شۆربا خوارنی خەڵکی بەشمەینەتی کوردستان دەکەن، چونکە زەلیلی دەستی تێفکرینی"ئۆروسێتریزمن، بۆیە بەدەست و قاچ دەکەون بەسەر پێلاَوی پرۆپاگەندەی ئەم دڕندانە. چونکە ئێوە بۆ دەزگاکانی بەکۆمەڵکوژی دژ بەشەرییەت ( پنتاکۆن و بازاڕی بازرگانی جیهانی) ، وەك سەرۆکی"شارستانییەت" و "پارێزەرانی ئازادی"فرمێسك دەڕێژن، قوڕ دەپێون، دەبێ هەموو کەس و حزب و. . . هەمان هەڵویست وەربگرێت، دەنا بە تیرۆریست، سۆسیالیزمی ڕۆژهەلاَت ناسیونالیست، لایەنگیری بن لادن. . گوێ شێواو، لووت شێواو. . . بەبالاَی ئەو لایەنە دەبڕن.

خەتای من چییە ئێوە پنتاگۆن بە"خەڵکی بێ تاوان"دادەنێن، بەو خەڵکە ئازادیخوازە بەراوردیان دەکەن کە بە دەستی نازێکان دەکوژران؟ ئێوە دەقاودەق (ڕەنگە بڵێن ئەمە ڕێککەوتە) قسەی وەزیری بەرگری ئەمریکا دەنووسنەوە:. . . بەشەرییەتی ئەمڕۆ لە چ دنیایەکی سامناك و پڕ مەترسیدا ژیان بەسەر دەبات. . . " لە (بەیاننامەکەتان هاتووە) .

٣/ ئەم برادەرانە باش دەزانن، کە من چیم لەبارەی ئیسلامییەکانەوە نووسیووە، بەلاَم لەمەش خۆیان گێل دەکەن. من ئیسلامییەکان بە ژەهر بەراورد دەکەم، کەچی ئەمانە هاتوون چەندین دێڕیان تەرخان کردووە بۆ ئەوەی بەمن بڵێن"ئیسلامییەکان لە جەزایەر و ئەفغانستان. . . ئینسان کوژیان کردووە". ئەی ئەمە نموونەیەك نییە بۆ سەرشێواویان؟ من نوسیوومە، هاتوهوریای میدیای بیری باو بۆ ئەو ئافرەتە نییە کە خەریکی پاکردنەوە بووە، بۆ کوشتنی خەڵکی بێ تاوان نییە، کەچی هەر موزایەدە دەکەن. هاواری ئەمانە بۆ

www.kurdistannet.org
8-7-2003 12:17

ئەوەیە شادەماریان بەر ئەکتسیونەکە کەوتووە. ئەم برادەرانە سواری سەری خۆیان بوون و دەیانەوێت فێری خەڵکیش بکەن کە چۆن دژی سەرمایەدارین!! بەڵام ئەم نووسینانەشیان سنووری سۆسیال دیموکراتێکی ملکەچ و چونە ئەژنۆ بۆ بەر دەرگای پنتاگۆن، کۆشکی سپی، نەتەوە یەکنەرگرتووەکان تێناپەڕێنێت!بەڵام لە کوردستان بە شانازییەوە باسی مەکتەبی عەسکەری و مەشقی سەربازیان دەکرد.

سەرشێواوی و کورت بینینی ئێوە لەوەدایە داوای ریفۆرم لە یەکێتی و پارتی دەکەن کە هێشتا نە توانا و نە قەوارە و. . . یان هەیە، کەچی بەبێ نرخ باسی هەندێ لە داخوازیە ریفۆرمخوازی ڕەخنەگرانی جیهانگیری سەرمایەداری دەکەن (بۆ نموونە بەشێك لە ڕەخنەگرانی جیهانگیری وەك رێکخراوە ناحکومییەکان) و ئامادە نین لە ئەکتسیونەکانیان بەشداری بکەن، روونکردنەوەیەك، بنووسن ( نە بۆ من، بۆ پرۆلیتاریای عیراق) !!!

بزووتنەوەی دژ بە جیهانگیری سەرمایەداری بەرەیەکی بەرفراوانە، هەر لە شوعییەکان، ئەنارشیستەکان، بزوتنەوەی ئاشتی، ئەنتی ئیمپریالیستەکان تا گروپی هاوپشتی لە گەلانی جیهانی سێ. . . هتد کە بەسەدان حزب رێکخراو و کەسایەتی بەخۆیەوە گرتووە.

جا بەراوردی ئەم دوو حاڵەتە بکەن، ئەمجار با ئەوەندەی تر سیاسەتی بزگێریانەی ئەم حزبە بۆ هەموو لایەك رۆشنتر بێتەوە.

٤/ پێش ماوەیەك قسەکەرێکی نا ڕەسمی پۆلیسی سویدی وکورد زمان، زۆر بەراشکاوی لە پۆلیس و ئیجرائاتە پۆلیسییەکانی سوید کرد پشتگیری کرد، کەچی ئێوەش لەو برادەرە زیاتر دیفاع لە هەموو دەزگای پۆلیسی سەرمایەداری دەکەن و دەنووسن". . . دەیانەوێ (مەبەستی خۆپیشاندەران) ە، بە پرۆفیکاتسیون و خۆبەلێدانان بە پۆلیس، سەرکوتکەری دیموکراسی بسەلمێنن. . . ".

ئەم برادەرانە بەم شێوەیە، لەبەر بەرزی تێگەیشتنیان لە کۆمونیزم و خەباتی جینایەتیو تێگەیشتنیان لە دیموکراسی پەرلەمێناری تێدەگەن و ئۆباڵی کوشتن، بریندارکردنی سەختی سەدان خۆپیشاندەران و سەدان رۆژنامەنووسی کامیرا لە دەست یا لەپشت کۆمپیوتەر دنیشتوو دەخاتە ئەستۆی خۆیان و دەستی خوێناوی پۆلیسی سویدی و ئیتالیایی بە پەڕۆی مۆدێرنی حککع دەشۆرنەوە!

٥/ ئێوە بەهوشیارییەوە چەواشاکاری دەکەن. من نووسیومە: کە ئەمرۆ بینیم چۆن سەردارانی جیهان، دەست بە ئەژنۆ راوەستاون و دەموچاویان وەك کلاش ناوە بە یەك، لە خۆشیانەوە نەمدەزانی چ بکەم!

کەچی ئێوە واتان نووسیوە وەك بڵێی من خۆشحاڵیم بۆ "کوشتنی هەزاران ئینسانی بێتاوان" دەرخستبێت! ئەمە تاوان نییە لەبەرامبەر من؟ ئێوە هەوڵ دەدەن هەڵویستی شەرمەزاری خۆتان بەوە تەبریر بکەن، کە سەلام بۆ کوشتنی ئینسانی بێتاوان خۆشحاڵە، ئایا ئەمە چ پەیوەندییەکی هەیە بە راستی؟

٦/ من وەك ئێوە بەیەك چاو تەماشای تیرۆر ناکەم. لە ئێستاوە سەڵاو بۆ ئەو کەسە، درندەکەی بەغدا دەتۆپێنێت. ئەگەر سەدام بۆ ئێوە مرۆڤە، من هەموو ناسنامەی مرۆڤ بوونی لێ زەوتدەکەم، چونگە بەهەموو شێوەیەك یەك راستی سەڵماندووە: درندەیەکە و بەس.

٧/ بۆ ئەوەی روونتر هەڵویستی من بزانن:

من بۆچوونەکانی (ئۆجەلان) م دەخوێندەوە و بەتوندی ڕەخنەم لێدەگرت، بەڵام کە پنتاگۆن و (سی ئای ئەی) و گورگەکانی تورکیا بەو شێوەیە دەسگیریان کرد، لە رادەبەدەر پێم ناخۆش بوو. کەرامەتم وەك کوردێك (دوور لە ویست و ئارەزوو و بۆچوونم) خرایە ژێر پێ. ئێستا کە دەبینم چۆن سەردارانی جیهان لەهەموو بوارێکەوە، هەر لە گۆرانی بێژەکانیانەوە تا ئێوەو فرۆکەوانەکەی ت٥٢، پرسەباری بۆ ٩/١١ دەکەن، بەڵام هیچ تەرەسێکی ئەم دنیایە بۆ مەرگی تسیڤیلی کوردستان و عیراق بەدەستی فاشییەت و چەکی برادەرە دیموکرات و شارستانیانیەکانی ئێوە، هیچیان بەخەیاڵ نەهات، ئەو کاتە منیش هەزار تف و نەعلەت لە ئایدلۆژی بکەرانی ئەکتسیونەکەی ٩/١١ دەکەم، سەد هەزار جار ئەفسوس بۆ قوربانیانی بێتاوان، بەڵام ئەوەندەیش خۆشحاڵم بۆ پێکاندنی دڵی ئەم سیستێمە.

٢٠٠١/٩/٢٢

(٨)

لە ئەنفالەوە بۆ ئاوایی (خێڵی حەمە) :

ئیسلام تاوانبارە!

–یەکێتی مامۆستایانی کوردستان دەنووسن : (جند الاسلام) گروپێکە بەناو ئیسلامی. . .

–یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان: (جند الاسلام) کە دژ بە ئایین. . .

–بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان:. . کە هیچ جۆرە ڕەوشتێکی ئیسلامیان بەدی ناکرێت. . .

–سەروەتاری کوردستانی نوێ:. . . و بەناهەق ناوی پیرۆزی ئیسلامیان لەخۆ ناوە. . .

(سەرچاوە ك. ن/١/١٠/٢٠٠١)

هەڵویستی ڕاستیپەرەستی، ئاسۆی ژیانی نوێمان بۆ خۆش دەکات. ئەمە فاکتەو دەبێ ببێت بە دیسپلینی سەرەتای گفت و ڕەوتارمان. قەڵەم هەلگرتن بەرپرسیارێتییە، ستەمە، هەڵگرەکەی، یەکەم جار کۆنترۆڵی خۆی بکات، مێشکی لە سنووری نۆرمە باوەکان ڕابگرێ، ئەمجار بەکاری بهێنێت. لەم هاوکێشەدا نە نووسەرو نە کۆمەڵ سوود لە نووسینی وا وەردەگرێت.

تاوانەکانی (جند الاسلام) بازنەیەکە لە بازنەی تاوانی ئیسلام. چ پێویست دەکات، وەك ئەو بۆچوونانەی لەسەرەوە هاتوون، ناسنامەی ئیسلامبوون لە جوند الاسلام، زەوت بکەین؟ ئەم جەماعەتە، پەیڕەوی ئایەتەکانی قورئان دەکەن، وەهەر ئەم کتێبە، سەرچاوەی ئیدیۆلۆژی بەکۆمەڵکوشتنە دڕندانەکەی ئاوایی (خێڵی حەمە) یەو هەزاران تاوانی تر. چاوپۆشین لەم ڕاستییە، لەلایەن ناوەندە مەدەنی و ڕۆشنبیرەکان لە تاوانەکە کەمتر نییە.

–بۆچی ئەم گروپانە گۆرانی و مۆسیقا قەدەغە دەکەن (بۆ نموونە) ؟

لەبەر ئەوەی لە سورەتی (العمران) نووسراوە: ãáÈÇØá ãÇÈÔ ___ .

بۆیە لە ئێران هیچ گروپێکی مۆسیقا لە دەرەوەی مەبەستی ئیسلام ڕێی پێ نادرێت. لە سعودیە دەزگایەکیان هەیە بەناوی (پۆلیسی الامر بالمعروف و النهى عن المنكر) .

– بۆچی ئامادەن ئەکتسیونی خۆکوشتنانە بکەن؟

– لەبەر ئەوەی لە سورتی (مانگا) نووسراوە: Çáæ ÊÍÓÈä ÇáÐíä ÞÊáæÇ Ýí ÓÈíá Çááå ÃãæÇÊÇ ¡ Èá ÃÍíÇÁ ÚäÏ ÑÈåã íÑÒÞæä. لە سورەتی العمران دووبارەی دەبێتەوە: Çáæ ÊÍÓÈä ÇáÐíä ÞÊáæÇ Ýí ÓÈíá Çááå ÃãæÇÊÇ¡ Èá ÃÍíÇÁ ÚäÏ ÑÈåã íÑÒÞæä. و لە سورەتی (ÇáÊæÈÉ ÍÑÖ ÇáãÄãäíä:ÇáÐíä ÂãäæÇ ÞÇÊáæÇ Ýí ÓÈíá Çááå æ ÇáÐíä ß

ÇáãÄãäíä ÍÑÖ ÇáÊæÈÉ ßÇÝÑæä. ) بانگەواز بۆ جەنگ (

– لە حەقیرترین سوورت (الانفال–تالأنکردن) نووسراوە: ÇÞÊáæÇ ÇáßÇÝÑíä ___ . . . . بە هەموو دڵرەقییەکەوە نووسراوە: ÇÖÑÈæÇ ÇáÐíä ßÝÑæÇ ÝæÞ ÇáÇÚäÇÞ .

– لە سوورەتی (التوبە) دا زۆر بە وەحشیانەوە نووسراوە: ÝÇÞÊáæÇ ÇáãÔÑßíä ÍíË æÌÏÊãæåã ___ . .

– لە سوورەتی (التوبە) نووسراوە: ÝÇÞÊáæÇ ÇáÐíä áÇ íÄãäæä . . .

بەپێی ئەم ئایەتانە، جند الاسلام لە پێناوی دەسەلأتی ئیسلام، جیهاد دەکەن. بۆیە بۆخۆیان بەڕەوای دەزانن – خوا لە قورئاندا فەرمانی پێکردوون–، لەژی هێزە عیلمانی و نیمچە عیلمانییەکان، سەدان وەحشیگەری و تاوان وەك (خێڵی حەمە) بەرپابکەن.

سورەتی ئەنفال بانگەوازی جەنگ و کوشتن و ئەتك کردن و تالأنکردنی هێزی بەرامبەر دەکات. تەرەسەکەی بەغدا ناوی ئۆپیراتسیونەکەی ١٩٨٨ی نا (أنفال) . بۆ؟

چونکە لەم سوورەتە نووسراوە: ÇáÐíä ßÝÑæÇ íäÝÞæä ÃãæÇáåã áíÕÏæÇ Úä ÓÈíá Çááå ÝÓíäÝÞæäåÇ Ëã Êßæä Úáíåã ÍÓÑÉ ...... ÝÇ ...

گەلێ بنکە و گوێرەکە مەلا و"زانایانی ئیسلام" وتیان: نەخێر سەددام کافرە و پەیوەندی بە ئیسلامەوە نییە. بە ئەوانەی کتێبخانە، سالۆنی ئارایشی ئافرەتان دەتەقاندەوە، دەگۆ: ئەمانە دوورن لە ئیسلام! بە ئەوانەی تیزابیان بەسەر ئافرەتانیشیان دەڕشت، دەگۆ: ئەمانە هیچ پەیوەندیان بە ئیسلامەوە نییە! بەوانەی بەدوای ئافرەتان هەیوهییان دەکرد چی؟ ئەمانیش ئیسلام نەبوون؟ ئەدی کێ ئیسلامە؟ ڕەنگە ئیسلام بۆ ئێوە تەنها ئەو کەسانە بن، کە دەسەلأتەکان ناخەنە ژێر پرسیارەوە. ئەمانیش بەشێك پێکدەهێنن لە

ئیسلام، مەترسییان کەمتر نییە لەوانی دی، بەلاّم بە شێوەیەکی تر، لەئاستی بلاّوکردنەوەی ژەهری ئیسلام، گێلکردنی خەلّك و پاراستنی نەریتە ئیسلامییە دواکەوتووە گەندەلّەکان.

نەخێر، سەددامیش وەك ئەمان و جند الاسلام، ئیسلامە، نوێژ دەکات و حەجی کردووەو بەبەردەوام سەر لە مەزاری عەلی و حوسێن دەدا. پەیڕەوی یاساکانی ئیسلام دەکا. بۆیەش ئەو هەموو مافە بەخۆی دەدا وئەم هەموو تاوانانەش دەکا. ئەم تاوانبارانە، سەرو بازنەیەك پێکدەهێنن لە بازنەکانی ڕەشی ئیسلام. بازنەکانی تر، ئەو"زانا ئیسلامییانەن (بۆ نموونە) کە ڕێگری دەکەن لە گۆڕینی برگە پڕوپووچەکانی یاساکانی سەردەمی بەعس. . . .

سوودی ئەم پاکانە کردنەی ئێوە بۆ ئیسلام چییە؟تا کەی درۆ لە گەلّ خۆتان و خەلّك دەکەن؟ پاش چەند تاوانی تر ڕاستێکان بە خەلّك ئێژن؟

پێش نزیکەی دوو سالّ، برادەرێك باسی شەهیدبوونی براکەی بۆ کردم، بەدەستی ئیسلامێکان. وتارێکم نووسی، بەلاّم تەواویم نەکرد. لەو وتارە ڕەخنە لە هەندێ هێز دەگرم کە چۆن، پاش هەر تاوانێکی چەپەلّی ئیسلامێکان، تەنها بەیاننامە لەدوای بەیاننامە دەنووسن و هیچ هەولّێکی جدی بەشێوەیەکی نهێنی یا ئاشکرا لە دژیاندا ناکەن. ئەی ئەمڕۆ چی؟ ئایا زەمینە لەبار نییە بۆ ئەوەی لە دژیاندا هێرشی بەرامبەر بکرێت؟

ئیسلام و کتابەکەی تاوانبارن (ئەو ئاینەکانی تریش) ، ئەی نەوتراوە<ئاین ئەفیونی گەلانە<

٢٠٠١/١٠/١

(٩)

بەرەو سەرپێچی تسیڤیلانە !

مام جەلال، ستۆپکردن، ڕاگرتنی پێشکەوتنە !

خۆپیشاندانی ٣٠٠هەزار کەس تەنها لە شاری سلێمانی، چگە لە خۆپیشاندانەکانی تر لە دژی تیرۆری جند الاسلام، هێمایەکی گەش بوو بۆ دژایەتیکردنی تیرۆر و سەپاندنی شێوەی ژیانی کۆنەپەرەستانە لە کوردستان. ئەم تورەییە تەنها ئاراستەی تاوانە بێوێنەکەی ئاوایی خێلّی حەمە نەبوو، بەلّکو دژی هەموو تاوانی کەلەکەبووی چەندین سالّەی ئەم باندە قیزئاوەرانە بوو. ئەگەر جەماوەری پێشکەوتوخواز بەڕاست پڕن لە ئیسلامییەکان، بەڕاست ئامادەن بۆ بەرنگاربوونیان و ئامادەییان تێدایە تا ڕادەی خۆبەختکردن، لە دژیان خەبات بکەن، ئەوا ڕێگاگرتن لەم گەشەسەندنە بەناوی" سەروەری یاسا و مافی دیموکراتی" حەماقەتێکی گەورەیە ( (با سوود لە وانەکانی ڕاپەڕینی مۆسکۆ وەربگرین، لینین٣، لا٤٨) ) و بەخزمەتی کۆنەپەرەستان دەشکێتەوەو سبەی دەبنە ڕێگەگرێکی مەترسیدار لە سەر هەموو ئەزموونی کوردستانی فیدرالّ. لە دەست دانی ئەم وەرچەرخانە مێژووییە دەبێتە هۆی مانەوەی کۆتکردنی پێشکەوتنی کۆمەلّگای کوردستان وجەماوەر باجەکەی دەدات، بۆیە دەبێ ئەم پرۆسێسە تا کۆتایی ببرێت. ئەو هێزانەی بەر مەرحەمەتی یەکێتی کەوتن، سبەی بە چەندین شێوەی جۆراوجۆر درێژە دەدەن بە فتوای کوشتن، بەهێزکردنی ڕەفتاری بێڕەوشتانەی باوکسالاری و کۆنەپەرەستانەی ئیسلامی.

پاش سەربڕینی مرۆڤ (ÉãÇÑÇßÇä ÈÍÑßíÇÊ ìáÚ) هەموو کۆمەلّگای کوردستان ڕووبەڕووی ئەم چارەسەرکردنانە بوون:

١/ تێکدانی هەموو توانا چەکداری، پرۆپاگەندەیی– تەلەفزیون، ڕادیۆ، چاپەمەنی، بیروی حزبە ئیسلامییەکان.

٢/ تەنها هێرشکردن بۆ سەر تاقمی جند الاسلام و پاکانەکردن بۆ هێزە ئیسلامییەکانی تر.

خۆپیشاندنە مەزنەکەی ١٠/١ پێشانی دا کە جەماوەر خالّی یەکەمی هەلّبژاردووە، بەلاّم مام جەلال، سەرەڕای پشتگیری تەواوی هەموو حزبەکانیش، خالّی دووهەمی هەلّبژارد و وتی: سەرکردایەتی یەکێتی ماوە نادات، تەنانەت پرشێکی تورەیی و نارەزایی کۆمەلاّنی خەلّك بەر ئەو دوو لایەنە دۆست و پیاوچاکانە بکەوێت–مەبەستی یەکگرتووی ئیسلامی، کۆمەلّەی ئیسلامی و بزووتنەوەیە. . . (کوردستانی نوێ ١٠/١) . ئەم هەلّویستە مام جەلال، ناکۆکییەکی نوێی هێنایە ناو گۆڕەپانی خەبات و بوو بە ڕێگرێك لەبەردەم گەشەپێدانی داخوازییەکانی ڕاپەڕین ١٩٩١. لە ئێستاشەوە دەبێ سەیرمان نەیەت لەوەی، سبەی بەکرێگیراوێك وەك مەلا کرێکار کە بە ئاشکرا لە

www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
8-7-2003 12:17

گفتوگۆیەکەی هاولاتی وتی> ئوسامە بن لادن نوری چاوی ئومەتی ئیسلامە<، سوود لەم مەرحەمەتە وەربگرێت و نەریتی هەزار ساڵەی مێژووی نەگریسی ئیسلام بە(ÉíĩãÇáÇ áÇÞÊÕÇÏíÉ ìáÚ áÇãáÇ ÎÏáÇ) جیٚ بە جیٚ بکات.

لەبەرامبەر ئەم دڕندانە، یەك رێگا ماوەتەوە:

لەلانی کەمەوە، جەماوەر خۆی بە ڕێگای سەرپێچی تسیڤیلانەوە، دەسپێشخەری بکات لە چەککردن و بڕو پیٚ چۆڵکردنی. . . هتد ئەم تاوانبارانە.

ماوە بلێم، کە لە دەرەوەی وەلآت، وتاری زۆربەی نووسەران، سەرەرای بیروبۆچوونی جیاواز، لە گەڵ پەرەپێدانی خەبات لە دژی هێزە ئیسلامییەکان دەنگیان دا. لە هەموو حاڵەتێکدا جەماوەر خاوەنی دوا ووشە و بڕیارە.

٢٠٠١/١٠/٣

(١٠)

سیستێمی تیرۆر

". . . گەلێك جاران لە ئاخفتنەکانی خۆمدا گووتومە، ڕاستینەی کۆمەڵگای کوردەواری ئەوەیە: یەك لە سێی نەخۆشە، یەك لە سێشی شێتە، یەك لە سێشی دەستەمۆکراوە و بیٚ ئیرادە ماوە. . . . . " ئەمە وتەی کەسایەتییەکی بەناوبانگی کوردەو پێویست بەناو هێنانی ناکات.

لە خوێندنی ئەم وتەیە، هەست دەکەم یەکێك تیرۆرم دەکات. کە ٩/١١ ئەو رووداوە لە ئەمریکا روویدا، زاراوی تیرۆر بوو بە پۆپۆلیسترین زاراوەی سەر زمانی خەڵك و میدیاکانی جیهان. لێرەدا پرسیار دەکەم: تیرۆر چییە؟ بۆچی لە رۆژەکانی تر و لەپەیوەند بە بابەتەکانی تر باس ناکرێت؟ ئەوانەی باسی کۆمەڵگا و سیستێمی مەدەنی لە ئۆروپا دەکەن، تا چ رادەیەك ڕاستبێژن؟

بۆ ئەوەی ئەقڵ و لۆژیکی ئاخفتنمان گردارتر بکەین، لەچوارچێوەی خیتابە سیاسییە سووك و بەجێماوەکان، دیل نەبین، دەبیٚ هەر پرسیار بکەین، ئەمجار سەرسەختانە عەوداڵی وەڵامەکانیان بین:

- ئایا بیٚ کارکردنی ملیونان مرۆڤ (تەنها لە ئۆروپا٢٠ملیون مرۆڤی بیٚ کار هەیە) تیرۆر نییە؟
- ئایا ناچارکردنی ملیونان مرۆڤ بە کۆچکردن، تیرۆر نییە؟
- ئایا بەرهەمهێنانی چەك و سووربوون لەسەر گەشەپێدانی، تیرۆر نییە؟
- ئایا زەوتکرد و کوشتنی ئافرەتان، پۆرنۆگرافی، تیرۆر نییە؟
- ئایا بیناکردنی ساختمانەکانی ژووری تاکەسەی، تیرۆر نییە؟
- ئایا بڕیاردانی چەند دەوڵەتێك (گ ٨) بۆ دارشتنی سیاسەتی جیهانی، تیرۆر نییە؟
- ئایا سەپاندنی هەژاری، نیشتەجیٚ بوون لەناو کەلاٌوە شرەکان، بەسەر ملیونان مرۆڤ، تیرۆر، نییە؟
- ئایا فرۆشتنی چەك بە دەوڵەتانی تر، تیرۆر نییە؟
- ئایا کۆمەڵگای مەدەنی چ پەیوەندییەکی هەیە بە بوونی ئەم جۆرە تیرۆرانەوە؟؟

و زۆر پرسیاری تر. . . روو بۆ هەر لایەك دەبەم، هەر تیرۆر. . . تیرۆر. . . و هەر تیرۆرە:

- تیرۆری کۆمەڵایەتی
- تیرۆری دەروونی
- تیرۆری ئەشکەنجە
- تیرۆری ملیتاری
- تیرۆری باوکسالاری
- تیرۆری ڕاسیستی
- تیرۆری سیاسی
- تیرۆری پرۆپاگەندەیی
- تیرۆری مۆبینگ

بەلأم، بۆچی ئەم زاراوەیە، تەنها لە پەیوەندی بە ئەكتسیونێكی ملیتاریستانە باسدەكرێت؟ چ جیاوازییەك یا هاوبەشییەك هەیە لە نێوانیان؟ كێ سوود لە زاڵكردنی یەكێكیان بەسەر ئەوانی تری دەكات؟

– حكومەتی ئەمریكی 40 000 000 000 دۆلار تەرخان دەكات بۆ بەگژداچوونی بن لادن. چێتر نیە، ئەم دراوە ئەفسانەییە، بۆ سیاسەتی ئاشتی، بۆ بواری كاركردن، درووستكردنی نەخۆشخانە. . . هتد بەكار بهێنن؟ گریمان، بن لادن و هەموو رێكخستنەكەی و ئەفغانستان لەناو بران پەدیدەی تیرۆر لە ناو دەچێت؟

لێرەوەیش پرسیارێكی تر دێتە پێشەوە:

– كێ سەرچاوەی تیرۆر و تیرۆریستییە؟

– چۆن تیرۆر لەناو ببەین؟

– ئایا تیرۆر بەمانا گشتییەكەی رەگ و ریشەو هۆی كۆمەلأیەتی، سیاسی چینایەتی تایبەتی هەیە یا نا؟

– كاری تیرۆریستی پۆزەتیڤانە هەیە، بۆ نموونە كوشتنی سەدام یا هەر خاوەن دەسەلأتێك وەك سەدام؟

– بۆچی دەسەلاتی بەعس كە لەسەر تیرۆر و پەیرەپێدانی تا ئێستا راوەستاوە، لە كاتی دامەزراندنییەوە و ٢٠ ساڵ لە دەسەلأتی سیاسی، بە حزب و دەسەلأتی تیرۆریست ناونەبرا، كەچی ئێستا وا ناودەبرێت؟

دوا پرسیار: ئایا خاوەن دەسەلأتەكان و بیری باو (هەموو مەزهەبەكان، یاسای بازاڕ، ستروكتوری دەولەت، تیئۆرەكانیان. . . هتد) سەرچاوەی تیرۆر نین؟

ئەگەر وەلأمی ئەم پرسیارە بە پۆزەتیف دەدەیتەوە، نابێ بەهیچ جۆرێك، هیچ بیانوویەكی دەسەلأتدارەكانی ئەمڕۆی جیهان قبوولْ بكەیت و بۆ ئەلتەرناتیف بگەرێی، ئەلتەرناتیڤێكی واقیعی، نەك خیتابی سیاسی دوور لە واقیع، دوور لە توانای خەلك!!

٢٠٠١/٩/١٨

(١١)

گریان بۆ بەچكە شالوور، خۆشحالی بۆ پەرۆشی سەردارانی جیهان!

(١)

ئێستایش بەباشی لەیادمە: كە مندالْ بووم، دەچووم بۆ باغەكەی مەحمود مەسعود، بەچكە بولبولم لە لانەكەیان دەردەكرد وبۆ مالەوە دەمبردو بەخۆم بەخێویانم دەكرد. كە دایكەكانیان چاویان لێ دەبوو، چۆن بەچكەكانیان دەبم، خۆیانیان بەسەر ئەرزەكە دەدا و بەهەردوو بالیان، خۆلیان بەسەر خۆیان دەكرد، بە دەنگێكی دلتەزێن جیكە جیكیان دەكرد، رێك وەك ئەو دایكانەی، مندالەكانیان لە دەست دەدەن. كە ئەو حالەتەم دەبینی، منیش لە گەلیاندا دەگریام، بەزەییم پیدەهاتن وبەچكەكانیانم بۆ لانەكەیان دەگەڕاندەوە.

(٢)

كە ئەمرۆ بینیم چۆن سەردارانی جیهان، دەست بەئەژنۆ راوەستاون ودەموچاویان وەك كلأش ناوە بەیەك، لە خۆشییانەوە نەمدەزانی چ بكەم!

(٣)

بەبێ ئەوەی هەستی پێ بكەم، چاوم رێگای گرتەبەر بەرەو:

– وێنەی قوربانییەكانی گازی كیمیاوی ئەم شارستانیانەو رەوەكە و كاروانی لەبن نەهاتووی پەنابەران و كۆچبەران دەهاتنە پێش چاوم.

بۆچی وامان لێ دەكەن؟

چما ئێمە مرۆڤ نین؟

دیپۆرتكردنی ملیونان دەستی كاری هەرزانی بورماییەكان لە رۆژهەلأی خوارووە، لەرۆژانی وێرانبوونی ئابووری دەولەتانی حەوت پلنگەكە.

مانگرتنی گشتی كرێكارەكانی ئەرژەنتین.

ئەو منداڵانەی وا بەشەو لە گەراجەکەی ئەدەنە، بنێشت و جگەرەیان دەفرۆشت.

(٤)

سەرداران بۆ داغونکردنی سەنتەری بازرگانی جیهانی و پنتاگۆن پرسەبارن

منیش بۆ هاوڕێ شەهیدەکانی شەهیدەکانی ناو زیندانە تاکەکەسێکانی تورکیا

و هاوڕێی کۆمونیست

کارلۆ جیولیانی.

(٥)

ئەگەر تۆ ئەم قسانەت بە دڵ نیە، دەتوانی بۆ پنتاگۆن و سەنتەری بازرگانی جیهانی پرسەبار بیت!

(٦)

دەبێ ژیان بەسەربردنێکی باشتر هەبێت.

ئەمەی ئەمرۆ زاڵە، زۆر بێ دادە،

جەنگ، بێکاری، چەوسانەوەو هەژاری

من بۆ ژیانێکی تر تێدەکۆشم!

٢٠٠١/٩/١٢

(١٢)

ملیونان کرێکار و جوتیار لە دژی

جەنگ و رێکخراوی بازرگانی جیهانی!

سەرەرای پروپاکەندە ژەهراوییەکانی بەرەی جەنگ و نەوکەرەکانیان، ئاڵای نارەزایەتی و بەرگری واقیعی مرۆڤایەتی هێشتا سوورە. لە سەرتاسەری جیهان ملیونان کرێکار، حزب و رێکخراوی کۆمونیست بە بانگەواز و دروشمی جۆراوجۆر لە دژی بازرگانەکانی جەنگ و کوشتن پرۆتێستیان بەرپاکرد: لە ١٨/ ١١ لە رۆما ٢٥٠هەزار کرێکاری مەعدەنسازی و نوێنەرەکانیان قوڵ لە قۆڵی کۆمونیست و چەپەکان داخوازی کرێکاری، دژی جەنگ و wot گرێدابوو و مارشیان کرد، کرێکاران ئەم سلۆنگەیانە دەوتەوە: مانگرتنی گشتی لە دژی جەنگ! . . . ئیتالیا لە جەنگ بەشدارە، ئێمە هەرگیز! . . . (Not in my name. هەمان شت لە شارەکانی تورین، نیاپل و میلانۆ) ، لە کۆلۆمبیا لە خۆپیشاندانێك دژی جەنگی ئەمریکی، قوتابی کۆلیجی پزیشکی کارلۆس جیوڤانی بلانکۆ لە لایەن پۆلیسەوە تیرۆر کرا، لە سیئۆل ١٥٠٠ جوتیار و سەندیکاییەکان لە پێشی باڵوێزخانەی ئەمریکی لە دژی رێکخراوی بازرگانی پرۆتێستیان کرد، رابەری جووتیارانی فەرەنسا (jose Bove) و٣٠ کەس لە رەخنەگرانی جیهانگیری لەناو ساڵۆنی کۆبوونەوەی بازرگانەکان لە قەتەر، هاواریان کرد: ( ئێمە دیموکراسیمان دەوێت، جیهان بۆ فرۆشتن نیە) – بۆچی لە جیهاندا سیستێمی دیموکراسی باڵا دەست نیە؟!!–، لە نیودلهی ٠٠٠ ٥، جنیڤ ٠٠٠ ١٠، پاریس ٠٠٠ ١٠، لیون ١٠٠٠، سیئۆل ٠٠٠ ٢٠، رۆتردام ١٠٠٠، لە دەیان شاری تری جیهان، خۆپیشاندان و پرۆتێستی جۆراو جۆریان رێکخست. لە بەرلین، ٥٠٠٠ مرۆڤ هاواریان کرد ( راوەستێت جەنگ، خەبات لە دژی هەژاری، نەك لە دژی هەژاران) . لەم خۆپیشاندانە، ڤۆلڤگانگ گێرکە (نوێنەریpds) لە پەرلمانی ئەلمانی وتی: (ئەوە راستییەکە، سیاسەتی ئەلمانی لەبەر ئەوەیە، لە یاری زلهێزەکاندا و لە دابەشکردنی گاز و نەوت و جیهان لە گەڵیاندا بێت) . ئەندامی پارتی کرێکارانی پاکستان فاروق سولهریا رایگەیاند، لە پاکستان بزووتنەوەی ئاشتی لە ژێر ناوی ( بزووتنەوەی ئاشتی دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکی و تالیبان) دامەزرا. پێش ماوەیەك بە بەشداری ٨٠٠٠کەس خۆپیشاندانێکیان رێکخست. هەروا وتی: ( بەڵام میدیای بۆرژوازی تەنها هەواڵی توندو تیژی ئیسلامییەکان رادەگەیەنن بۆ ئەوەی رق و قینە دژ بە گەلانی وڵاتە موسڵمانەکان بلاوبکەنەوە.) لە ئۆتاوا (کەنەدا) ٤هەزار کەس لە

www.kurdistannet.org

دژی سەندوقی دراوی جیهانی و بانقی جیهانی خۆپیشاندانیان ڕێکخست، پۆلیس سەگەکانیان بەردەدا بە گیانی خۆپیشاندەران و چەندین کەس بریندار بوون.

کورتکراوی چەند ووتارێکی یونگە ڤێلت لە ۱۱/۱۲– و ماڵپەری ئیندی میدیا لە ۱۱/۱۸)

۲۰۰۱/۱۱/۱۹

سەلام عەبدوڵڵا

پەراوێزەکان

(۱) ڕۆژنامەی یونگە ڤێلت لە۲۰۰۱/۱۰/۲۰

(۲) هەمان سەرچاوە لە ۹/۲۹

(۳) www. megrapfics. de

(٤) بڕوانە وتارەکەی مەنسوور حیکمەت لە ڕۆژنامەی ئۆکتۆبەر ژمارە ١٤

(٥) بڕوانە وتاری (هۆ ڕاستییەکانی جەنگ) لە ماڵپەری کوردستاننێت.

(٦) لە ڕاپۆرتێکیاندا هەواڵی خۆپیشاندنەکەی ستۆکهۆڵم بلاوکردووەتەوە تیدا هاتووە: ئەم خۆپیشاندانە هاوپەیمانی سیاسییە لە دەیان حزب و ڕێکخراوی کۆمونیست و چەپی ئێرانی، ئەفغانی، فەلەستینی، ئەمریکای لاتین و تورکیا، لەوانە حزبی چەپی سوئید، حزب م. ل شۆرشگێری سوئید، حزبی دادپەروەری سۆسیالیستی سوئید، ڕێکخراوی قودرەتی کارگەران، هاوپەیمانی لە دژی سەرمایەداری (ئاتاش) و کانونی زیندانیانی سیاسی (در تبعید) –واحد سوئید ( بە زمانی فارسی ) .

(۷) سازمان فدائیان کۆمونیست لە بانگەوازەکەیاندا دەنووسن: نابود بێت ئیمپریالیزمی جیهانی بە سەرکرایەتی ئەمریکا ! نابود بێت ڕژێمی تالیبان. سەرکەوتوو بێت خەباتی گەلی زەحمەتکێشی ئەفغانستان ! (بە زمانی فارسی)

(۸) بڕوانە ماڵپەریwww. hemid. com، ڕادیۆی بروسک ( بەزمانی فارسی ) .

(۹) وتارەکەی مەنسوور ئاغا، ڕەخنەی زۆرتر هەڵدەگرێت، بەلاّم بەپێویستیم نەزانی کاتێکی زۆری بۆ تەرخان بکەم.

داوای لێبوردن:

لەبەر ئەوەی لەماوەی ڕابردوو چەند ووتارێکی ڕەخنەگرانە لە دژی (مەنسوور حکمەت) م نووسی و کاتی ئێوەم بە بابەتێکی بێبایەخ بە فیڕۆ داوە، لە دڵەوە داوای لێبوردن لە خوێنەرانی کوردستانێت دەکەم، بەڵێنتان پێدەدەم جارێکی تر لەم بارەیەوە هیچ نەنووسم. هۆی نووسینی ئەو وتارانە ئەوە بوو، ئەو حزبە ناوی شرینی کۆمونیزمی لە خۆی ناوە، بەلاّم ئێستا بۆم دەرکەوت کە ئەمانە بۆ فریودانی خەڵك ئەم ناوەیان هەڵبژاردووە و کۆمۆنیست نین، بگرە شوێنی گومانیشن. منیش دەنگم دەخە پاڵ دەنگی کۆمونیستی ئێران یدالە خسروشاهی کە داوا لەم حزبە دەکات ناوی خۆیان بگۆڕن. . .

بەڕاستی حزبێك:

– لە ئۆکتۆبری ساڵی ڕابردوو، کوڕەکەی شا و مەسعود و مریەم ڕەجوی بۆ کۆنگرەکەی سێهەمیان دەعوت بکات (ئەمەیە ئەقڵییەت و ڕۆشنبیری ناسیونالیزم و شۆفێنیستی ئێرانی، تەنانەت بەلایانەوەش گرنگ نەبووە موجاهدین چەند ئیسلامین و چەند درندو تاوانبارن ! ! )

– کادرێکیان بە کۆمێنترن وەك بزووتنەوەی واقیعی سەدان ملیون کرێکاری دنیا، بلێ"تەسبیح لە دەستەکان"،

– گاڵتە بکەن بە پرۆتێستی چەندین ملیون کرێکار و کۆمونیست و چەپ و ئاشتیخواز لە دژی جەنگ و جیهانگیری (تەنها ڕۆژی جومعەی ڕابردوو لە ڕۆما ۲۵۰هەزار کرێکار، لەم خۆپیشاندانە بانگەوازی مانگرتنی گشتییان کرد لە دژی جەنگ ! )

– ئەوی تریان گاڵتە بە شۆرباخواردنی جوتیارانی کوردستان بکات، و. . .

– لە وتارەکانیاندا پەنا بۆ درۆ و کاری جەواشەکاری ببەن،

چ پەیوەندییەکی بە مێژوو و خەباتی کۆمونیستەکانی جیهانەوە هەیە؟

خوێنەرانی بەڕێز: سەرلەنوێ داوای لێبوردنتان لێ دەکەم، پەیمان بێت، وشەیەکی تر لەبارەی ئەم حزبە نەدۆڕێنم، بەڕاستی ئەمانە نە لە ئاست و نەیش شایەن ئەوەن ناویان بهێنرێت. خۆزگا بە گوێی ئەو برادەر و هاورێیانەم بکردبا کە بە ڕێگای جۆراو جۆر داوایان لێ

www.kurdistannet.org
8-7-2003 12:17
دەکردم کاتی خۆم لە گەڵ ئەمان بە فیڕۆ نەدەم. لە کۆتاییدا داوا لە (حککع) دەکەم، چیتر نووسراوەکانیانم بۆ نەنێرن. لە گەڵ ڕێزم بۆ هەمووتان.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت